باسکار
2001/6

# گۆڤارێکی وەرزیی
# باس و لێکۆڵینەوەیە

سەرنووسەر

صەباحی غالیب

نەخشەی بەرگ

عەلی مەندەلاوی


ناونیشان

**Baskar**
PO BOX 31239
London NW2 6FT
England

# دەستووری بڵاوکردنەوە لە (باسکار)دا

گۆڤاری (باسکار) بە تەواوی کامەرانییەوە ڕایدەگەیەنێ کە لاپەڕەکانی بۆ هەموو نووسەران وباسکاران بە جیاوازیی بیروڕایانەوە کراوەیە

باسکار گرنگی دەدا بە میراتی نەتەوەیی، بارودۆخی ئێستاو دوارۆژی کورد، پێوەندییەکانی کورد وکورد، کوردو میللەتانی سەردەستەو وڵاتە داگیرکەرەکان، کوردو نێودەوڵەتی. لە هەمان کاتدا مەبەستێتی پێتە بدات بەیەکێتیی کورد، ئازادیی بیروباوەڕو هۆیەکانی ڕاگەیاندن، دادی کۆمەلایەتی، گەشەکردنی ئێستاو دوارۆژ، سەربەخۆبوون لە بڕیاری سیاسیدا.

جگە لەو بنەمایانەی سەرەوە، بە پێویستی دەزانین، باسکاران ونووسەران پێڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

١. تانەو هێرش وسووکایەتی بە بیروباوەڕو میللەتان و ڕێکخستنەکان وکەسان ونووسەران قبووڵ ناکرێ.

٢. بە شێوەیەکی زانستی باس و لێکۆڵینەوەکان ئامادەبکرێن. ناوی نووسەر، نێونیشانی کتێب وسەرچاوە، شوێن وکات ودەزگای بلاوکراوەو لاپەڕە دەستنیشان بکرێن.

٣. پێوانەی بلاوکردنەوە بەپێی وزانستی باس و لێکۆڵینەوەکانە.

٤. چێتر وایە تایپکراوبن.

٥. بۆ شوێنێکی دیکە نەنێررێن بۆ بلاوکردنەوە.

* * *

باسکار
2001/6

# ئافرەت و گەشبینی



پاسکار
2001/6







لە ناو شاری دڵاندا جارِ ئەدەن کێ بێ کە هۆشیار بێ
لە هیچ لایێ جەواب نابێ، عەجەب خامۆشە شارێکە

**پیرەمێرد**

باسکار/ژمارە ٦/٢٠٠١

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەرۆك


١- میهرەجانی پیرەمێرد ........................................ لاپەڕە ٥
باسکار
٢- وتاری کردنەوەی میهرەجان ........................................ لاپەڕە ٦
صەباحی غالیب
٣- پیرەمێردو موژدەی شەفەقی دوێنێ و ئەمڕۆ ..................... لاپەڕە ٨
ئەحمەد هەردی
٤- ژیانی پیرەمێرد ........................................ لاپەڕە ١٦
محەمەد ڕەسوڵ هاوار
٥- بیری نەتەوەیی لە شیعری پیرەمێرددا ........................ لاپەڕە ٣٤
عەبدوڵڵا پەشێو
٦- داهێنانی پیرەمێرد لەبواری پەخشانی کوردیدا ................ لاپەڕە ٥٢
صەباحی غالیب
٧- پیرەمێردی نووسەرو شاعیر ........................................ لاپەڕە ٦٩
د. مارف خەزنەدار
٨- لەبارەی دەقە تورکییەکانی پیرەمێردەوە ١٩٠٨-١٩١٩ ........ لاپەڕە ٧١
د. جەبار قادر
٩- باسێکی کورتی ئافرەت لە هەڵبەستەکانی پیرەمێرددا .............. لاپەڕە ٨٩
کاکە مەم بۆتانی
١٠- سەرنج و لێبوردن ........................................ لاپەڕە ١٠٦
١١- (دووبارەکردنەوەی) ڕووناکبیرو دەسەڵات .. تێڕوانینێکی گشتی...لاپەڕە ١٠٧
صەباحی غالیب
١٢- وەڵامی نامەیەك ........................................ لاپەڕە ١١٩
شازاد سائیب
١٣- وەڵامی مامۆستا"جەمال عەبدول" ........................................ لاپەڕە ١٢١

# میهرەجانی پیرەمێرد

یادی ١٣٣ ساڵەی هاتنە دنیاو پەنجا ساڵەی کۆچی دوایی پیرەمێرد لە حوزەیرانی ئەم ساڵەدا تێپەڕی، ئەو پیرەمێردەی تا ڕۆژی بەر لە مردنی قەڵەمی بە دەستەوە بوو، لە بیست وپێنج ساڵی کۆتایی تەمەنیدا، لە گەڕانەوەیەوە، لە ئەستەمبولەوە بۆ کوردستان، یەکێک بوو کە بە نرخترین گەنجینەی عەقڵ و بیرو سۆز و ویژدان و خەیاڵی بۆ میللەتە کڵۆڵەکەی بەجێهێشت. بەڕاستی ببوە بەیداخی کوردایەتی، میراتگری گشت شاعیرانی بەرزو بیرمەندانی گەردن بڵندو سەردارانی عەقڵدارو ئازای کورد بوو، لە زەریای ئەو جوامێرانەدا بێ باکانە پەلی دەهاویشت، جگە لەوەی چاکی لە کوردو لە مێژووەکەی گەیشتبوو، بە سوێترەوە بە چەوساندنەوەو ئازاردان و داگیرکراوی نەتەوەکەیدا چووبووە خوارەوە. بۆیە دەتوانرێ بووترێ کە پیرەمێرد سەرقافڵەی جیهانی بەرهەمی واقیعی و لە هەمان کاتدا سەرداری جیهانی خەو بوو نەک واقیعی سەرنج لە دەوروبەرو خۆ دۆزینەوە. خەوی بۆ ئازادی کورد دەبینی و هیوای بۆ شەکانەوەی ئاڵای کوردستان دەخواست... لەبەرئەوە پێمان وایە: پیرەمێرد هەمیشە لەوە پتر دەهێنێ کە بۆی دەکرێ. لێرەدا پێویستە ئەوە بنووسرێ کە لە ناردنی ٣٠ نامەیەکی داوەت بۆ سیاسەتمەداران ونووسەرانی کورد لە خوارووی کوردستان جگە لە جوامێری بەتەنگەوە هاتووی دوا ڕۆژی کورد ودلسۆزی وەچەکانی ئایندەی کوردەواری مامۆستا جەمال عەبدول کەسێکی دیکە وەرامی نەدایەوە!

گۆڤاری "باسکار" لەوە زێدەتری لەدەست نەدەهات کە بۆ یادکردنەوەی ئەو کەلەمێردە لە هۆڵی بروونای زانستگای لەندەن لە ٢٠٠٠/٨/٢٠ دا "میهرەجانی پیرەمێرد" ساز بکا. ئەم ژمارەیەش تەرخانە بۆ باس ولێکۆڵینەوەکانی ئەو میهرەجانە، بە ڕاشکاوی دەکرێ بڵێین کە هەندێ شتی نوێ خراوەتە سەر خەرمانی تێگەیشتن لە پیرەمێردی نەمر.

لە ئامادەکردنی ئەم میهرەجانەدا، چەندان کەسی وەفادارو دڵسۆز بە ووشەی ڕەسەنی کوردی هاریکاریان نواندووە، لەوانە هاوهەست وبەپەرۆشان: پەروین خانمی موشیر وەزیری و کاک فەرهادی مەلاڕەسوولی گوروون کە بە دەنگە زوڵاڵ و ئاوازدارەکەیان میهرەجانەکەیان بەڕێوە برد، هونەرمەندی کارامەی کورد کاک عەلی مەندەلاوی، کاک عەتای موفتی لە ڕۆژنامەی خۆشەویستی پەیام، کاک سەعیدی شەمس وکاک سامان جاف لە بنکەی ڕاگەیاندن و ڕاوێژکاری کورد لە لەندەن. کاروبارێکی ئەوان بۆ بەڕێوەبردن و سەرکەوتنی میهرەجانەکە ئەنجامیان داوە، لە پێداهەڵدان نایەن.

باسکار

## صەباحی غالیب

## وتــــار

# کردنەوەی....
# میهرەجانی....
# پیرەمێرد...

پێدەچێ یەکێک لە سوونەتە نەگۆڕەکانی ژیانی کوردەواری ئەوەبێ کە هیچ جوامێرێکی زیندووی کورد لە هەر بوارێکدا بێ، بایەخی تایبەتی وەک دەشێ، پێنەدرێ. پیرەمێردیش لەوانە بووە کە لە دوای سەردەمەکەی خۆی زێدەتر گرنگی پێدەدرێ. ڕەنگە ئەمە دەروازە بێ بۆ ئەوەی لەسەر هەر مەردێکی بیروقەڵەم ولایەنێکی بەفەڕی کوردەواری بنووسرێ.

بەپێی جێگاوڕێگای، بەئەندازەی شارەزایی و زانستی و زانیاریی، بەگوێرەی قۆناغەکەی، **پیرەمێرد لەناوجەرگەی مەسەلەکانی نەتەوەکەیدا ژیاوە، ڕەنگە کەس هێندەی ئەو دنیادیدەو گەشتیارو خاوەن پێوەندییەکان نەبووبێ، یەکێکی دی نەدۆزرێتەوە بەقەدەر قەڵەندەر**

بەربلاوو خاوەن تاقیکردنەوەو سنگ فراوان ودلکراوەو لە دین و دنیا تێگەیشتبێ. وەک دارگوێز وداربەڕو ڕەگی داکوتابوو، لە سیروان وزەڵم وزێ وفورات ودیجلە لە لایەک بە گەمی چاوی سەرو قووڵی هەست وبینایی زانست وئەندازەی خەیاڵ ئەم پەڕو ئەو پەڕی سنووری نا سنووری دەبڕی وسنووری خۆمانی لە دڵ ولەمێشکدا بە قەڵەم دەکێشا، لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ تنۆکەکاندا بینی بە گەردی نیشتمانەکەیەوە نابوو، بستۆکەیەک لە ئاسمانی وولات نەمابوو ئەم هەناسەی تێدا هەڵنەمژیبێ و بە سەریدا لە باڵی نەدابێ. ئەوانە وایان لێکردبوو لای‌لایەی لەگەڵ دایکاندا دەکرد، قاقای لەگەڵ منداڵاندا لێدەداو دەشکوڕوزایەوە، شینی بۆ کوردی هەموو لایەک دەگێڕا، وەدوای هەر تێکۆشەرو پەڕیوەیەک دەکەوت، گوێزەبانەی بۆ ئازادی دەبەشییەوە، شەوارەی بۆ نەورۆز دەگرت، بە بەندی دڵ دەسرازەی بۆ "کۆمار" دەبەست، هەنسکی گیانی بۆ "چوار ئەستێرە" قوڵپی دەدا، چرای بە "زانستی"پێدەکرد، غەمخۆرو سەرخۆش بوو.

ئەمن پێموایە پیرەمێرد لەگەڵ کەڵە شاعیرانی وەک مەلای جزیری وخانی، مەولانا خالیدی شارەزووری، مەولەوی، نالی وسالم وکوردی، حاجی قادرو مەحوی وشێخ ڕەزا، حەمدی وشێخ نووری وگۆران و... بەبارتەقای مێژووی دوارۆژی کورد بەهرە بەخشی وپیت پڕژێنی ودەست پێوەگرتنی شاعیران ونووسەرانمان دەبن.

تێگەیشتنی پەتی لە دوندیی پیرەمێرد وبەپیرەوە هاتنی مامۆستایانی قەدرزانی هاوبەش، هاندەری ئەم میهرەجانە بوون، ماڵی هەموو لایەکیان و ئێوەش ئاوەدان بێ کە بێ ئامادەبوون ودڵ کردنەوەتان ئەم کارە بەڕێوە نەدەچوو، هاوکات لێرەوە بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ و هەستم سوپاسی هاوگیان و هاوسەرم "بێخاڵ" بکەم کە نموونەی مرۆڤ و ئافرەتی کوردە، ئەگەر هاندان وپشتگیری ئەو نەبوایە، ئەستەم بوو بتوانم بیر لە کاری ئاوا گەورە بکەمەوە.

**سلاو لە هیممەتی قەڵەندەری هەمیشە بە کوردنازیو، کە دەیویست بەیداخی کوردی بلەرێنێتەوە.**

**خۆشەویستی بۆ پیری پیران کە کانگای عیشقی کوردایەتی لە بن نەهاتوو بوو. ڕێز بۆ ئەو جوامێرەی بە گەردن ودەروون تۆقڵەوە بۆ دنیای فانیی پێچی مێزەری، بۆ هەناسەیەک لە باوەڕی بەرزی واقیع بین وبۆ شاباش، سەرو خواری نەکرد.**

سلاو لە ئێوەو سەرجەم سەربازانی وونی ڕێگای دووروودرێژی ئازادی ومرۆڤدۆستی بێ پێچ وپەنا.

**١٥ ی نیسانی ٢٠٠٠**
**لەندەن**

ئـــه حمه‌د هــــه‌ردی

# پیره‌مێرد
# و
# مۆزه‌ی شه‌فه‌قی دوێنێ وئه‌مڕۆ

( ١ )

## سه‌ره‌تا:

دوای سه‌رکوتکردنی شۆڕشه‌کانی باکووری کوردستان وپاشتریش سه‌رکه‌وتنی (ره‌زاخان) له خۆرهه‌ڵاتی کوردستان وشکستی شۆڕشه‌کانی شێخ مه‌حموودو به‌رزان له باشووری کوردستاندا، دوای ئه‌م کاره‌ساته جه‌رگبڕانه، شه‌وه‌زه‌نگێکی ترسناکێ، باڵی کێشابوو، به‌سه‌ر زۆربه‌ی کوردستاندا، که نه‌ک ته‌نیا زمانی کوردی، بگره بوونی کوردیش وه‌کێ "نه‌ته‌وه" یه‌کێ، له گێژاوی مه‌ترسیدا بوو. ئا له‌م کاته‌دا، یان شان به‌شانی ئه‌م کاره‌ساتانه **ده‌سته‌یه‌کێ**

سوارچاکی بەشان وشکۆ کە بریتی بوون لە چەند شاعیرو نووسەرێکی ڕۆشنبیر، وەک مژدەی هەلاتنی خۆریان پێبێت، لەسەر مەرزی کوردستانی باشوور، سەریان هەڵداو ئەم ومژی شەوەزەنگی نائومێدیان ڕەوانەوەو چراوگی زمانی کوردیان هەڵگیرسانەوەو مژدەی هەلاتنی خۆریان، بەنەتەوەی کورد گەیانەوە[×].

هەڵبەت لێرەدا جێی ئەوەنییە، هۆی ئەم باروودۆخە ڕەخساوە لە کوردستانی باشووردا شیبکەمەوە چونکە پێویستی بە لێدوانێکی سەربەخۆیە. ئەوی لێرەدا گرنگە ئەوەیە: ڕۆڵی پیرەمێرد، نەک هەر لە نێو شاعیرانی ئەو کاتەدا ، لە پلە یەکەمیندایە، بگرە ئەتوانم بڵێم: زیندووکردنەوەی نەورۆزیشی ـ لەناوچەی سلێمانیدا ـ ئەگەر هاوتای کردەوەی مێژوونووسانی نەتەوەی کورد نەبێت، کەمتر نییە. لەلایەکی کەشەوە ئەبێ ئەوەمان بیرنەچێ: کە(ژین) و(ژیان)ی پیرەمێرد لە سلێمانی و(زاری کرمانجی) و(ڕووناکی)ی خوالێخۆشبوو (حسەین حوزنی) لە ڕەواندز وهەولێر، وەک چوارچرای گەش وابوون، لەو شەوە زەنگەدا کە هەر چوارلای کوردستانی تەنیبوو. واتا پیرەمێرد، خاوەنی (ژین) و(ژیان) یش بوو کە لەو ڕۆژەدا، نەک هەر (یانە) یەک بوو بۆ هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد، بگرە زمانێکی زوڵاڵیش بوو بۆ هەموو (یاد)ێکی نەتەوەیی. ئالێرەوە گەلێک ناحەزی بۆ دروست بووبوو: هەر لە ناحەزانی مێژووی کوردو زمانی کوردییەوە تا دەگاتە ئەو چڵکاو خۆرانەی (حەمدی)ی شاعیر، چاکترین مۆری پێوەناوون، لەو شیعرەدا کە دەفەرموێ:

> قەومەکانی ڕوویە خۆرم، دێنە بەرچاوم ئەڵێن:
> کەر بەجۆ بمرێ شەهیدەو سەگ بەگۆشتی لاکەوە

بەڵێ، ئەم کارانەی پیرەمێرد، گەلەک دوژمنی بۆ پیرەمێرد وهاوەڵەکانی دروست کردووە کە پێم وایە، پیسترینیان ئەوانەبوون: کە زیندووکردنەوەی نەتەوەییەکانی کوردو زمانەکەی، تەنگەتاوی کرد بوون، چونکە ڕێگەی ئەوەی لێدەگرتن، زمان ومێژووی داگیرکەران، بەسەر کوردا بسەپێنن.

لەگەڵ ئەوانەشدا، پیرەمێرد ناحەزانی تایبەتی خۆشی هەبوو. کە بریتی بوون لەو شاعیرانەی پەیرەویان لە قوتابخانەی (نالی)ی دەکرد وکێشی خۆماڵیان بە شایستەی شیعری بەرز نەدەزانی ولەم سوچەوە پلاریان دەگرتە پیرەمێرد کە لە زۆربەی شیعرەکانیدا، کێشی خۆماڵی بەکاردەهێنا، وەکو (مەولەوی). جا لێرەدا دوو سەرنج شایانی باسکردنە:

**یەکەم: پیرەمێرد زۆرچاکی کردووە کە گوێی لەو پلارانە نەگرتووە. چونکە لەو قۆناخەدا کە پلەی (وریاکردنەوەی نەتەوەیی) لە ئارادابووە، پیرمێرد سوکترین ڕێگەی بەکارهێناوە بۆ ئەو مەبەستە، لەوەدا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووبووە.**

**دووەم:** لەوە بترازێ پیرەمێرد گەلەکێ شیعری عەرووزیشی هەیە کە ناودارترینیان شیعری نەورۆزەکەی سالّی (١٩٤٨)ە، کە هەتا ئێستاش، لە هەموو نەورۆزێکدا، لەسەر زمانی لاوانی کوردە:

**ئەم ڕۆژی سالّی تازەیە، نەورۆز هاتەوە**
**جەژنێکی کۆنی کوردە، بە خۆشی وبەهاتەوە...**

( ٢ )

پیرەمێرد لە دوا قۆناخی ژیانیدا کە لە ( ٢٥ ) سالّ تێپەڕناکات، خەرمانێکی پڕ لە پیت وبەرەکەتی لە شیعرو پەخشان بۆ جێ هێشتووین کە شیاوی چەند لێکۆلّینەوەی سەرومڕی چەند لایەنەیە. من لەم ماوە کورتەدا، شاگولّێکی ئەم خەرمانەم بۆ هەلّبژاردوون کە بە بۆنەی (٦) ی ئەیلوولی (١٩٣٠)ەوە دایناوە، بۆ ئەوەی کەمەکێ دەمە تەقێیەکی سیاسی لەو ڕووەوە بکەم ولەوێشەوە، ئاوڕێکی سەرپێیی لە باری ئێستای خۆمان بدەمەوە. بەلاّم بەر لەوەی شیعرەکەتان پێشکەش بکەم، پێویستە کەمێک لە بارودۆخی (٦)ی ئەیلوول شارەزابین.

لەو ڕۆژەدا کە بە ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول ناسراوە، قاوێک هەموو شاری سلەیمانی شلّەقان، کە بریتی بوو لەوەی: گۆیا (٣٠) کەسێک لە سەرای سلەیمانی کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی نوێنەرانی سلەیمانی بۆ (پەرلەمانی بەغدا) هەلّبژێرن [1]! **کە ئەمەش وا دەگەیێنێ: کورد نشینەکانی ویلایەتی موسلّ، بلکێنرێن بە بەغداوە! ! ئەم قاوەش ـ پاش ماوەیەکێ ـ بە جۆرێک تەقیەوە، سەروخواری سلەیمانی شلّەقان. من پێم وایە جگە لەو قاوەی کە باسکرا هۆی دووری ئەم تەقینەوەیە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو (گەلپرسییەی) لە سالّی (١٩٢٥)دا، وەفدێکی (عوسبە[xx]) لە کوردستان بەرپای کردبوو، چونکە لەو گەلپرسیەدا، کوردەکانی سلەیمانی وکەرکوک، دژی ئەوەبوون کە ولایەتی موسلّ، بلکێنرێ بە عیراقەوەو کوردەکانی هەولێرو موسلّیش، تۆتۆتۆمی کوردیان کردبوو بە مەرجێک بۆئەو پێوەلکاندنە[2] . کەچی بەریتانیا لە پەیمانی حوزەیرانی ١٩٣٠ دا، دانی بەسەربەخۆیی عیراقدا نا، بێ ئەوەی پەیمانەکە**

هیچ باسێکی کوردی تیابێت[٣]!! بۆیە شتێکی سەیر نیە، کە خەڵکی سلەیمانی لە خۆ پیشاندانێکی گەورەدا، هەستی خۆی دەربڕی وحکومەتی دەستکردی ئنگلیز، بەوپەڕی درندەیی‌یەوە، خەڵکی بێ چەک وبێتاوان، بداتە بەر گوللەو شەست تیر بەوەشەوە رانەوەستێ، بەڵکو دوای کوشتاروگرتنی خەڵکێکی زۆر، وەفدێک لە لایەنگرانی خۆی بنێرێ بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی پیرەمێرد وتەنی:(میر لەو کوشتارە دڵگیر نەبێ[×××])!! هەزاران رەحمەت لە گیانی پاکی پیرەمێرد کە لەو شیعرە بەرزەدا مۆرێکی وای ناوە بە نێو چەوانی (وەفد)ەکەوە، کە هەتاهەتایە ناشۆرێتەوە:

وەفدی کوردستان ! میللەت فرۆشان،
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان
چەپکێ لە گوڵەکەی باخەکەی سەرا،
کە بە خوێناوی میللەت ئاودرا
بیبەنە خزمەت عەرشی عیراقی
بڵێن: یار باقی هەم سوحبەت باقی،
پەردەو تارای سوور، بەرن بۆ ئەمیر
بڵێن: دوای کوشتار هێشتا تۆی دڵگیر؟
دەک خەجالەت بن لە رووی مەحشەردا،
ئێمە خاکی خەم، ئەکەین بەسەردا..
ئێوەش ئەو عەرشەی بە خوێن گوڵڕەنگە
سوجدەی بۆ ئەبەن، هیچ ناڵێن: نەنگە!؟
خەیاڵتان خاوە، کورد نەفەوتاوە،
بەراتی نەجات، بەخوێن نوسراوە.
من رەنگی ئاڵم بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەست ئەکەوێ..

* * *

بەم جۆرە ئەبینین: یەکەم خەڵاتی یەکەم حکومەتی عیراق بۆ نەتەوەی کورد، کوشتارەکەی ( ٦ )ی ئەیلوولی (١٩٣٠) بوو لە سلەیمانی کە چەندین قسەوقسەلۆکی بێ بناغەی دواخراوە کە هیچیان ئەوە ناهێنن سەری خۆمانی پێوە بیەشێنین، لە باتی ئەوە چاکتروایە بروسکەیەکتان پێشکەش بکەم کە (مەندووبی سامی) بەریتانی لە بەغداوە، بۆ وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانی ناردووە، لە ساڵی ١٩٣٢ دا لە کاتێکدا کە هێشتا، دیاریی کردنی سنووری عیراق، لە مشت ومڕدابووە، لە نێوان تورک و ئنگلیزدا، ئەمەش دەقی بروسکەکە:

*بروسکەی ژمارە (٥٤٣)ی رۆژی (١/١٠/١٩٢٣).*

*لە مەندوبی سامی بەریتانی‌یەوە لە بەغدا، بۆ وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانی.*

*پێم وایە مشت ومڕی سنوور، ئاسانتر ئەبێ، ئەگەر پێمان بکرێ سەرەتا (بەڵێنێک)ی رەسمی بدەین بە تورک، ئەوە بگەیەنێ: کە لای ئێمە، بارودۆخی ئەو ئۆتۆنۆمی‌یە بەسەرچوو کە بەڵێندرابوو لە پەیمانی (سیڤەر)دا بدرێ بە کورد. ئێمە ئێستا ئامانجمان ئەوەیە: بەهەموو هێزێکمانەوە، هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ویلایەتی موسڵ بخەینە ژێردەستی ئیدارەی عیراقەوە*[4]*. بەڵام لەدوای سەوداو مامەڵەیەک لەگەڵ تورکا.*

برایانی بەڕێز:

وەکو ئەبینن، ئەم بروسکەیە، دەری‌ئەخات کە بەریتانیا هەر لە ساڵی (١٩٢٣)وە، لە بیری ئەوەدابووە کە کورد نشینەکانی ویلایەتی موسڵ، ببەستێ بە حکومەتی نوێی عێراقەوە. هەرچەندە ئەم بروسکەیە نهێنی بوو، بەڵام کە لە رۆژی ( ٦ )ی ئەیلوولدا، ئەو قاوە بەرگوێی خەڵکی کەوت: کە گۆیا: دەستەیەک لە (سەرای سلەیمانی) خەریکن نوێنەری ئەو شارە بۆ (پەرلەمانی بەغدا) هەڵئەبژێرن، ئەوسا هەموو شتێکیان لێ ئاشکرابوو، کە ئەو تەقینەوەیەی بەدواوە بوو کە بە رۆژی رەشی شەشی ئەیلوول ناسراوە.

برایانی بەڕێز:

پیرەمێرد لە کۆتایی شیعرەکەیدا ئەفەرموێ:

**من ڕەنگی ئاڵم بۆیە خۆش ئەوێ**
**مژدەی شەفەقی لێ دەست دەکەوێ**

جا ئێستا کە نزیکەی (٧٠ ) ساڵ بەسەر (٦)ی ئەیلوولی (١٩٣٠) داو (٥٠) ساڵ بەسەر کۆچی دوایی (پیرەمێرد)دا تێدەپەڕێ، سەرەتای ئەو شەفەقە، لە ئاسۆی باشووری

**کوردستاندا، مزگێنی رۆژێکی رووناکی بۆ هێناوین، بەلام ئەبێ ئەورۆ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ئێمە گەلێک جار هەلی وامان بۆ هەلکەوتووەو پاشتریش لە دەستمان داوە.**

هەلبەت لێرەدا جێی ئەوە نییە، لە بارو دۆخ وهۆکاری ئەو هەموو دەرفەت وشکستانە بدوێم. بەلام هەرچۆنێ بێت، پێویستە جاروبار یادی هەندێک لەو هات ونەهاتانە بکەینەوە کە رۆلێکی زەقیان بووە لە چارە نووسی لەوە پێشماندا. بۆ نموونە: ئەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە دوێنێ (رژێمی بەغدا)، ئەوەی پێ باشتربوو، (شەتولعرەب) ببەخشێ بەشای ئێران، نەک (خودموختاری) بۆ ئێمە بسەلمێنێ. بەلام سوپاس بۆ خوا کە زۆری پێنەچوو گەلانی ئێران، یان راستتر: پیرە مەلایەکی گالۆک بەدەست، بە پشتی خواو گەلانی ئێران، شای دەرپەڕاند وپاشتریش رژێمی خستە گێژاوێکەوە، کە تا ئێستاش لێی دەرنەچووە.. بەلام وەکو خۆتان ئەیزانن، سەرانی ئەو رژێمە هێشتا وازیان نەهێناوە، بەلکو هەر لە سالی (١٩٩٧)ەوە، بگرە پێشتریش، بەتەمای ئەوەبوون: پرۆسەی نیشتەجێکردنی فەلەستینییەکان لە عێراقدا، وەکو (شەتولعەرەب)ەکەی لەمەڕ شا، بەکاربێنن. بۆ ئەو مەبەستەش، هەر لەو ساتەوە (واتا/ ١٩٧٧)ەوە، رژێم دوو بڕیاری بەناوی (سەرکردایەتی شۆڕش)ەوە، دەرکردووە: یەکەمیان بۆ *نیشتەجێکردنی هەر (عەرەبێک)و دووەم بۆ هەر (فەلەستینی)یەک، کە لەماوەی (٣) مانگدا، خانووبەرەو زەوی وزارو پەساپۆرتی عێراقییان پێ ببەخشێت* [٥]. ئەم پرۆسەیەشی هەر لەو ساکەوە، لە گەرمیان وکەرکووک دا، پیادەکردووەو کورد وتورکمانی لەوناوە دەرپەڕاندووەو بە هیوای ئەوەی (ئەمەریکا)ش، ئەم هەنگاوەی بە (حوسنی سلووک) بۆ حسێب بکات ولە پرۆسەی ئاشتی نێوان (ئیسرائیل وعەرەب)دا، جێی بکاتەوە.. ئەمە لەلایەک لەلایەکی کەشەوە، بەعەرەب کردن وبە بەعسی کردنی شارەکانی: مەندەلی وخانەقین وشێخان وشنگارو گەلێکی دی، نەخشەیەکی پیادەکراوە بۆ ئابلۆقەدان وخنکاندنی کوردستانی باشوور، ئەگەر هاتوو رۆژێک قەوارەیەکی بۆ بڕەخسێ، یان بیەوێ گەمارۆی بدات.

برایانی بەڕێز:

وەنەبێ ئەم کاروکردارانەی رژێم تەنیا لە بۆچوونی فلان وفیسارەوە هاتبێ بەلکوو ئەبێ ئەوە بزانین: کە سەرچاوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ: پرۆگرامەکەی دەستەی (عەفلەق)، کە نەک هەر کوردستانی باشوور، بەپارچەیەکی وولاتی عەرەب دەزانێ بەلکو ئەو (پرۆگرامە) **مافی ئەوەش ئەدات بەو حیزبە کە هەر کەسێک وهەر کۆمەلێک (گەلەکۆمەکێ)یەکی رەگەزپەرستانە لە عەرەب) بکات، لە (نیشتمانی عەرەب!!) دەری کات و(مال وناومال**

وزەوی وزارو سەرو سامانی داگیربکات!!) وەک لە زۆرشوێنی گەرمیان وکەرکووک و مەندەلی وخانەقین وشێخان وشنگارو شوێنی تردا، ئەوسیاسەتەیان پیادەکردووە، کە من لێردا لەوە زیاتر لەسەری ناڕۆم، بەڵکوو دێمەوە سەر ڕەوتی قسەکانی پێشووم ودەڵێم: لەدوای ئەمانە بگرە بەر لەهەموو ئەمانە، ئەبێ ئەوەمان بیر نەچێ: کە هەندێک لە برا کوردەکانی باکوور، لە بیستەکانی سەدەی پێشوودا، بەقەوانی برایەتی درۆ، هەڵخەڵەتان ولە باتی ئەوەی پشتی (شەریف پاشا) بگرن کە سوێند (خوزران) لە پەیمانی (سیڤەر)دا، بەڵێنی قەوارەیەکی یەکگرتووی کوردیان پێدابوو، کەچی ئەو برایانە پشتی(گورگە بۆر) یان گرت ویۆنانەکانیان لە (ئەزمیر) بۆ دەرپەڕان[7] و بەم جۆرە پەیمانی (سیڤەر) یان زیندە بەچاڵ کرد و(گورگە بۆر)یان زیندووکردەوەو ئەویش (واتا گورگە بۆر) کە دەسەلاتی گرتە دەست کوردە هەڵخەڵەتاوو هەڵنەخەڵەتاوەکانی پێکەوە لە سێدارەدا.

برایانی بەڕێز:

من لە یادی پیرەمێردی مەزندا، لە پێشا هاتا دەبەمە بەر هەموو ئەو بەڕێزانەی کە سەرکردایەتی حیزبەکانی کوردستانیان پێ‌سپێرراوە، پاش ئەوانیش، بگرە پێش ئەوانیش هاتا ئەبەمە بەر ئەو رۆشنبیرانەی کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کوردیان مەبەستە، ئەوەیان لێ دەخوازم کەیادی ئەو (هات ونەهاتانە) ی کورد فەرامۆش نەکەن و لەم دەرفەتەدا ـ کە هێشتا بەسەر نەچووە ـ چاو لە هەموو هەڵەو چەوتی یەکی یەکتری بپۆشن وبرینەکانی دڵیان لە عاستی یەکتری سارێژ بکەن وبروا بەهیچ لایەنێک نەکەن، بە هێزوبازووی یەکگرتووی خۆیان نەبێت، ئەگەر ئەیانەوێ ئەمجارەش، کوردی هەڵخەڵەتاوو هەڵنەخەڵەتاوو چاک وخراپ وراست وچەپ، پێکەوە نەسووتێن.

لە کۆتاییدا دەڵێم: دروودو سلاووڕێز، بۆ گیانی پاکی پیرەمێرد کە یادی پەنجا ساڵەی ئەو، دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندین، ئێمەی پەروەردە بووی سفرەو خوانی نووسینی ئەو وچەندین کەڵە شاعیرو رۆشنبیری وەک ئەو، لەم ئاوارەییەدا کۆببینەوەو کەمێک رازو نیازی دڵمان بۆ یەک دەربرین.

سلاو وڕیز بۆ هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان وشەهیدانی ڕێگای ئازادی لە هەموو دنیادا.

٢٠٠٠/٧/١٧

# سەرچاوەکان

× لێرەدا مەبەست: زیندووکردنەوەی کرمانجی نێوەراستە کە بە هەڵە، نێوی (سورانی) لێنراوە. بەڵام کرمانجی باکوور پێویستی بە باسێکی سەربەخۆیە.

( ١ )(الاکراد)ی (دریە عەونی) - چاپی یەکەم - ١٩٩٩ ل/١٣٤

×× مەبەست (عصبة الامم)ە

( ٢ ) بەرگی دووەمی: شێخ مەحموودی قارەمان – مامۆستا هاوار ل/ ٦٢٨ کە ئەویش لە (کوردستان وشۆڕشەکە) ی د. جەمال نەبەزی وەرگرتووە

( ٣ ) سەرچاوەی پێشووتر (الاکراد) هەمان لاپەڕە.

××× ئاماژەیە بۆ ئەو شیعرەی (پیرەمێرد) کە ئەفەرموێ:

**پەردەو تارای سوور بەرن بۆ ئەمیر**

**بڵێن دوای کوشتار هێشتا تۆی دلگیر؟**

مەبەست لە (ئەمیر) مەلیک غازییە کە ئەوسا (وەلی عەهد)بوو.

( ٤ ) بڕوانە (د. نوری تاڵەبانی): منطقة کرکوك ومحاولات تغییر واقعها القومی – ل ٨٩.

( ٥ ) بڕوانە جەریدەی (العراق الحر) ژمارە - ٧٤ – چاپی/ ١٩٧٧، کە ئەویش لە جەریدەکانی بەعسی بەغداوە، وەری گرتووە.

( ٦ ) لە پرۆگرامەکەدا دەڵێ: (مَن قامَ بتکتل عنصری ضد العرب..) کە ئەمەش هەر تاکە کەسێک وهەر کۆمەڵێک دەگرێتەوە کە هەڵس وکەوتیان بەدڵی ئەو حیزبە نەبێ!!

( ٧ ) بڕوانە: (وتاری – معاهدة سیفر وموتمر لندن – مامۆستا هاوار – الثقافة الکردیة – اذار/ ١٩٩٠ لاپەڕە ١٠٦

هەواڵنامەی کتێب

محەمەد رەسوڵ هاوار

# ژیانی پیرەمێرد

پیرەمێرد ناوی (توفیق) کوڕی محمود ئاغای کوڕی هەمزاغای مەسرەفە کە بە هەمزەاغای شیوەکەڵی ناسراوبوەو پیاوماقووڵ بوە لە زەمانی بابانەکانداو لە کاتی حکومرانیی بابانەکانا کاروباری وەزیری دارایی بردووە بەڕێوە بۆیە پێی ووتراوە هەمزاغای مەسرەف.

ساتێک مەحمود ئاغا لە شاری سلێمانیدا لە گەڕەکی گۆیژە کە شوێنی ماڵەکەی لە (باخی پوورە بەگی)دا بوە کوڕێکی بوە ناوی ناوە توفیق ورۆژی لە دایک بوونی بە پێی دەسخەتێکی مامی پیرەمێرد کە ناوی (حسن ئەفەندی) بوە لە پشتی قورئانێکی دەستخەتکراوە کە وتراوە(تۆفیقی کەخودا بمادار) و بەحسابی ئەبجەد ئەو دەستخەتە ساڵی ١٢٨٨ ی کۆچی دەگرێتەوە بەرامبەر بەساڵی ١٨٦٧ ی‌زایین.

لەسەردەمی منداڵیی تۆفیق دا قوتابخانەی رەسمیی حکومەت نەبوو، شوێنی خوێندن وفێربوون بریتی بوە لە مزگەوتەکان وحوجرەی ئەو مەلایانەی منداڵانیان فێری خوێندن ونوسین کردوەو لە سەرەتادا ئەو منداڵانە فێری خوێندنی قورئان وهەندێ کتێبی فارسی دەکران وپاش ئەوەهەندێ دەرسی ئاینیی پێ دەوتراو کە شارەزا دەبوون پێیان دەوترا (فەقێ) وبۆ ئەوەی ببن بەمەلا دەبوایە دەرسە ئاینیە پێویستەکانیان لای مەلایانی شارەزا تەواو

بکردایەو بەو جۆرە پیرە مێردیش لە سەرەتادا نێرراوەتە مزگەوتی همزاغای باپیری کە لە تەنیشت ماڵی خۆیانەوە بوە لە باخی پوورە بەگی ودوای ئەوە نێرراوەتە لای (مەلا حسێنە گۆجە) ولەوێوە حسن ئەفەندی مامی بردویەتیە لای (مەلاسعیدی زلزلەیی) کە مەلایەکی شارەزاو ناسراوبوە حسن ئەفەندی پێی ئەڵێت: توفیق، ئومێد ئەکەم ئەم زاتە پاکە بتکاتە شاعیرێکی وەکو خۆم، کەوا دیارە مامیشی هەر شاعربوە.

ئەو سەردەمە فەقێ تا سەر لای مەلایەکێ نە دەمایەوە، بەڵکو مزگەوتاو مزگەوت دەگەڕاو لای هەر مەلایەکی شارەزاو لێهاتوو دەرسێکی تایبەتی دەخوێند هەتا هەموو دەرسە ئاینیەکانی تەواو دەکرد ئەوسا دەبوو بە مەلا پاش ئەوەی ئیجازەی مەلایەتی لای مەلایەکی شارەزاو لێهاتوو وەردەگرت ئەوسا ئەویش بۆی هەبوو ببێت بە مەلای مزگەوتێک، بەڵام پیرەمێرد نەکەوتبوە سەر خولیای مەلایەتی بەڵکو بۆ ماوەیەک چوبوە هەڵەبجە بۆ خوێندن ولە وێوە ماوەیەک لە (بانە) بوەو کە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی ئیتر لە چەند دەزگایەکی حکومەتی عوسمانیدا کاری کردوە هەتا ئەو کاتەی شێخ مصطفی نقیب (مامی شێخ مەحمود) داوای لێکردوە واز لە کاروباری میری بهێنێت وسەرپەرشتی کاروباری ئەو بکات (وەکو سکرتێرێک). دوای ئەوە پیرەمێرد (غەزالەخان)ی مارەکردوەو رەحمە خانی کچی لێبوە.

ساتێک سوڵتان مەحمودی عوسمانی شێخ سعیدی باوکی شێخ مەحمود وخزمەکانی دەعوەت دەکات بە زیارەت بچن بۆ ئەستەمبوڵ، شێخ سعید لەو زیارەتەیدا شێخ مصطفی نقیبی برای وشێخ عومەری برای لەگەڵ خۆیدا دەبات کە لەناو ئەوانەدا توفیق (پیرەمێرد) وزێوەر ئەفەندی وچەند کەسێکی تربون کە بەپێی ئەوەی وتراوە ئەو ساڵی چوونەیان لە ساڵی ١٨٩٩ی کۆچیدا بوە بەڵام زێوەر ئەفەندی لە یاداشتەکانیا (گەنجینەی مەردان ویاداشتی رۆژانی دەربەدەری) کە ساڵی ١٩٨٥ لە لایەن مامۆستا محمدی مەلاکریمەوە چاپکراوە لە بەغداد باسی شعرێکی مەلاعوسمانی موسڵی کردوە کە ئەویش لەو رۆژانەدا لە ئەستەمبوڵ بوە لەو شعرەدا باسی چوونی شێخ سعیدی کردوەکە لە ساڵی ١٩٠١ - ١٩٠٢ بوە نەک ساڵی ١٨٩٩ بەم پێیە دەبێ ساڵی چوونی پیرەمێرد بۆ ئەستەمبوڵ لە تەمەنی ٣٨ - ٣٩ ساڵان بووبێ، بەوجۆرە پیرەمێردو خێزانەکەی و رەحمەخانی کچی بەجێ هێشتوەو لە ئەستەمبوڵەوە لەگەڵ شێخ سعید وشێخ مصطفی نقیبدا چوە بۆ حەج ولەوەوە بوە بە (حاجی توفیق)، شێخ مصطفی لە مەکە کۆچی دوایی کردوە وشێخ سعیدی برای بە شعرێکی بەرز بۆی لاواندۆتەوەو لە مەکە سەید ئەحمەدی خانەقاو شێخ عارفی سەرگەڵوو لەگەڵ (وەفایی) شاعریش لە حەج دەبن، وەفایی لە رێگای گەڕانەوەیدا کۆچی دوایی کردوە.

دوای ئەوە پیرەمێرد ئیتر لە ئەستەمبوڵ ماوەتەوەو نەگەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی ولەوێ لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری ئەدەنە ژنێکی هێناوە کە ناوی (سامیە خان) بوە، **حاجی تۆفیق دووکوڕی لێ بوە یەکەمیان (نەژاد) کە کورە گەورەی بوە کە ئەمیش دووکوڕی هەبوەو ئێستا یەکێکیان لە ئەستەمبوڵ ماوەو بەرلەوەی خانەنشین بکرێت باڵیۆزی حکومەتی تورکیا بوە لە (مدرید)، کوڕی دوهەمی حاجی توفیق ناوی (وداد) بوە کە هەردوکیان لەسەرتای ساڵی سی‌یەکانا هاتبون بۆ سلیمانی وسەریان لە باوکیان دابوو، نەژاد لە سلیمانیەوە چوبوو بۆ هندستان بۆ شارەزابوون لە زمانی سنسکریتی.**

حاجی توفیق بە هۆی (عزت پاشا) ی کاتبی تایبەتی سوڵتان لە کۆشکی سوڵتانیدا شارەزایی وناسیاوی لە ناو خەڵکدا پەیدا دەکات وپیرەمێرد شارەزاییەکی تەواوی هەبوە لە زمانی فارسی‌داو وەکو دەیان ووت ئەوو سلێمان بەگی باوکی مامۆستا گۆران کە بە کاتبی فارسی بەناوبانگ بوە، هەردوکیان شارەزای زمانی فارسی بون وئەو نامەیەی (ناصر الدین شای قاجاری) بۆ سوڵتان عەبدالحمیدی دەنێرێت، وەڵامی ئەو نامەیە لە لایەن عزت پاشاوە دەسپێررێت بە حاجی توفیق وئەوەندەی تر بەو نامەیە دەچێتە پێشەوە ودەچێتە حقوق ولەگەڵ ئەوەشدا هیچ بەڵگەیەکی خوێندنی بێ‌نابێت بەڵام ئەوەندە بلیمەت دەبێت لە تاقیکردنەوەکەیدا سەر دەکەوێت وحقوق تەواو ئەکات وپاش ئەویش دەبێت بە ئەندامی مەجلسی مبعوثات) ولەقەبی (بەگ) ێتی پێ ئەدرێ ودەبێت بە حاجی تۆفیق بەگ.

لەساڵی ١٩٠٨ دا کە تاقمی اتحاد وترقی مجلسی مبعوثات هەڵدەوەشێننەوە لەپاش اعلانی (مشروطیة ـ گۆڕین وچاککردنی یاسا)، دوای ئەوە پیرەمێرد دەست دەکات بە محاماە ونوسین لە رۆژنامە وگۆڤارەکاناو (عبداللە جودت) کە کاتبێکی کوردی ناسراوبوە کە لە دوای مشروطیة دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ وگۆڤاری (اجتهاد) دەردەکات، پیرەمێرد یەکێک بوە لە هاوکارەکانی لە نوسیندا.

**پیرەمێرد پێوەندیەکی بەهێزی هەبوە لە گەڵ رۆشنبیران ونیشتمان پەروەرانی کوردی ئەو رۆژانە لە ئەستەمبوڵ ومافی دەرهێنانی (رەمملی کتابە)ی وەرگرتوەو لەگەڵ شێخ عبدالقادری شمزینی و بنەماڵەی بدرخانیەکانا هاوکاری کردوەو ئەندامی کۆمەڵی (کورد تعالی وتعاون جمعیتی) بوەو (رۆژنامەی کورد) کە ئورگانی ئەم کۆمەڵەبوە ئەو بردویەتی بەڕێوە وجگە لە رۆژنامەو گوڤارەکان بە تایبەتی لە (ژین)دا کە لەو رۆژانەدا لە ئەستمبوڵ دەرچوە بە زمانی تورکی گەلێک باسی گرنگی دەربارەی کورد نوسیوە لە ژێر ناوی (سلیمانیەلی توفیق) وەیا (س. ت).**

**پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٠٩دا کراوە بە قایمقامی (جولرمیرگ) ولە ساڵی ١٩١٨دا لە دوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی کراوە بە متصرفی (ئەماسیە).**

جارێک لای توفیق وەهبی بەگ باسی چالاکیەکانی پیرەمێردو کریم بەگی حاجی ئەوڵای حمە کرکوکی کرا، ووتی هەردوکیان ئێجگار چالاک بون وبە پێکەنینەوە گێڕایەوە چۆن لە ساڵی ١٩١٨دا لە (تراموا)یەکدا حاجی توفیقی دیوە بۆیماغێکی چرچی هەڵەوگێڕاوی بەستبوو لە نزیک محەتەی (ئوسکودار)، لێی ئەپرسێت: توفیق ئۆغربێت؟. لە وەرامدا پێی ئەڵێ: وەهبی بەخوا کردویانم بە متصرفی ئەماسیەو لێرەوە وا بەتەمام بە شمندووفەر بچم بۆ (ئەماسیە).. منیش (توفیق وەهبی) پێم وت: موبارەک بێ بەڵام ئاوا دەچیت؟ ئەی کوا جانتاو کەل وپەلت؟.. لەوەرامدا وتی: قاتێکم لەبەردایەو کە چوومە ئەماسیە لەوێش قاتێکی تر دەکڕم ئیتر لەوە زیاتر بۆ چیمە! لە ڕاستیدا ژیانی پیرەمێرد لەسەرەتاوە هەتا مردنی هەروا سادەبوە.

بێگومان زۆری پێنەچوو کەمالیەکان بون بە دەسەڵاتداری تەواو، سوڵتان وخەلافەت هەڵوەشایەوەو تورکە کەمالیەکان بە ئاشکرا لە بەڵێنەکانی خۆیان بۆ کورد پەشیمان بوونەوەو کورد ناچاربوو لە باکووری کوردستانا دەست بداتە چەک وخۆی بپارێزێت لەو شاڵاوەی تۆرانیەکان دەستیان پێکردبوو، دەیان ویست کورد لە بوتەی ڕەگەزی تورکدا بتوێننەوە، ئەنجام بەوە گەیشت شۆڕشی پیران بە سەرکردایەتی شێخ سعیدی پیران دەستی پێکردو ژمارەیەکی زۆر لە شۆڕشگێڕان لە سێدارە دران وەکو شێخ سعید وشێخ عبدالقادری شمزینی ودوکتۆر فوئاد وهەواڵی ئەو تاوانانەی تورکی کەماڵی گەیشتە باشووری کوردستان و مصطفی صائبی خوشکەزای پیرەمێردو خزمەکانی تری ترسی ئەوەیان لێ نیشت پیرەمێرد شتێکی بەسەربێت، مصطفی صائب لە ڕێگەی ئەدرەسی گۆڤاری اجتهادەوە کە عبداللا جودت دەری دەکرد نامەیەکی بەزمانی تورکی نارد بۆ خاڵی وداوای لێکرد ئاگای لەخۆی بێت وهەولبدات بە زووترین کات بگەڕێتەوە بۆ سلیمانی.

پیرەمێرد کە نامەکەی مصطفی صائبی پێدەگات بەزمانی تورکی تەواو بە نوسینی ئەو نامەیە بە تورکی دڵگیردەبێت وبە شعرێک وەرامی مصطفی صائب دەداتەوە.

**بەر لەوەی باسی شعرەکەی پیرەمێرد بکەین، لەو ڕۆژانەدا لە باشووری کوردستان تورکەکان لە ڕواندز بنکەیەکی سوپاییان کردبۆوە بە سەرزکایەتی علی شفیق (یوزدمیر) بەنیازی ئەوەی ئەو بنکەیە ببێت بە بناغەی ڕاپەڕینێکی کورد دژی انگلیزەکان وبۆ هێنانەوەی تورک بۆ ئەوەی دەس بەسەر باشووری کوردستانا بگرێت وژمارەیەک بوبوون بە لایەنگری یوزدمیرو تورکچێتیەکی گەرم بڵاو دەبێتەوەو ئەوانەی لەو ڕۆژانەدا تورکچێتی‌یان کردبوو**

پێیان دەوتن (تاقمی جل خوار) کە ئەمەش لەوەوە هاتبوو، وەکو جارێک توفیق وەهبی بەگ بۆی باسکردم، تاهری ئەمین ئەفەندی کە خاڵی ماجد مصطفی بوو یەکێک بووە لە چالاکترینی ئەو تورکخوازانەو ئەو کابرایە لایەکی چاکەتەکەی هەمیشە شۆڕبۆتەوەو خواربوەو پێی وتراوە جل خوارو لەوەوە هەر کەسێک تورکچێتی بکردایە پێی دەوترا لە تاقمی جل خوارەکانە.

دیارە پیرەمێرد لە ئەستەمبوڵ هەواڵی ئەو جل خوارانەی بیستۆتەوەو لە شعرەکەیدا بۆ مصطفی صائب وتوویەتی:

مصطفێ وادیارە تۆش جل خوارئەکەی
ئەستۆت ئەخوری ومەیلی بار ئەکەی
کاغەز ئەنووسیت بە زمانی تورکی
لە میللیەتدا مائیل بە شیرکی
ئێمە کە کوردین لە لامان وایە
کوردی زمانێکە زۆر بێ هەمتایە
ناوی پێغەمبەر حەمەی ڕەسووڵە
نوێژمان بەکوردی لای خوا قبوڵە
ئەگەر تەڵقینم بە کوردی نەدرێ
گوێی لێ ناگرم با کفنم بدڕێ
گەر(مەڕنەمووکە)ی عەرەب لیم پرسێ
وای تێ ئەخوڕم کە ئەو بترسێ
ئەمە دینمەو دینێکی بەحەق
لەسەربەیتی خۆم ئەگەربکرێم شەق
نوسیوتە گوایە وەزیفەم ماوە
هەرچیمانکردوە هەر ناتەواوە
چیم کردوەئیستا، جارێ لەکوێمە
میللەت لەمەودوا ئومێدی پێمە
سەیرکە بەهارم لێ بێ انشاالله
لە کوردستانا بیکەم بە هەڵلا
شیمال وجنوب تێکەلکەم بە قین

بلەرزێنمەوە گاکەی ژێر زەمین
بەیداغی کوردی بلەرێنمەوە
ئێرسی ڕویوەکان بگەڕێنمەوە
صلاح الدین وکریم خانی زەند
بابا شرەفخان، شای کۆی دەماوەند
بێنمەجم وجوولّ ڕۆحیان شادبێ
پێی میللەتەکەم لەبەند ئازاد بێ
لەسەر هەرکێوی شێری ئیخوڕێ
ناوجەرگی هەموو دوژمنان ببڕێ
ئەوجا سەربەستی بە ئێمە ئەدرێ
خێر ئەوان بیدەن کەلّک ناگرێ
نامەوێ بیدەن ئاهێ بی سێنم
فیکرم ئەمەیە هەتا دەمێنم
هەزاری وەک من هەتا نەکوژرێ
بەقەلّەم بەخوێن مەرسیەی نەنوسرێ
بەوخوێنە خوێنیمیللەت نەجۆشێ
میللەت بۆوەتەن سیا نەپۆشێ
کچانمان لە ژێر بەیداغی ڕەشدا
چاوهەلّنەهێنێ بە خوێنی گەشدا
تاخاکەکەمان بەخوێن نەشۆررێ
ئیمان بە سکەی ڕویە نەگۆررێ
تەشە بۆ ساتی من تەواو نابێ
موتلەق ئەم ئیشە هەر ئەبێ وابێ

لە ڕاستیدا پیرەمێرد ناوەرۆکی ئەو شعرەی کرد بە پرۆگرامێک بۆ ئەوەی کە گەڕایەوە بۆ کوردستان لە پێناوی سەرگرتنی ئەو مەبەستانەیدا خەبات بکات.

پیرەمێرد لەو شعرەیدا هەروەکو چۆن حمدیی ساحبقران هێرشی بردبوە بەر ڕوییە خۆرەکانی ئەو ڕۆژانە کە لە دیرێکیدا وتبووی:

## قەومەکانی ڕوپیە خۆرم دێنە بەرچاوم دەڵێن
## کەر بەجۆ بمری شەهیدەو سەگ بە گۆشتی لاکەوە

پیرەمێردیش دادو بێدادی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر ئەوانەی لە جیاتی کوردایەتی ئیمانیان بە سکەی ڕوپیەی ئەوڕۆژانە بوەو نەیدەزانی ڕۆژێکیش دێ لەجیاتی تاقمی ڕوپیە خۆر تاقمی دۆلارخۆر پەیدا دەبێت!.

گەڕانەوەی پیرەمێرد بۆ سلیمانی:

دوای ئەوە پیرەمێرد لە وەرامی ئەو شیعرەیدا نامەیەکی مصطفی صائبی خوشکە زای پێدەگات کە بە کوردییەکی ڕەوان داوای لێ دەکات بگەڕێتەوە بۆ سلیمانی بۆ لای خزمەکانی وئیتر ئاگری جگەری نیشتمان هەڵی دەگرێ وبڕیار ئەدا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی ئەو پڕۆگرامەی بۆخۆی دەسنیشانی کردبوو بیهێنێتە دی وکە سواری شەمندوفەر دەبێت بەقەڵەمێکی قورقوشم پارچەیەک شیعر کە بریتیبوە لە دەربڕینی هەستی دەرونی دەنووسێ (ئەو دەستخەتەی پیرەمێرد لەگەڵ هەنێ شتی تریدا کەوتەلای من و کاتی خۆی دابووم بەکۆڕی زانیاری بەشی کوردی وهیوادارم پارێزرابن). شیعرەکەی پیرەمێرد دەڵێت:

ئەوا ڕوومکردە تۆ ئەی دایکی موشفیق بیست وپێنج ساڵە
لە غوربەتدا بە یادی تۆ ئەژیم خوا شاهیدی حاڵە
بەیانیدا نەسیم لای تۆوە هات بۆنی وەتەن پێوە
ئەوا نوسرایەوە پیرانە سەر عومرم لە سەر نوێوە
ئەڵێن نەفحەی ژیانی پێوەیە بادی بەهار وایە
بەسروەی بانی وەتەن ماوم بەهارو بای لە لام بایە
ترەین جوولایەوە وا کەوتە ڕێ باوەڕ بەخۆم ناکەم
خەوە یاخودخەیاڵ، یاڕاستەئەم حاڵیفەرەحناکەم
هەوای تەختی سلیمانی هەیە، بادی ترەین بابێ
بلا بابێ، لە شەهبابێ، لە فەیحابێ، لە زەورابێ
بە چاومابێ ئەگەر تۆزێک لە تۆزی بای سلیمانی
کەنووریطوورە توریک ناهێنێ سورمەیسلیمانی
کە با بۆنی گوڵێکی کانی با بێنێ لەلام وایە

تەلای کەیخسرەوی‌وەک گەنجی‌باداوەهەمووی‌بایە
بە ئاواتی ئەخوازن خەڵک طعامی مائیدە عیسا
هەمووحەڵواگەزۆیە کە ناهێنێ دەستم کەوێ ئێستا
شەماڵ دێنێتە گوێم دەنگی منداڵانی قوتابخانە
نەشیدی میللی‌یان لاهووتیە، قووتی دڵ وگیانە
هیوام پێ‌یانە ئەم دەستەکوڕانە مەشخەڵێک هەڵکەن
لە تاریکی نەزانیندا بە زانستی وەتەن دەرکەوت

بەوجۆرە پیرەمێرد گەڕایەوە لە پێشدا شەمەندەفەرەکەی گیاندبوویە بەغدادو لەوێوە کەس وکارەکانی چون بە پیریەوەو هێنایانەوە بۆ سلیمانی و دەستیکرد بە بەجێهێنانی پرۆگرامەکانی کە بریتی بوون لە:

١ - بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بە کوردییەکی پەتی کە ئەم تەقەلایەی لە قوتابخانەی زانستی شەودا هێنایە دی ئەو قوتابخانەیە لە لایەن کۆمەڵی زانستیەوە کرایەوە.

٢ - رۆژنامە چێتی ونووسین لە گۆڤارەکانا ـ بەتایبەتی لە گۆڤاری گەلاوێژو رۆژنامەی (ژیان) و(ژین) داو بایەخدانی بە پەندی پێشینان و ئەو شیعرە بەرزانەی بڵاوی دەکردەوە لەگەڵ وەرگێڕانی شیعرەکانی مەولەوی بۆ شێوەی کرمانجیی خوارو.

٣ - بووژانەوەی نەورۆز گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز.

لێرەدا کورتە باسێکی ئەو سێ چالاکی‌یەی پیرەمێرد دەکەین:

یەکەم - چالاکییەکانی پیرەمێرد لە قوتابخانەی زانستیی شەودا:

لەو رۆژانەدا کە پیرەمێرد گەڕابوەوە بۆ سلیمانی، سەرەتای چالاکیەکی رۆشنبیری وخوێندەواری دەستی پێکردبوو، شارەوانی سلیمانی رۆژنامەی (ژیان)ی دەردەکرد بە سەرپەرشتیکردنی حسین ناظم، وهاتنی ئەحمە بەگی توفیق بەگ بە متصرفێتی شاری سلیمانی کە مرۆڤێکی دڵسۆزی کورد پەروەربوو، ئەوەندەی تر هانی خوێندن وبایەخی پێدراو (کۆمەڵی زانستی ) بەسەرۆکایەتی ئەحمەد بەگ وئەندامێتی گەلێک لە رۆشنبیران پێکهێنرا کە یەکێک لە چالاکیەکانی ئەو کۆمەڵ دامەزراندنی قوتابخانەیەکی شەو بور کە بەناوی (قوتابخانەی زانستی)یەوە پێکهات و بەیارمەتی باربووی دانیشتوانی خەڵکی سلیمانی، لەو قوتابخانەیەدا بەشەو دەستکرا بە خوێندن و فێرکردنی ئەوانەی بەرۆژ پێ‌یان نەکرابوو بچنە قوتابخانەو ناچاربوون بۆ ژیانی خۆیان و خێزایان بە رۆژ خەریکی کاروکاسبی بن.

کردنەوەی قوتابخانەی زانستی لە ساڵی ١٩٢٦ دا ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینی بۆ هاندانی فێربوون و خوێندن ولەو قوتابخانەیەدا گەلێک خوێندەوارو شاعیر وئەدیب پێگەیشتن، خانووی قوتابخانەکە لە گەڕەکی سابوونکەران، خانووی مەلاحەکیمی قەرەداغی بوو، بە دیوارەکانیەوە دروشمەکانی زەردەشتی ئاینی باوو باپیری کورد هەڵواسرابون، ڕۆژی سێ شەموان تەرخان دەکرا بۆ شیعرو ئەدەب ولە شێوەی کۆڕێکی ئەدەبیدا ئەو شەوە دەبرایە سەرو ئەوەی من لە بیرم بێ هەندێ لەوانەی لەو قوتابخانەیەدا دەیانخوێند: حاجی باقی (بەنگینە) کە بووە شاعیر، رەحمەاللەی برای، حاجی عەلی ماستاو، جەلالی مزگەر، توفیق ژاپۆنی مزگەر، محمد علی مدهۆشی شاعیر، حەمە پچکۆلی قەفتان وگەلێکی تر کە هەموویان کوردی دڵسۆز بوون ولەگەڵ ڕۆشنبیرانی ئەو ڕۆژانەدا بوون بە بناغەی جم وجووڵ وچالاکی ئەو قوتابخانەیە، بەتایبەتی لە ئاهەنگەکانی نەورۆزدا.

پیرەمێرد ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو قوتابخانەیەی پێ سپێررا کە جگە لەو مامۆستایان، صالح قەفتان، کریم بەگی سعید بەگ (کە لە دوایدا بە کریم بەگی زانستی ناسرا) وگەلێک لاوانی ڕۆشنبیرو مامۆستایانی ئەو ڕۆژە بە خۆڕایی خۆیان تەرخانکرد بۆ دەرس وتنەوە، لەوانەی کە بیرم بن ... شاکر فتاح.. ا.ب. هەوری، ملا سعیدی خطاط .. بەڵام بەداخەوە لە دواییدا ئەم قوتابخانەیە لە لایەن حکومەتەوە داخرا وەکو لە دواییدا باسی دەکەین.

**دوهەم – بووژانەوەی جەژنی نەورۆز:**

لەناو کوردەواریدا نەورۆز بەڕۆژێکی پیرۆزی مێژوویی کورد دەژمێررێت، بۆیە پیرەمێرد وەکو لە پرۆگرامەکەی ژیانیا بریاری دابوو، بوژانەوەی ڕۆژی نەورۆزی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی، لە ڕۆژی ٢١/ مارتدا پیرەمێرد قوتابیەکانی زانستی بەرەو کارێزی وەستا شەریفی داوێنی گردی مامەیارە ئەبرد وخەڵکێکی زۆریش دوایان دەکەوتن وبە سروود ڕوویاندەکردە ئەو مەڵبەندەو هاواریان دەکرد:

| | |
|---|---|
| یادکەن براکان یادکـەن | یادی کاوەی ئاسنگەر |
| سەر ڕێ وشوێنی بگرن | تـاکو وەتەن بێتە بـەر |

بەڕاستی کە باسی نەورۆز دەکرێت، پیرەمێرد دێتەوە یادی ئەوانەی لەو ڕۆژانەدا دەیان بینی بەخۆی وگاڵۆکەکەیەوە چۆن قوتابیانی زانستی دەبرد بۆ پاڵ گردی یارەو خەڵکێکی زۆری شاری سلێمانی بەشدارییان دەکرد لەو ئاهەنگەداو هەوهەوی لاوان بەسواری وڵاغەوە

لەلاپاڵی گردی مامەیارەو دەهۆڵ وزورناو شمشاڵەکەی دەروێش عبداللای سەرما بردەڵە بە ئاوازی خاڵەی ڕێبوارو هات وچۆی پیرەمێرد بە ناو سەیرانکەرانا کە هەموو ساڵێک دۆست وخزمەکانی ڕادەسپارد هەر لایە مەنجەڵێک یاپراخ بۆ ئەو ڕۆژە ئامادەبکەن ونانی ئەوساش کە پێیان دەوت (لەواشە) بە دوو پوول بوو... خۆی هەموو جارێک دەی ووت: بۆ میوانەکان نانێک وشەش یاپراخە... ئەو ڕۆژە بە خۆشی وشادی دەبرایە سەر. بەداخەوە ئەوسا کامێرای تەلەفیزێونی نەبوو تا دیمەنێکی ئەو سەیران وئاهەنگی نەورۆزەی ئەو ڕۆژانە تۆمار بکات وخۆزگە هونورمەندانی کورد فلیمێکی سینەمایی لەشوێنی کارێزی وەستا شەریف (کە دەڵێن بەداخەوە شوێنەواری کانیەکە نەماوە) سازبکەن بۆ ئەوەی ببێت بە نموونەی ئەو نەورۆزەی کە بەداخەوە پیرەمێرد لە پێناویا تووشی گەلێک قسەوقسەلۆک بوبوو، هەندێ لە مێشک پووچەکان دەیان ووت پیرەمێرد ئاگر پەرست ومەجوسی‌یە بۆیە ئاگری نەورۆز دەکاتەوەو تاقمێکی تر دەیان ووت بەپارەی قونسوڵی ئێران ئەم ئاهەنگە سازدەکرێت (ئەوسا لە سلیمانی قونسولخانەیەکی ئێران هەبوو)، هەندێکی تریش دەیان ووت بە پارەی ئنگلیز دەکرێت وئەوی ویژدانی بووبێ دەیزانی کە نەورۆزەکەی پیرەمێرد هەر بریتی بوو لەو نانی لەواشەیەی کە ئەوسا هەمووی بایی ٢ - ٣ دینار دەبوو لەگەڵ ئەو یاپراخەی خزمان ودۆستەکانی ئامادەیان دەکرد، ئەویش ئەو قسانەی لەلا پەشم بوو، کەمردیش ئەوەی لە دوای بەجێما ٢٥و٢ دینار بوو کە بەشی کفنەکەی کرد و(ئەمین میتو)ی گۆڕهەڵکەن کە ماڵەکەی بەرامبەر مزگەوتی همزاغابوو وتی: کە گۆڕەکەم هەڵکەند ڕووم نەهات داوای پارەی ئەوەش بکەم.. سەرباری ئەوەش وەکو لەدواییدا باسی دەکەین هەر وەکو چۆن قوتابخانەی زانستی لەلایەن حکومەتەوە داخرا، نەورۆزیشیان قەدەغەکرد.

وەکو لاوێکی ئەو سەردەمانەو هەر وەکو قوتابی‌یەکی پیرەمێرد لەم دواییەدا بیری ئەو نەرۆزەی پیرەمێردم هاتەوە بە بیرداو بۆ ئەوانەی ئەو دیمەنەیان نەدیبوو بەکورتی بەم چەند دێرە شیعرە یادی نەورۆزەکانی پیرمێرد پێشکەش دەکەم:

بیرمە نەورۆزبوو وەرزی بەهاربوو
دەشت ودەر سەوزبوو گوڵ وگوڵزاربوو
پاڵ گردی یارە مەیدانی غار بوو
حیلەی ماین بوو هەوهەوی سواربوو
لایەک کەوشەک بوو، لایەک سێ بازبوو
چاوبرکێ وچرپەی جووتە دڵخواز بوو

کاریزی وەستا شەریف سەرەوخوار
لەنجەولاری بوو وەک بووکی نازدار
ڕیزی هەڵپەڕکێی پیرو هەرزەکار
لەسەر سەوزە گیای نەرمۆڵەی بەهار
ترپەی پانیبەرز، هاژەی زەنگیانە
هاڕەی مێخەکبەند زڕەی لەرزانە
دەسماڵ وکەواو کراسی زەردو سوور
خەرمانەی دابوو وەکو کۆگای نوور
پەریی بەهەشتی جوان ڕازاوە
وەک قەتارەی گوڵ لەو کەنار ئاوە
بەزوڕناو دەهۆڵ پێکا هەڵچووبوو
پیر لە جوان زۆرتر سەری گەرم بوبوو
سەرچۆپی کێشی سەرگەرمی بە جۆش
قریوەی ئەو ناوەی هێنابوە خرۆش
ئەمەبوو شێوەی نەورۆزی جاران
دوور لە گێچەڵ وگەڕی بەدکاران

× × ×

بیرمە پیرەمێرد خۆی وگاڵۆکی
بەچڵێک نێرگزی یەخەو بەرۆکی
بەو ناو خەڵکەدا وەک پیری موغان
گەورەوپچووکی وەک یەک ئەدوان
پەندی پێشینان وەکو مرواری
بەدانەو بەڕست لە دمی ئەباری
لەپڕ ئاهێکی ساردی پڕ تاسەی
تێکەڵ بوو بەبای گڕەی هەناسەی
فەرمووی: کوڕینە لە دوای ڕوخانی
دەزگای ڕزیوی کۆنی عوسمانی
کورد کەوتە داوی وڵاتانەوە
هەرلایە بەجیا ئەیچەوسانەوە

لەوساوە وەکو مەڕی بەسزمان
دوای هەرکەسێک کەوت نەیبردە ناوڕان
داخەکەم بۆکورد وەک فەرهادوایە
بێستون کون ئەکاو ڕەنجی بە بایە
ئاخ گەر نەبوایە وورەی تەیارە
حیزی وئازایی ئەوسا دیارە
سا توخوا (ڕەشۆڵ) بە قەتارەوە
تاماوم خۆتم لێ مەشارەوە
قەتارێک بێنن خەمانم بارکەن
تاوان لە ئەستۆی تاوانبار بارکەن

ڕەشۆلیش لەسەرخۆ بەدەنگە خۆشەکەی بە ئاوازی قەتارو اللا وەیسی شیعرە بەرزەکەی مەولەوی بۆ ئەوت:

هەورەکەی ڕەحمەت ڕووی سەماوکەرەم
صلات وسلام کەبکەم ئێستاکەم
بێنێ وبڕێژێ وبیدا وەهەمدا
وەسەر مەزرەعەی ڕۆحی خامەمدا
ئەو مەزرەعەی نوور جۆشدا سەرەوژوور
کوردستان پڕکات لە طوفانی نوور

ئەوەی شایانی باسە شیعری (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوەی پیرەمێرد لە دواییدا بوو بە(مارسلیزی کورد)

سێهەم : پیرەمێرد وڕۆژنامەچێتی

کە پیرەمێرد گەڕایەوە بۆ سلیمانی، شارەوانی ڕۆژنامەی (ژیان)ی دەردەکرد بەسەریەرشتی (حسین ناظم)و لەدوای کۆچی دوایی حسین ناظم پیرەمێرد ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکەی گرتە ئەستۆی خۆی ولە ساڵی ١٩٣٤دا چاپخانەکەی لە شارەوانی بەکرێگرت وخۆی ڕۆژنامەکەی بەناوی خۆیەوە دەردەکرد، بەڵام لەگەڵ شارەوانیدا نەگونجاو ماوەی

کرێگرتنەکەیان بۆتازە نەکردەوەو ئەویش خانوەکەی خۆی خستەڕەهنەوەو دەستیکرد بە دەرهێنانی ڕۆژنامەکە هەر بەناوی ژیانەوەو لەسەر تەواوکردنی ژمارەکەی پێشووی ژیان ژمارە (٥٣٩)ی لە ڕۆژی ١٩٣٧/٩/٢٠ دەرکرد، کە بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامەکەی بۆ (زانستی) تەرخانکرد کە هەمووجارێک خۆی دەیفەرموو:

**زانستیە... ئاە زانستیە ئەو میللەتەی خوێندەوار نەبێ دەردی کاریە**

لەڕاستیدا حکومەتی بەغدا لە چالاکیە ڕۆشنبیریەکانی پیرەمێردو ڕۆشنبیرانی تری ئەو سەردەمەی سلیمانی سڵەمیبوەوەو چ قوتابخانەی زانستی وچ ئاهەنگەکانی نەورۆزو چ ڕۆژنامەکەی ژیانی بەدڵ نەبو لەبەرئەوە (مجید یعقوبی) کرا بە متصرفی سلیمانی.. **یعقوبیەکانی کرکوک لەبنەچەدا (زەنگەنە)ن بەلام لە زەمانی عوسمانیدا بۆ خۆنزیک کردنەوە لە تورکەکان، بەتایبەتی لە تاقمی (اتحاد وترقی) خۆیانکردبوو بەتورکمان وحکومەت مجید یعقوبی بۆئەوە هێنابوو جەژنی نەورۆز قەدەغەبکاو ڕۆژنامەکەی پیرەمێرد دابخات دوای ئەوەی قوتابخانەی زانستی داخستبوو، لەلایەن حکومەتەوە بە هاندانی مجید یعقوبی شاری سلیمانی پڕکرا لە مووچەخۆری تورکمان وژمارەیەک لە خزم ودۆستەکانی پیرمێرد وەکو جمیل صائب وئەمین بەگی ڕیزی (گروگ) لەسلیمانی دوورخرانەوەو دائرەی پوستەخانە وپۆلیسخانەو خەزینەو ژمارەیەکی تر لەدائیرەکان پڕکران لە تورکمان وپیرەمێرد لەڕۆژنامەکەیدا شتێکی بلاوکردەوە لەوڕوەوە نووسیبووی لەمەودوا توتنەوانەکانمان لەجیاتی توتن ئەگەر سلق بڕوێنن پارەی زۆرتریان دەست دەکەوێ (وا بەناوبانگە کرکوکیە تورکمانەکان بە سڵقاوخۆر ناسراوبون لە کاتێکدا ئێمە لەسلیمانی لاسکەکەشی دەخۆین). مەجید یەعقوبی ئەوەی کرد بەبیانوو، ڕۆژنامەی ژیانی داخست، بەلام پیرەمێرد لەوانە نەبوو کۆڵ بدا، بەلکو بەهاوکاریی دۆستەکانی لەبغداد توانی ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکیتر وەربگرێت بەناوی (ژین)ەوە بەیادی ئەو گۆڤارەی لە ئەستەمبوڵ لە سالانی ١٩١٨ - ١٩١٩ دا دەردەچوو کە پیرەمێرد لە زۆر ژمارەیا بەشداری نووسینی کردوە.**

پیرەمێرد وازی لەژمارەی زنجیرەکانی (ژیان) نەهێنا بەلکو کە یەکەم ژمارەی (ژین)یدەرکرد بە ژمارە (٥٥٤) دەریکرد لە ڕۆژی ١٩٣٩/١/٢٦دا هەتا ئەوکاتەی کۆچی دوایی‌کرد پیرەمێرد وەکو جگەرگۆشەیەکی خۆی دەیڕوانیە ڕۆژنامەکەی ودەربارەی ئەوخەم وپەژارەیەی بەقەدەغەکردنی ئاهەنگی نەورۆز چوبوو بەدلیا لە ژمارەیەکیاوتوویەتی:

**یاخوا ئەوکەسەی کە ئەم دووساڵە لێم کەوتە گیزە وەک زەردەواڵە**
**نەیهێشت ئاگری (یارە) بگڕی چەقۆی ئاهی من جەرگی هەڵدڕی**

لەڕاستیدا لە دواییدا مجید یعقوبی لابراو حکومەتیش لە تەواوکردنی نەخشەکەی پێشووی بە ناچاری پەشیمان بوەوە لە کۆتایی ئەم کورتە باسەی ژیانی پیرەمێرددا بە پێویستم زانی ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە پیرە مێرد جگەلەوەی شاعیرێکی مەزن وچیرۆکٔ نووس وئەدیبێکی بەرزبوە، بە یەکێکٔ لەو کەڵە شاعیرانەی کورد دەژمێررێت کە لەڕەخنەگرتندا وەکو ڕەخنەگرێکی دڵسۆزی نیشتمان ومیللەتەکەی خۆی، بەبێ ئەوەی سڵ لە هیچ کەسێکٔ بکاتەوە لە هەر بوارێکدا کە بە پێویستی زانیبێ‌و هەستی بەکەم وکوڕی کردبێت ڕەخنەی گرتوەو لەوڕووەوە هەمیشە ڕەخنەی لەگەلێکٔ نەریتی کۆنی پڕوپووچ گرتوەو دژی خۆپەرست ونیشتمان فرۆشان وەستاوەو هەمیشە داوای مافی ڕەوای ئافرەتی کوردی کردوەو دژی ئەوانە وەستاوە بۆپارە خۆیانکردبوو بەنۆکەری بێگانەو لەو ڕۆژە ناسکەدا کە هاتبوەوەو چاوی بەوهەموو کەم وکوڕیو نارێکی وبێگانەپەرستی کەوتوە نووکی پێنوسەکەی بۆ ڕەخنەگرتن ئاراستەی سنگی ئەوانە کردوە کە بوونەتە هۆی دواکەوتنی نیشتمان وئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ نەهێنابوو لە پێناوی سوودی میللەتەکەیاناو لەگەڵ ئەو هەموو پێوەندی ودۆستایەتیەی لەگەڵ شێخ مەحمودی قارەماندا هەیبوە، بەڵام ئەوی بەڕاستی لە ڕوودانی بەسەرهات وکەم وکوورییەکانی سەردەمی حکومدارێتی شێخ مەحمودا، بێ پێچ وپەنا دەردی دلی خۆی دەربڕیوەو ئەوەی شایانی باس بێت شێخ مەحمودی مەزنیش لە نیازومەبەستی پاکی پیرەمێردگەیشتبوو بۆیە بەوپەڕی سنگ فراوانیەوە ئەو ڕەخنانەی پیرەمێرد لێی گرتبو هەمووی قبولکردبوو، هەمووجارێکٔ دەیفەرموو: من وحاجی توفیقی پیرەمێرد پیرو مریدی یەکترین وهەرچیەکی وتوە ڕاستیکردوە، بەڵام هیوادارم لە دواڕۆژدا ئەگەر کورد دەرفەتێکی لەباری بۆ هاتە پێشەوە ئەوانەی زەمانی من دووبارە نەکرێتەوە..

پیرەمێرد کە گەڕایەوە بۆ سلێمانی، عارف صائبی خوشکەزای کە سکرتێری تایبەتی شێخ مەحمود بوو، تا ئەشکەوتەکەی جاسەنەش لێی دوور نەکەوتبوەوە کە لەو ئەشکەوتەدا ڕۆژنامەی (بانگ حق)ی دەردەکرد، ئەو عارف صائبە دلسۆزەی شێخ مەحمود بە دەستی کابرایەکی سەرچڵ وسەرەڕۆ لەسەر دەمەقاڵێیەکٔ لە (قەرەچەتان) کوژراو لای پیرەمێرد شتێکی ئاسان نەبوو لەوتاوانە بێدەنگ بێت و ئەوەی دابوە پاڵ ئەوەی شێخ مەحمود نەیتوانیبوو ڕێگە لەوجۆرە کەسە سەرەڕۆیانە بگرێت وئەویش وەکو حەمدی صاحبقڕان بە شیعرێکٔ ڕەخنەی خۆی لە دارودەستەی شێخ گرتوە کە ئەمەی خوارەوە چەند دێڕێکی ئەو شیعرەیە:



هەوارنامەی کورد

لەگوێم دێ دەنگی لایلایەی وەتەن دایک جگەرسووتاو
ئەڕژێنێ بەسەر وێرانەکەی خوێناویا خوێناو

هەتا ئەڵێ:

صلاح الدین جەلالی وای نەبوو تاریخ لەبەر چاوە
هەمو پاشای بابان مردن بە حەسرەت ڕۆژێکی واوە
شەوێک دەس ئەهریمەن کەوت خاتەمی مولکی سلیمانی
کەچی میروگزیری پێ ئەکرد قەدری وەها زانی

هەتا ئەڵێ:

قەسەم بەوعەزمی کوردەی شانی (ریچارد)ی بەشیر ڕووشان
کلاوی کورد ئەبێ قووچ بێ کە هاتوشانیخۆی رووشان

هەروەکو لە لاپەڕە ٨٥٧ی بەرگی دوهەمی کتێبەکەی شێخ مەحموددا باسی ئەم شیعرەم کردوە، وەکو دەوترا هەندێ شتیتر درابوە پاڵ پیرەمێرد کەلام وایە دووربوووبێت لەوەی پیرەمێرد شتی وای وتبێت، شێخیش گەلێک گلەیی رەق لە پیرەمێرد دەگرێت وکەپیرەمێرد گلەییەکانی شێخ دەبیستێتەوە بەشیعرێک وەرامی شێخ مەحمود ئەداتەوە کە بەیەکێک لە شیعرە شاکارە بەرزەکانی پیرەمێرد دەژمێررێت:

ئەبێ بەخشندە مل کەچکا لەراستی مووچەخۆری خۆی
سوراحی سەرفروو دێنێ لە بۆ پیاڵە کە تێکا بۆی
کە ئاوداری لەسەر سەر ڕاگرتوە ئەیزانی چی تیایە
لەلای نەنگە کە پەروەردەی نقومکا گەورەیی وایە
لقی شۆڕی درەخت میوەی ئەخۆن بێ ئەرکی بەردودار
پەلی بەرد بۆ پەلی بەرزە، لقەش بۆ پەلی بەردار
لەدووری دووریيا پەستم، دەروون پڕ دەردو زووخاوم
ئەجەل دێ بمکوژێ، نامناسێ، چیبکەم نامرم ماوم
لەبەر ئاشووبی خێڵم هیچ شەوێ خەو نایەتە چاوم
خەوی ناخۆش ئەبینم بەم پەریشانخاوییە خاوم
ئومێدی سەرلەسەردەرکەن ئەوانەیڕاست وروناکن
قەڵەم بۆسەرقەڵەم، مۆم بۆمقەست هەربۆئەویش چاکن

ئەڵێن مورغی سلیمان ئاو لەژێر خاکا ئەبینێ ئەو
منیش حەوت ساڵەڕێ دووربێ بەچاوی دڵ ئەبینم ئەو
چرا ڕووناکی بۆ ژێر خۆی نیە ڕەحمەت لە بابی با
ئەوی ڕووناکی کرچ بینانە گۆڕە ڕەنجی با بیبا
بەجووت پەروانەو وماسی کە دڵدادەی چراو گوڵن
نزیکی ئەم ئەسووتێنێ لەدووریی ئاو ئەوان حۆڵن

لەڕاستیدا پیرەمێرد نەک هەر ڕەخنەی لە کۆمەڵگای کورد گرتوە، بەڵکو ئەو ڕەخنانەی کە لە خۆشی گیراوە کردوونی بە شیعرێک و وتوویەتی:

کەچی جارێک نەمان دی بێتە مزگەوت
دیارە پیاوی خوانیت، دوور کەوتی دوور کەوت
جومعە ناکەی ناچیە زیکرو تەهلیلە
هەر کەبابە وهەریسەیە وقەندیلە
ڕۆژوو ئەگریت کەچی لە نوێژ بێزراوی
بەفتوای شێخ یەکانەی دەم بەسراوی
دەسنوێژ ناشۆی، پاک نابیەوە، گڵاوی
بێتە خواردن مێملی گۆشت وپلاوی
ڕەحمەت لەوەی لەلاتەوە نان ناخوا
پاریز ئەکا، چاکت ئەناسێ بە خوا
گیاندار کوژو وتووڕەوترۆی لە ڕوودا
ماسیت نەهێشت لە زەڵم وتانجەرۆدا
لە هیچ وپووچ هەرزە وەکیلی خەڵکی
هەر بۆئەوەی کە پێت بڵێن بەکەڵکی
ڕووت وقووت ولاهەلیچراو بێ پشتێن
بەشەو تەغارێک پرتەقاڵ تێ ترشێن
بەعومری خۆت خاولی بۆ ماڵ ناکڕی
کە نانت خوارد دەستت بەڕیشت دەسڕی
هێشتا فلست بە دەلاکێک نەداوە

خـۆ حــەمـام هــیــچ چـلكی پـارت لاماوە
كێ دی جـلـكـی تـازەت لەبەركردبێ
قــۆنــدەرەت لای بــۆیـاخـچـیـەكێ بردبێ ؟
تــوخــوا ســەرو ڕیشت سابون ئەناسێ ؟
هــەڕاجــخــانە ئــەگــەڕێی بـۆ كــراســێ
دوازدە ســاڵــە پــەنجەرەت ناكرێتەوە
مــیــكرۆب نــاوێرێ بـێـتە نــاو جــێـتــەوە
لــە بــەفـرو دۆی هــاوینان نــائومێدی
بــەنــدوبــاوی كابــرات لــێ هــاتــۆتە دی
* * *

منیش ئەڵێم:

حاڵی دنیا هەرچۆنێك بێ دیتەبەر
تێدەپەڕێ شاو گەدا ئەیبەنە سەر

لەراستیدا ژیانی پیرەمێرد بریتیە لە داستانێكی دوورودرێژو بە كورتێك ودووكوڕ، یا بەچەند لاپەڕەی ناو گۆڤارێك كۆتایی نایەت وشایانی ئەوەیە هونەرمەندانی كورد وەكو وەفادارییەكێ بۆ ئەو شاعرە مەزنە فلیمێكی سینەمایی باسی هەمووژیانی وچالاكییەكانی وباسی رۆژنامەچێتی وئاهەنگەكانی نەورۆزی تیادا بكرێت.

پیرەمێرد كە لە ساڵی ١٨٦٧ دا لە شاری سلێمانیدا لە دایك بوبوو لە ١٩/حوزەیرانی ١٩٥٠ دا كۆچی دوایی‌كردو لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لە گردی مامە یارە نێژراو لە لاپەڕە ٢٠ ی (پیرەمێردی نەمر)دا كە لە بەغداد لە ساڵی ١٩٧٠ دا چاپم كردوە وەسیەتەكەی پیرەمێردم بلاوكردۆتەوە.

**لەرۆژی ١٩٥٠/٨/٢٥ دا لە باخچەكەی قوتابخانەی ئامادەیی كوڕان لە سلێمانی چلەی ماتەمینی بۆ گێرراو لەو چلەیەدا گەلێك نووسەران وئەدیبان وپیرمێرد دۆستان ئامادەبوون كە لەناو ئەوانەدا شێخ محمدی‌خاڵ (قاضی)، بێخودی شاعر، توفیق وەهبی بەگ، عبدالمجید حسنی مدیری معارفی هەولێر كە لە كوردە (شبك)ەكانی دەورووبەری موسڵە، هجری دەدەی شاعیر... كە یەكێك بوە لە كاكەییە ناسراوەكانی ئەو رۆژانە كە بە هەڵبەستێك لەچەند**

دیرێنک بە شێوەی موکری، هەورامی، فارسی وتورکی خوێندەوە.. معروف چیاوك کە متصرفی سلێمانی بوە، محمد علی کوردی، رمزی معروفی شاعر بەشعرێنک مامۆستا گۆران بە ووتارێنک، حاجی باقی (بەنگینە)ی قوتابی پیرەمێردی لە قوتابخانەی زانستی بە شعرێنك، شیعرێنکی ا. ب. هەوری، شاعری گەل (قانع)، لەگەڵ ووتارێنکی علی کمال بەگ و ووتارێنکی عبدالقادر قزاز وعلا الدین سجادی وئەخۆلی شاعر بە ووتارێنکی بنەماڵەی پیرەمێرد کۆتایی پێ هاتوە.

لەدوای بەیانی ئازاری ۱۹۷۰ لە شاری سلێمانی (کۆمەڵی هونەرو وێژەی کورد) کە کاکە حمە صدیقی محامی سەرپەرشتیکەری بوو میهرەجانێکی گەورەی بە بۆنەی تێپەڕبوونی کۆچی دوایی پیرەمێردەوە لە سینەمای (دڵشاد) سازکراو لە بەغدادەوەو لەشارەکانی تری کوردستانەوە زۆرکەس لە نووسەران وشاعران وئەدەب دۆستان لەو میهرەجانەدا بەشداربون ومنیش وەکو قوتابییەکی ئەو شاعرە مەزنە کە لەو رۆژانەدا کتێبەکەی (پیرەمێردی نەمرم) چاپکردبوو لەو میهرەجانەدا بە شعرێکی دوورودرێژ بە شێوەیەکی فولکلۆری باسی ژیانی پیرەمێردم کردوە هەر لەکاتی لەدایکبوونییەوە هەتا کۆچی دوایی ولەلاپەرە ٩٥ی یەکەم زنجیرەی شعرەکانما لە لندن کە لەساڵی ۱۹۸۳ دا دەرچوە، بلاومکردۆتەوە.

هەزار رەحمەت لە گۆڕی ئەو شاعرە مەزنەی کورد کە خۆی لە خۆیدا قوتابخانەیەکی تایبەتی بوو لە رێبازی رێچکەی شاعران... مەولەوی.. پیرەمێرد... گۆران دا.

* * *

عەبدوڵڵا پەشێو

# بیری نەتەوەیی
# لە شیعری پیرەمێرددا*

**خوشک وبرایانی بەڕێزم ! .. ئێوارەتان باش**

بەڕاستی ئەو مامۆستایانەی پێش من باسی پیرەمێردیان کرد هەقی خۆیان دایێ. لەم وتارەدا دەمویست تەکەز لەسەر هەندێ بەرهەمی پیرەمێرد بکەم، بەڵام، لەبەر ئەوەی پێش من مامۆستای بەڕێز حەمە ڕەسووڵ هاوار لێیان دوا، من بە پێی توانا، خۆمیان لێ لادەدەم.

پیرەمێرد یەکێکە لەو کەڵەپیاوانەی قەرزێکی زۆری لەسەر گەلەکەی خۆی هەیە. بە تایبەتیش چونکە لە لایەن هاوچەرخەکانی خۆیەوە زۆر ئازار دراوە. دواتریش شتێکی ئەوتۆ بۆ ناساندنی نەکراوە. هەر هێندە دەڵێم، کاتێ لە کۆتایی حەفتاکاندا بڕیارم دا تێزی دکتۆرای خۆم لەسەر پیرەمێرد بنووسم، لە ئەنستیتووتی ڕۆژهەڵاتناسیی مۆسکۆ پیرەمێردیان نەدەناسی، ئاگایان لێی نەبوو، عەیامێکیشی ویست تا ڕێگەیان دا بۆ لێکۆڵینەوەکەی خۆم پیرەمێرد

*ئەم وتارە لەبەر کاسێت نووسراوەتەوە وخاوەن وتاریش پێیدا هاتۆتەوە.

هەڵبژێرم.

پیرەمێرد شاعیرێکی فرەبێژ و فرە لایەنە. نووسینەکانی لە ژیانی ڕۆژانەی هاوێر ناکرێن و دانابڕێن. ناکرێ، لە دەرەوەی چوارچێوەی مێژوو، باسی پیرەمێرد بکەین. بۆ تێگەیشتنی هەر هۆنراوەیەکی، هەر وتارێکی، هەر پەندێکی، پێویستمان بە تێگەیشتنی بارودۆخی کۆنکرێتی ژیانی خۆی و دەوروبەرەکەی هەیە. هەر لەبەر ئەوەش، کاتێک پەیدۆز (موحەقیق) دەیەوێ، بەنیازی ئاسانکاری، بەرهەمەکانی پیرەمێرد خانەخانە بکا، تووشی گەلێک کێشە و دۆخەی زانستی دێ. ئایا دەکرێ باسی بیری نەتەوەیی پیرەمێرد بکرێ، بێ ئاوڕدانەوە لە هەموو قۆناخەکانی ژیانە دووردرێژەکەی؟ بێ باسکردنی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسی و ڕۆشنبیرییانەی بەشداریی لە دامەزراندنیاندا کردووە؟ بێ شیرۆڤەکردنی وتارەکانی بە هەر سێ زمانی کوردی وتورکی وفارسی؟ بێ‌گەڕانەوە بۆئەو ژێدەرە ڕۆحییانەی هەر لە منالییەوە شاعیریان فرچک داوە؟ بێ باسکردنی ڕۆڵی پیرەمێرد لە بزاڤی ڕۆژنامەگەری و ژیاندنەوەی جەژنی نەورۆز و دامەزراندنی قوتابخانەی زانستی و خەباتی دژوار لە پێناوی ئازادیی ئافرەتدا؟

ئێمە دەزانین کە گرنگترین قۆناخی ژیانی نووسەر، منالی و گەنجییە. هەر شتێکیش دواتر بنووسرێ، هەر لەسەر بنچینەی کارە نۆبەرەکان دەبێ. ئەمەش یەکەم لەمپەری جیددییە لە بەردەم پیرەمێردناساندا. کاتێ پیرەمێرد لەگەڵ شێخ سەعیدی حەفیدا دەچێتە تورکیا، تەمەنی لە سەرووی سی سالییەوە دەبێ. لەوێشەوە دوای بیستوپێنج ساڵ وبە "پیرەمێرد"ی دەگەڕێتەوە سلێمانی، بەشی زۆری زانیاریی پەیدۆزانی شیعرەکانی پیرەمێرد پشت بەو بەرهەمانە دەبەستن کە دوای گەڕانەوەی نووسیونی. واتە، کە شاعیر تەمەنی پەنجا ساڵی تێپەڕاندووە. ئەمەش دیاردەیەکی سەیر و سەمەرە و دەگمەنە، نەک هەر لە ئەدەبی کوردیدا بگرە لە ئەدەبی جیهانیشدا. من بەش بەحاڵی خۆم تەنیا چەند شاعیرێکی وەک پیرەمێرد و واڵت ویتمەن و ڕۆبێرت فرۆستم بێ شک دێ... ئەگەر نا، ناکرێ شاعیرێک شاکارەکانی خۆی لە پایزی تەمەندا بئەفرێنێ.

هەستی نەتەوەیی پیرەمێرد هەر لە منالییەوە گووراوە. هەمزەغای باپیری سەرۆک وەزیرانی ئەحمە پاشای بابان بووە. بنەماڵەیان تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ ماڵەگەورەکانی جافدا هەبووە، کە هەموویان نیشتمانپەروەرو ئەدەبدۆست و دیوەخاندار بوونە و ساڵانەش گەرمێن و کوێستانی وڵاتیان کردووە. پاش چوونە تورکیا، پیرەمێرد تێکەڵی دەیان

کوردپەروەری گەورەی وەک شێخ عەبدولقادر و دکتۆر فوئاد و شێخ سەعید و مەلا سەعیدی نورسی (بەدیعولزەمان) دەبێ. لە هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو سەردەمی تورکیادا بەشداری دەکا. لەو پێناوەشدا گەلێک جاران تووشی زیندان و جەزرەبە هاتووە. ئەمە نەک هەر لە وەسیەتنامەکەیدا بەڕوونی دیارە، بەڵکوو لە هەندێ شیعریشدا:

کاکە حەمەدەکەی خۆشەویستی خوا
زۆر کەس بە سایەی تۆوە نان ئەخوا

لە وانە زیاتر من تۆم خۆش ئەوێ
هەر تۆی سەربەرزیی قەومەکەت دەوێ

کە لە زیندانیان تێکخزاند بووین
سێدارەیان بۆ داچەقاند بووین

تۆ چووبوویتە لای بەدیعولزەمان
مژدەت دابویە بە مان و نەمان

فەرمووبووت ئێوە نامرن، ئەمێنن،
تا سەر ازادیی گەلتان ئەسێنن

تا ئەو ڕۆژەی ئێمە تێکستی شیعرەکانی قۆناغی تورکیای پیرەمێردمان دەست دەکەوێ، دەبێ قنیات بەو چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی وئیدارییانەی شاعیر بکەین، کە پێشتر ئاماژەمان پێیان کرد. گومانیش لەوەنییە، کە ئەو شیعرانەی لە بەردەستن سەرەتا نین. شاعیران کە سەرەتایانە و گڕوگاڵ دەکەن ناتوانن هێندە دەمپاراوبن، کە گاگۆڵێش دەکەن ناتوانن هێندە تیژڕەوبن.

بەپێی ئەو هۆنراوانەی لە بەر دەستدان، بەتایبەتیش ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی کردەوە و ئاکار و ڕەفتاری شاعیر لێیان ورد بینەوە، ئەوا دڵنیاین لەوەی ئەگەر خانی ڕچەشکێنی بیری نەتەوەیی بووبێ لە سەدەی حەڤدەمدا، حاجی قادر ڕێخۆشکەری بیری سەر بەخۆییخوازی

بوونی لە سەدەی نوزدەمدا، ئەوا پیرەمێرد لە سەدەی ڕابردوودا درێژەپێدەری هەمان پەیامی مێژوویی بووە.

پیرەمێرد هێشتا لە تورکیا دەبێ کە نامەیەکی مستەفا سائیبی خوشکەزای بەدەست دەگا. دیارە نامەکەی بە تورکی نووسیوە و داوای گەڕانەوەی لێ کردووە و مژدەشی داوەتێ کە لە عێراقی تازە دامەزراودا وەزیفەی دەست دەکەوێ. پیرەمێردیش بە شیعرێک وەڵامی دەداتەوە، کە بایەخێکی تایبەتیی هەیە، چوونکە یەکێکە لە شیعرە زووەکان و جگە لەمەش بەرنامەی سەرجەمی ژیان و بەرهەمەکانی داهاتووی شاعیری تێدایە:

مستۆ وادیارە تۆش جل خوار ئەکەی
ئەستۆت ئەخورێ وەمەیلی بار ئەکەی

نامە ئەنووسیت بە زمانی تورکی
لە میللییەتدا مائیل بە شیرکی

ئێمە کە کوردین لە لامان وایە
کوردی زبانێکە زۆر بێهاوتایە

هەولێرنامەی کتێب

پیرەمێرد زمانی بە گەورەترین فاکتۆری پێکهاتەی نەتەوەیی کورد دادەنا، هەر بۆیەش، لە کاتێکدا پانئیسلامیزم هەستی نەتەوەیی کوردانی سڕکردبوو، پیرەمێرد بە زمانی کوردی دەنازی و پیرۆزییەکەی لە هیچ زمانێکی تر بە کەمتر نەدەزانی. لە ڕاستیشدا ئەوەی ئەو بۆ زمانی ئەدەبیی کرد، هیچ کەس و هیچ لایەنێک پێی نەکراوە. نەک هەر لە ئەدبی کوردیدا بگرە لەئەدەبی جیهانیشدا بەدەگمەن هونەرێکی بەرز لەگەڵ ئەخلاقی بەرزی داهێنەرەکەیدا هاوشانن. کەم نین ئەوانەی باسی ئاکار و ڕەفتاری پێغەمبەرانە دەکەن، بەڵام ئەوانەی خۆیان دەکەنە نموونە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. لە ئەدەبی ڕووسیدا کەم نین ئەوانەی باسی هەژاری و دادی کۆمەڵایەتی دەکەن، بەڵام هەر تۆلستۆی توانیی دەست لە خۆشیی ژیانی ماددی و هەموو ئارەزووەکانی خۆی هەڵگرێ و دوای ئەو ئیدیالانە بکەوێ کە ئیدیعای دەکردن. خۆشبەختانە، لە ئەدەبی کوردیدا ئێمەش پیرەمێردمان هەیە. کەڵکەڵەی دەستهەڵگرتن لە خۆشگوزەرانی هەر لە زووەوە لای پیرەمێرد چەکەرەی کردووە. ئەم لەو

شیعرە بەرنامەڕێژەدا دیارە، کە پێشتر ئاماژەی بۆکرا. ئەم هەڵوێستەی پیرەمێرد زوهدێکی ڕووتی سۆفییەکان نییە، بەڵکوو ئامانجێکی کۆمەڵایەتیی لەخۆگرتووە:

نووسیوتە گوایــە وەزیفـەم مـاوە
هەرچیمان کردووە هەر ناتەواوە

چیم کردووە ئێستا، جارێ لە کوێـمە؟
میللەت لـەمــەودوا ئــومــێدی پــێـمە

پیرەمێرد لەوە گەیشتووە کە ئەو کیانە تازەیەی عیراق بەبێ پرسی نەتەوەی کورد چێ بووە، هەر بۆیەش ئەو سنوورانە ڕەتدەکاتەوە کە وڵاتەکەی دابڕدابڕ دەکەن. خۆی بۆ خەباتێکی سەخت و دژوار ئامادە دەکا. ئامانجی ئەو خەباتەش تێکەڵ کردنی "شیمال" و "جنووب"ی نیشتمانەکەیەتی، واتە باشوور وباکوورە، ئەمەش مەحاڵە بێ لەرانەوەی "بەیداغی کوردی".

سەیرکە بەهارم لێ بێ ئینشاڵڵا
لـە کوردستاندا بیکەم بە هەڵڵا

شیمال وجنووب تێکەڵ کەم بەقین
بلـەرزێنمــەوە گاکەی ژێـر زەمین

بەیداغی کـوردی بـلـەرزێنمەوە
ئیرسی ڕۆییوەکان بگەڕێنمەوە

ئێـمە نازانین ئەم هۆنراوە کەی نووسراوە، بەڵام دیارە پێش بیست و پێنج و هەر لەدوای دامەزرانی دەوڵەتی عێراق نووسراوە، ئاشکرابوونی هەقیقەتی کەمالیزم، ڕاپەڕینەکانی سمکۆی شکاک، بزاڤی شێخ مەحموودی نەمر، درووستبوونی چەند دەوڵەتێکی تازە لەسەر پەردووی ئیمپراتۆریای عوسمانی و خورتبوونی هەستی نەتەوەیی گەلانی بندەست بەگشتی، ئەمانە هەموویان ماکی پاکی ئەم شیعرەن.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، کە پیرەمێرد هیچ کاتێک نەکەوتۆتە ژێر تەئسیری پانئیسلامیزم و عوسمانیزمی سوڵتانەکان و پانتورکیزمی ئیتحادی و دواتریش کەمالیستەکان. لەو سەردەمانەدا زۆربەی سەرکردە کوردەکان، بەهۆی ئاینەوە، کەوتبوونە ژێر تەئسیری ئەو چەمکانە و بگرە تا ئەمڕۆش ئاسەوارەکانیان هەر ماون. هەردوو شەهیدی نەمر شێخ سەعید و شێخ عەبدولقادر باوەڕیان بە ئۆتۆنۆمی هەبوو لە چوارچێوەی تورکیا. نەک هەر ئەوان، تەنانەت شێخ مەحموودی نەمریش چاوی لە هاوکاری بوو لەگەڵ تورکەکاندا. مەخابن، لە کاتێکدا کە ڕۆژئاوا لە ململانێدا بوو لەگەڵ ئیمپراتۆریای عوسمانی، گەلانی بندەست بۆ سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان لە هەوڵ و تەقەلادابوون، کەچی شۆڕشگێڕانی باشووری کوردستان لە دانوستاندا بوون لەگەڵ ئۆزدەمیر پاشا و تەمایان بەو بوو لەدەست ئینگلیزی غەیرەدین ڕزگاریان کا!

پیرەمێرد لە نزیکەوە تورکی ناسیبوو. دەیزانی بانگەشەی برایەتی و هاوئاینیی ئەوان لە دیوجامە بەولاوە هیچی تر نییە. باوەڕی بەوە بوو، کە دبێ کوردیش وەک هەموو گەلانی تری بندەست ڕاستبێتەوەو دەوڵەتی خۆی بنیات بنێ و ئاڵای نیشتمانیی خۆی لەسەر زێدی بابوباپیرانی خۆی هەڵکا. لەوان ساڵانەدا سەربەخۆیی وەدەستهێنان خەیاڵ نەبوو هێشتا ئەو ئامرازە شەیتانبەزێنانەی ئەمڕۆ نەکەوتبوونە دەست داگیرکەرانەوە. پیرەمێردیش، وەک حەزرەتی حاجی قادر، قەڵەمی هەیە و بیر لە "شیر" دەکاتەوە:

لەسەر هەرکێوی شێری تێخوڕێ
ناوجەرگی هەموو دوشمنان ببڕێ
ئەوجا سەربەستی بە ئێمە ئەدرێ
خێر ئەوان بیدەن کەڵک ناگرێ

نامەوێ بیدەن، ئاه بێ بیسێنم
فکرم ئەمەیە هەتا ئەمێنم

لای پیرەمێرد بیری سەربەخۆییخوازیی هیچ ئەگەر و پێچوپەنای تێدا نییە. ئەگەر عەرەبی موسڵمان لە تورکی موسوڵمان جیا بێتەوە، بۆچی نابێ کوردیش هەمان ڕێگە بگرێتەبەر؟ ئەمە



هەولێرنامەی کتێب

لۆژیکی پیرەمێرد بووە، پیرەمێرد لە شیعرێکی خۆیدا خەونێک دەکاتە بیانووی دەربڕینی ئەو هەستە نەتەوەییە:

شەوێ لە گوێ شەتی بەغدا خەیاڵی کوردم ئەکرد
گەلێ لە گەل بەجێمابووم، دەستوبردم ئەکرد

بەباڵی شیعر و خەیاڵ کەوتمە پەلە و تەکوتاز
لە ئاسمانی سەرفرازی بەجارێک کەوتمە پەرواز

فەزای ئومێدم ئەدی بێنیهایەت، ڕۆشن، ساف
تلووعی تالعی کورد بوبووە نووری پەردەشکاف

دیارە ئەم شیعرە هەردوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق نووسراوە، پیرەمێرد نەیویستووە وڵاتەکەی بە عێراقەوە بلکێنێ. بیستوپێنج ساڵ لە تورکیای مەڵبەندی برایەتیی موسوڵمانان ژیاوە و لەوە گەیشتووە، کە ئاینی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و هەموو شتێکی هاوبەش، هێندەی موویەک لە زۆرداریی گەلی سەردەست کەم ناکاتەوە بەرامبەر بەگەلی بندەست. بۆیە، کە دەبینێ ئینگلیز دەوڵەتێکی تازەی بەناوی عێراق پێکەوە ناوە، ئەویش بیر لەئازادی و سەربەخۆیی وڵاتەکەی خۆی دەکاتەوە، سنوورێک لە نێوان دەوڵەتی تازەو دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان دەکێشێ:

کەدیم دەوڵەتی تازەی شوێن دەوڵەتی عەبباسی
منیش ئەکەوتمە خولیا، خولیای لالە عەباسی

خەتی حدودم کێشا لە خاکی ڕۆم و عەجەم
بەپانی فەیلی و لوڕ و زەهاویشم دابووە دەم

لەڕاستەوە سابلاخ بوو هەتا خەتی حەکاری
لەبەر تەماسی شیمال لازمە هەتا چاری

کە ڕاست و چەپ ئەمەبێ، ڕوو لە ڕۆژ هەڵات بڕۆ
هــەمــوو قــەومــی خــۆمــانن ڕەنــجەڕۆن و سەرەڕۆ

ئەم شاکارەی پیرەمێرد تەئسیرێکی دیاری حەزرەتی حاجی قادری پێوە دیارە، ئەگەرچی بە شێوەو زمان و وێنەی شیعری، بەئاسانی لێک دەکرێنەوە، حاجی دەربارەی کوردان دەفەرموێ:

لەمەولا با گشتیان بــێــنە ســەر وەی
لە بۆتان و بەیان تا سەر حەدی ڕەی

هەموویان بینە یەک تەعلیم و نووسین
وەیەک بەرگ وزمان و ڕەسم و ئایین.

ئەگەر حاجی لە هۆنراوەی (وەرە سەیری بزانە لاوی کۆیی..) دا باس لە دەوڵەمەندیی ئابووری کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتێکی پێشکەوتووی کشتوکاڵی دەکا، ئەوا لە کوردستانی پیرەمێردا، بەپێی سەردەمەکە، پیشەسازی ڕۆڵێکی بەرچاوتر دەگێڕێ.

ئەلەتریک لە بەرانانــەوە هــەتا گۆیژە
تەلی بەسەر شارا کێشرابوو بەبێ پەیژە

لەڕاستی تەختی سلێمانی چوارپێنج ئەوەندەی مانگ
گڵۆپی نور دەروژوور ڕووناک ئەکاتەوە تــا بــانــگ

تەرەسوداتی تەلەسکۆپی سەر عومەر گدروون
لەپێش قوللەی ئیقڵ بۆی لواوە کەشفی شنوون

لە سەرچنارەوە تا تانجەرۆ، لە ڕیــزی چــەم
بوخاری ماکینە ڕووی ئاسمانی کردووە بەتەم

....

ئەساسی مەرکەزی تەیارەخانە لای خورماڵ
مواسەلاتی لەگەڵ ئـەوروپـا ئـەکا ئیکمال

تونێـل بەناو گوێـژە و تاریدەرا وەکوو توررووس
خەتی شەمەندەفەری پێ گەییە ناو خاکی ڕووس

دەماری مەعدەنی ئاڵتوونی ناو شاری عەواڵان
تیجارەتی هەموو دنیـا کـێـش ئـەکا بە تاڵان

بۆری نەوتی سپیمان گەیشتە بـەحـری سپـی
شکستی خوارد ئەمەریکا کە بیری نەوتی تەپی

لە گۆیژەوە سەرکەوە هـەتـا قـەیـوان
بەڕیزە ئوتێـل وئەیوانی گەیوەتە کەیوان

ئەمەبوو کوردستانی مودێرنی پیرەمێرد، سکێچی وڵاتێکی دەوڵەمەندی وا، کە بتوانێ گەلێکی سەربڵند وئاسوودە و زگتێر لە ئامێز بگرێ. پیرەمێرد ئەم خەونە وەک خەونێکی ڕووت ناگێڕێتەوە، بەڵکوو پراوەی مۆدێلی دەوڵەتێکی واقیعی دەکا، بۆ ئەوەی نەتەوەکەی خۆی پێ هان بدا:

ئەمانە من بە خەیاڵ یا بە خەو کەوا ئەمدی
هیوام بەخوایە بۆ کورد بـەڕاستی بێتـە دی

پیرەمێرد هوشیارانە ئەم خەونە دەگێڕێتەوە، وێنەیەکی شیرینی کوردستانی ئازاد بۆ نەوەکانی دوارۆژ دەکێشێ. **لە کاتی گەڕانەوەدا شاعیر هیوایەکی زۆری بە باشووری کوردستان بووە. پێی وابووە کە ئازادی لەوێوە سەرتاسەری نیشتمان دەگرێتەوە. لەو**

سالانەدا لە سلێمانی هەستی نەتەوەیی، بە بەراورد لەگەڵ مەڵبەندەکانی تری ولاتدا، بەرزبووە. هەر لە ڕێی گەڕانەوەیدا بەرەو سلێمانی یەکێک لە شاکارەکانی خۆی دەهۆنێتەوە، کە پڕە لە گەشبینی:

ئەوا ڕووم کردە تۆ ئەی دایکی موشفیق، بیستوپێنج ساڵە
لە غوربەتدا بە یادی تۆ ئـەژیم خـوا شاهـیـدی حـاڵـە

بەیانیی دا نەسیم لای تووە هات، بۆنی وەتەن پێـوە
ئەوا نووسرایەوە پیرانە سەر عومـرم لـەسەر نوێـوە

...

ترێن جوڵایەوە، وا کەوتە ڕێ، باوەڕ بەخۆم ناکەم
خـەوە یاخـود خەیاڵ ئـەم حـاڵـی فەرەحـناکەم

پاشان بە چاوی خەیاڵ نەوەی دوارۆژ دەبینێ و ئازادی هێندە نێزیک دەکاتەوە هەر ئەوەتا دەستی نایگاتێ ومیوەیەکی گەیشتوو ئاسا نایچنێ:

شەماڵ دێنێتە گوێـم دەنگی منالانی قوتابخانە
نەشیدی میللییان لاهووتییە، قووتی دڵ و گیانـە

هیوام پێیانە ئەم دەستە کوڕانە مەشخەڵێ هەڵکەن
لە تاریکی نەزانیـندا بـە زانستی وەتـەن دەرکـەن

پیرەمێرد قەت شاعیری دەسەلات نەبووە. بەرژەوەندیی بالای نەتەوەی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی ترەوە داناوە. هەر لەبەر ئەوەش پەیوەندیی لەگەڵ شێخی نەمردا ئالۆز و گرێدار بووە. لەلایەک، پیرەمێرد مووریدێکی بنەماڵەی کاکەحمەدی شێخ بووە، هاوڕێی شێخ سەعیدی حەفید بووە، لەلایەکی ترەوە شاعیر بە چاوی خۆی دەیدی، ئەو



هەواڵنامەی کتێب

ئومێدەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوویەوە، ڕۆژ بەڕۆژ دەژاکا. پەیوەندیی شێخ و تورکەکان، تیرۆرکردنی ڕووناکبیرانی وەک جەمال عیرفان و عارف سائیب، ئاوارەبوونی کەسانی وەک ڕەشید جەودەت و تۆفیق وەهبی، پشێوی وفڕکانفڕکانێی "شەل وکوێرەکانی لە خوا عاسی" ... ئەمانەو زۆر شتی تریش نەدەشاردرانەوە. پیرەمێرد هەستی ناڕەزایی خۆی لە هۆنراوەی "لەگوێم دێ دەنگی لایلایەی وەتەن..." دا بەڕوونی دەردەبڕێ، لە شیعری ناوبراودا، ئەو هەموو ئازار و نەهامەتییە دەبینێ کە کورد، لە ئەنجامی شەڕی یەک لەدوای یەکی نابەرامبەردا، لەسەر خاکی خۆی، دووچاری هاتووە. باس لەو دەرفەتە زێڕینە دەکرێ کە ئەقڵییەتی سیاسیی ئەوسای کوردان نەیتوانی بیقۆزێتەوە:

**لەگوێم دێ دەنگی لایلایەی وەتەن، دایک جگەر سووتاو**
**ئەڕژێنێ بەسەر وێرانەکەی خوێناویا خوێناو**

**ئەلاوێنێتەوە و ئەگری، سەری شینە لە ماتەمدا**
**شەو و ڕۆژ کۆتەڵی منداڵەکانی وا لە بەردەمدا**

**ئەڵێ: لەو گەردشەی کوردا کوڕی چاکم هەبوو کوژران**
**ئەوەش مابوو هەموو مردن، لە برسا بێ کفن نێژران**

...

لەئەنجامی دیالۆگێکی شاعیرانەی نێوان شاعیر و نیشتماندا، پیرەمێرد گەردی نائومێدی و ڕەشبینی لە خۆی دادەتەکێنێ و دۆزە پیرۆزەکەی خۆی لەیاد ناکا:

**قەسەم بەو عەزمی کوردەی شانی ڕیچاردی بە شیر ڕووشان**
**کلاوی کورد ئەبێ قووچ بێ، کە هاتو شانی خۆی جووڵان**

* * *

وەک پێشتریش گوتمان، پیرەمێرد لە بیستەکاندا بە ئاشکرا دژی لکاندنی باشووری کوردستان بووە بە دەوڵەتی عێراقەوە. ئەم هەڵوێستەی شاعیر دوای ڕووداوەکانی ئەیلوولی

١٩٣٠ بە هێزتر دەبێ. لەو ساڵەدا بەرخۆدانی بەردەوامی گەلی کوردستان و گەلی عێراق ئینگلیزیان ناچارکرد واز لە مەنداتی خۆی بێنێ و لە باتی ئەوە لەگەڵ حکومەتی نووری سەعیدا، لە مانگی حوزەیرانی ١٩٣٠ دا پەیمانێک لە لەندەن ئیمزا بکا. ئەم پەیمانە ئەگەرچی بەرواڵەت دانی بە سەربەخۆیی عێراقدا ناوە، بەڵام لە زۆر لای ترەوە هەموو مافێکی داوە بە ئینگلیز، بەناوی دۆستایەتی، دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدا. ئەمەش بووە هۆی نارەزایی کۆمەڵانی خەڵک بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی. لەدوای ئەوەی ئینگلیزەکان دەوڵەتێکیان بۆ عەرەبەکانی عێراق دامەزراند و بەشێکی کوردستانیشیان خستە ژێر رکێفیان، لەم پەیمانەدا بە تاکە وشەیەکیش باسی مافەکانی خەڵکی کوردستان نەکراوە. بۆیە، لە شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠دا، کە دەبوایە هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عێراق بەرێوەبچێ، خۆپیشاندانێکی سێلاو ئاسا شاری سلێمانی گرتەوە. حکومەتی عێراق، بە پشتیوانی ئینگلیزەکان، بە درندانەترین شێوە وەڵامی خۆپیشاندەرانیان دایەوە. خۆرا نییە ئەو رۆژە لە مێژووی کوردستاندا بە "ئەیلوولی رەش" ناسراوەو باشترین شاعیرانی ئەوسای کوردستان شیعریان بۆ ئەو رۆژە نووسیوە و شەهیدانی ئەو رۆژەیان لاواندۆتەوە. بەڵام لەو باوەڕەدام کە کەس نەیتوانیوە وەک پیرەمێرد میزاجی ئەوان رۆژانی خەڵکی کوردستان نیشان بدا:

سەر لەژێر سێدارە نانێم، کوردم و تەپلەم بەسە
جۆق وبۆقم بۆ چییە، گۆرانی و چەپلەم بەسە

ئاسمانی باوەپیارە کاری بۆ فەیسەڵ نەداین
مائیدەی بۆ عەمروزەید بێ، من بەڕوو وخەپلەم بەسە

...

سانعی ئەم ئەرزە ئێمەی خستە ژوور بەغدا بەجێ ،
زۆر بەجێیە، عوسبە مۆری کرد وئەم شەقلەم بەسە

لەم شیعرەدا هەستی بەخۆنازین و سەربەخۆییخوازیی پیرەمێرد جێی گومان نییە. سێدارە رەمزی ئیدارەی جارانی عوسمانیی و پاشانیش عێراقە و نایەوێ لەسەری نێ. شاعیر سەربەخۆیی

وڵات بە مافێکی سرووشتی دادەنێ، کە نەک هەر "عوسبە" بەڵکوو "سانیعی ئەم ئەرزەش بە کوردی بەخشیوە و هەر حیکمەتی ئەویشە کە نیشتمانی شاعیری خستۆتە ژوور بەغدا.

لە سەروبەندی ڕووداوەکانی ئەیلوولدا هەندێ لەوانەی خۆیان بە "ئەشراف"ی سلێمانی دادەنا، هەیئەتێکیان پێکهێنا و ڕوویان کردە بەغدا. پیرەمێرد جوامێرانە و میرخاسانە لەو "ئەشرافان"ە لە هەڵلا دەدا، کە هەتا هەتایێ بۆ هەموو هەیئەتێکی خائین بە خاک و نیشتمان بەکار بێ:

وەفدی کوردستان! میللەت فرۆشان،
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان
چەپکێ لە گوڵەکەی باخەکەی سەرا،
کە بە خوێناوی میللەت ئاودرا
بیبەنە خزمەت عەرشی عیراقی
بڵێن: یار باقی هەم سوحبەت باقی،
پەردەو تارای سوور، بەرن بۆ ئەمیر
بڵێن: دوای کوشتار هێشتا تۆی دڵگیر؟
دەک خەجالەت بن لە رووی مەحشەردا،
ئێمە خاکی خەم، ئەکەین بەسەردا..
ئێوەش ئەو عەرشەی بە خوێن گوڵڕەنگە
سوجدەی بۆ ئەبەن، هیچ ناڵێن: نەنگە!؟

وەک نەریتێک لەم هۆنراوەیشدا پیرەمێرد هەر نائومێد نابێ، هەرچەند نسکۆیەکە نسکۆیەکی مەزن بوو. دیسان لە کەوتندا ڕابوون و لەڕەنگی سووردا "مژدەی شەفەق" دەبینێ.

دوادێڕەکانی شاکاری "وەفدی کوردستان" کەوتنە سەر زاران و تا هەتایەش هەر بە نەمری دەمێنێتەوە:

کورد نەمردووە، خەیاڵی خاوە،
بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە

من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەست ئەکەوێ

لەکاتێکدا زۆربەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردستانی شەست ـ حەفتا ساڵێک پێش ئەمڕۆ، مەودای بیرکردنەوەیان هێندە لە زێد و دەڤەری خۆیان تێنەدەپەڕی، ئا لەو تاریکستانەدا، پیرەمێرد، لە هوندوری خۆیدا،شوورەو لەمپەری سنوورەکانی دارماندبوو. هەمیشە و لەهەرکوێ بایە، گوێی هەڵدەخست، بۆ هەر سرتەیێ، هەر قیژەیێ، هەر تەقەیێ، هەر زاڵە و گرمەیێ، لە هەر گۆشە و قوژبنێکی کوردستانەوە هاتبا. هەر ئەمەشە مافی ئەوەمان دەداتێ، پیرەمێردیش، شانبەشانی هەردوو پیری تەریقەتی کوردایەتی، خانی و حاجی، بە شاعیری نەتەوە لەقەڵەم بدەین.

هەر دوای ئەوەی ئەتاتورکی گورگەبۆر، بەیارمەتی و پشتگیریی ڕێکخراوە ماسۆنییەکان تورکیای تازەی دامەزراند (هەندێ ڕێکخراو و خانەدانانی کوردیش لەو پشتگیریکردنەدا بەشدار بوون) لە ماددە ۸۸/ی دەستووری ساڵی ۱۹۲٤ دا بە ئاشکرا نکۆڵیی لە بوونی گەلی کورد کرد. کۆماری تورکیا بووە کۆماری تورکان. لە ۱۹۲٥دا بزافی شێخ سەعید دەستی پێکرد. دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە، ئەوەی کەمالیستەکان بە شار و دێی کوردستانیان کرد شتێکی کەم وێنەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. سەرانی ڕاپەڕینەکە، کە پیرەمێرد لەگەڵ زۆربەیاندا دۆستایەتیی هەبوو لە سێدارە دران (شێخ سەعید و شێخ عەبدولقادر و دوکتۆر فوئاد و ڕێبەرانی تر). بۆیە سەیر نییە کە جوانترین شیعری پیرەمێرد ئەوانە بن کە بۆ تراژیدیای باکوور نووسراون.

ئـەم ئـاسـمانـە شینە، کەوا بەرگی ماتەمە،
تەحلیلی وا کراوە، کە قوببەی خەمە، تەمە.

چەرخێکی کۆنە، ماکینەکەی ژەنگی گرتـووە
چەوری نەکا بەخوێـن، پەکی سووڕانی کەوتووە

نەک هەر ئەمە، بەڵکوو پیرمێرد داوا لە خەڵکی کوردستان دەکا ڕۆژی ۲٤ی ئایار هەتا هەتایێ یاد بکەنەوە:

بۆ ئێمە لازمە هەموو ساڵێک هەتا دەژین،
ئەم ڕۆژی ۲٤ ی ئایارە بکـەیـن بـە شیـن

شاکارێکی تری پیرەمێرد، کە بۆ هەمان مەبەستی هۆنراوەتەوە (هاتن شەهیدەکان)ە:

هاتن شەهیدەکان بەجلی سووری خوێنەوە
دایکی وەتەن دە هەڵسە سلاویان بسێنەوە

شێخ قادرە لە پێشەوە، سەرقافڵەی ئـەوان
چەندجوانە خوێن وڕیشی سپی، پیرو نەوجوان

ڕەنگە پیرەمێرد تاکە شاعیرێکی ئەو سەردەمی کوردستان بێ، کە چوارچێوەی هزر و بیری فراوانتر بووە لە چوارچێوەی شار و بەشە وڵاتەکەی خۆی. مێژووی ئەدەبی کوردی و بیری نەتەوەیی ناتوانێ چاو لەم هەقیقەتە ڕوونە بپۆشێ. جگە لەو شیعرانەی پێشوو، ناکرێ ئاماژە بۆ هۆنراوەی (من وئەستێرەکان)یش نەکرێ، کە گەوهەرێکی بەهاداری ناو گەنجینەی شیعری کوردییە و هەڵقوڵاوی هەمان سەرچاوەیە. ئەم شاکارە چ لە ڕووی هزرییەوە، چ لە ڕووی هونەری و زمانەوانییەوە، شایانی لێدوانێکی تێر و تەسەل و تایبەتە: بەڵام ئەو چەند دەقیقەیەی بۆ ئەم وتارە تەرخان کراوە تەنیا ماوەی ئەوە دەدا، چەند دێڕێکی بە نموونە بهێنینەوە:

ئـەستێرە بـەرزەکـان ئـەدرەوشێنەوە بەشەو،
وەکڎ من بەداخەوەن، نەسرەوتیان هەیە نەخەو

...

من خوار و ژوور لە دەسچووەکەی بێوڵەت خۆم، ئەوان
وەکڎ خێڵی خـوارو ژوورکـەری کورد، وێڵی ئاسمان

پیرەمێرد نەکڎ هەر بە شیعری تایبەتی یادی تراژیدیانی باکووری کردۆتەوە و هەوڵی داوە بیکاتە بەشێکڎ لە زەینی دیرۆکیی نەتەوە، بەڵکوو زۆر جاریش پەندی لێ هەڵێنجاوە و مەسەلەیەکی هاروژاندووە، کە ئێستاش سەرکردایەتیی بزاڤی کورد هەر تێی نەگەیشتووە،

ئەویش شەڕی چەکدارییە لەسەر خاکی کورد خۆی، بێ ڕەچاوکردنی تەرازووی هێزەکان، کە هەمیشە بە زیانی کورد تەواو بووە. شاعیر نەیویستووە دوای چەند تێشکانێکی سەربازی، جارێکی تریش باشوور بە دەردی باکوور بچێ:

باوەکوو ئەوانەی ژووررو نەخنکێن بەدارەوە
با دانەهێنرێین بە تەڕی، بە پۆپەی مشارەوە

قەیوان و قوترە و کونەماسی لە دەست نەدەین
دوایی بە جرتوفرتەوە هانا بۆ کێ ئەبەین ؟

* * *

ئەوەی چاوێک بە بەرهەمەکانی پیرەمێردا بخشێنێ کە لە ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانی و دوای شەڕیش نووسراون، جگە لە هەڵوێستی شاعیر دەربارەی ناسیزم و دیموکراسی، دەتوانێ بەئاسانی دامەزراندن و ڕسکان و هەرەسهێنانی کۆماری مەهاباد بشۆبێنێ هیچ ڕووداوێک بەلای شاعیردا ڕەت نەبووە، بێ ئەوەی نیشانەیەک بەجێبهێڵێ. بەڵام زۆربەی ئەو شیعرانە، لەبەر سانسۆر، تا ڕادەیەک پەردەپۆشن. گەرچی، بۆ کەسێک کە سەلیقەدار بێ، هەڵێنجانی هەقیقەتی هەڵوێستی پیرەمێرد هێندە دژوار نییە. هەر بۆ نموونە، هۆنراوەی (ئای ئائومێدی) کە هی وەلی دێوانەیە و دەسکاریی کردووە. لەم شیعرەدا ڕووخانی کۆمار و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی و چوار ئەفسەرە قارەمانەکان و شەڕی بارزانییەکان لەگەڵ لە شکری سێ دەوڵەتدا بە ڕوونی دیارن:

پرسیم: بایەقوش، دۆستی هاودەردم،
لە جیهان بێزار، یاری چۆڵگەردم،

بۆچی وا چۆڵە ئەم مەرز و بوومە ؟
لەکوێ پەیدا بوو وەیشوومەی شوومە؟

**جوابی دامەوە بە قوڵپی گریان**
**منیش وا جەرگم بووە بە بریان**

**ئەمساڵ بەهارمــان کــە بێبارانــە**
**گوڵاڵەی سوورمان جەرگی یارانە**

**لە هەر سێ لاوە شاییە بە ڕیزە**
**خەنە بەندانیان خوێنی ئــازیــزە**

جاروبارێکیش بە ئاشکرا لەسەر کۆماری کوردستانی کردۆتەوە. لە وەڵامی ڕۆژنامەیەکدا کە لەکەرکووک بەتورکمانی دەردەچوو ولەژمارەیەکیدا خۆشحاڵیی نیشانداوە، کە کۆماری مەهاباد لە ناو دەچێ، پیرەمێرد وەڵامی داوەتەوە و پەندی (**هەمزە لە هەباسی چی، ترە لە تەوراسی چی**) بەکار هێناوە:

**غەزەتەی کەرکووک لە ئێران ئەدوێ**
**ئەڵێ: دیموکرات پەت لــە مل ئەسوێ**

**هەمزە و هەباس و تەورداسییە**
**خەرباری ماسی کونە ماسییە !**

پەرینەوەی بەرزانییە قارەمانەکانیش لە ئاوی ئاراس بە سەرکردایەتی سەرۆک بەرزانیی نەمریش شتێک نەبووە پیرەمێرد لێی بێئاگابێ، ئەمە بەڕوونی لە هۆنراوەی (**عەشرەت هاوارە**) دا دیارە:

**عەشرەت هاوارە، عەشرەت هاوارە،**
**کــەوتــوومــە ئــاراس ئــاو بێــبوارە**

**ڕێـم نییە منیش شوێـن ئەوان کەوم**
**پیرم، هەنگاوێـک بـنـێـم ئـە کـەوم**

پیرەمێرد سەر بەهیچ حیزب وئیدیۆلۆیایەکی دەستنیشانکراو نەبووە. هیچ دەسەڵاتێکیشی نەکردبوو بە دارشەق بۆ بەرێوەچوون. ئەمەش لەسەردەمێکدا کە باشووری کوردستان لە ڕووی ئیدیۆلۆژییەوە یەکڕەنگ بوو. ئەو حیزبانەی هەبوون، بەتایبەتیش لە ساڵانی شەڕ و دوای شەڕدا، بەلشفی ـ ستالینی بوون. لە کوردستانی ئەوان ڕۆژاندا، دوو ڕەنگ هەبوون: ڕەش و سپی. (ئەوەی لەگەڵ ئێمەدا نەبێ دوژمنی گەلە)، کە ناماقوولییەکی ستالینە، بێکەموکوڕی پەیڕەو دەکرا. ئەگەرچی ئەم بارودۆخە کاری کۆمەڵایەتی و کولتووری و ڕۆشنکاریی پیرەمێردی ئاستەنگ دەکرد، بەڵام شاعیر بڕوا و متمانەیەکی بێسنووری بەو پەیامە پیرۆزە بوو کە لە ئەستۆی گرتبوو و تا دوا هەناسەشی هەر کۆڵی نەدا، هەر بەمەش پیرەمێرد توانیی ببێتە گەورەترین کەسایەتیی کۆمەڵایەتی وکولتووری لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. کە باسی پیرەمێرد دەکری نابێ خۆمان لەوەش گێل کەین، کە شاعیر، بەتایبەتیش لە ساڵانی دوایی ژیانیدا، تووشی هێرش و تانە و تەشەری هەندێ دەمڕەش و نەخوێندەواران دەهات. باری سیاسی و ڕادەی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و یەکڕەنگیی ئیدیۆلۆژی ئازارێکی گیانیی بۆ پیرەمێرد پەیدا دەکرد. ئەم ئازارە لە شیعری (تەنیا دڵسۆزی)دا بە ڕوونی دیارە. پیرەمێرد یەکێک لەو کەڵە پیاوانەی هەقی خوراوەو کاتی ئەوە هاتووە بەشێک لەو ئەرکە ئەخلاقییەی سەبارەت بەو دەکەوێتە سەر شانمان بەجێی بێنن. زەحمەتە ئاوا بەسرپێیی باس لە دیاردەیەکی گرێدار و ئاڵۆز و دەوڵەمەندی وەک پیرەمێرد بکرێ، بەڵام بۆ ئەوەی هەقی ئەوانە نەخۆم کە دوای من وتاریان هەیە، ناچارم بەوەندە قنیات بکەم. سوپاس بۆ هەموو لایەکتان.

صه باحی غالیب

# داهێنانەکانی پیرەمێرد
# لە
## بواری پەخشانی هونەریدا

**سەرەتای باس:**

لە قۆناغێکی زۆر کورتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کۆمەڵێک گۆڕانکاری بنەڕەتی و جیاواز جیاواز لە گێتیی زمان وئەدەبیاتی کوردیدا هاتنە کایەوە کە بە گەورەترین وقووڵترین گۆڕانکاریی پێشکەوتن دەژمێررێن لە مێژووی کورددا، لە ئاکامدا گۆڕانکارییەکە بووە بزوتنەوەیەکی داهێنان و نوێبوونەوەی زمان و ئەدەب کە تا ئێستا درێژەی هەیە.

**بناوانی ئەو بزوتنەوەیە بێ دوودڵی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی شکۆداری بنەماڵەی بەدرخانییەکان و دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا.**

هاتنە ناوەوەی هێزە داگیرکەرەکانی وڵاتانی هاوپەیمان لە بەریتانیاو فەڕەنسا بۆ داگیرکردنی دەوڵەتی عوسمانی وپیادەکردنی پەیمانی سایکس ـ بیکۆ، هاوکات بیری تورکایەتی و شۆڤێنی تورکە لاوەکان و خۆهەڵبواردن لە میللەتانی دیکەی موسوڵمانان، لە کوردستانیشدا بە

تێکەڵاوی و تاوی ئاینی ئیسلام، قۆناغێکی دیکەی جۆرە هۆشیارییەکی نەتەوەیی کوردی هاتەکایەوە، ئارەزووی گیانی کوردایتی و خۆجوداکردنەوە لە تورک وعەرەب وفارس وەدەرکەوت. بۆ قۆناغ وبیری ئاوا، زمانی کوردی نەبێ، جەوهەرو ڕواڵەتی لەهی پێشوو جودا بکاتەوە، شتێکی دیکە هێند بە بەرزی و لوتکەیی نابینرێ.

## پەیدابوونی ڕۆژنامەنووسی وگەشەکردنی زمان وئەدەبیاتی کوردی:

دوا بەدوای ڕۆژنامەی کوردستان، ڕۆژنامەکانی دیکە تایبەت "تێگەیشتنی ڕاستی" کە ژمارە یەکی لە ڕۆژی سێ شەممەی یەکی کانوونی دووەمی ١٩١٨دا لە بەغدا دەرچوو(١)، دامەزراندنی چاپخانەی حکومەت لە سلێمانی لە ١٩٢٠داو بلاوبوونەوەی ڕۆژنامەی "پێشکەوتن"(٢)ی سلێمانی کە لە ڕۆژی پێنج شەممەی ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠دا یەکەم ژمارەی لێبلاوکراوەتەوە، ئاسۆی نەخشەی زمان وئەدەبیات وتێڕوانین وبیری کوردی فراوانتر کرد.

پەیدابوونی ڕۆژنامە، زمانی نووسینی دەوێ، بوژاندنەوەی ئەدەب وخزمەتکردنی زمان پێوەندییەکی نەپساوەیان بە ڕۆژنامەنووسییەوە هەیە، بۆیە لەو کاتەوە لە خوارووی کوردستان تایبەت ناوچەی سلێمانی ورەواندوز کە لە دواییدا حسێن حوزنی موکریانی بە هیممەتی فەرهادانەی چاپخانەی زاری کرمانجی لەوێ دامەزراند، هۆکاری بووژاندنەوەی ئەدەب بوون بە هەموو شێوەکانییەوە، وردە وردە بناغەی ڕێنووسی کوردی وڕێزمانی کوردی دامەزران، زمانی تورکی وفارسی لە نووسیندا کەنارخران. پەخشانیش وەک هونەرێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا سەری هەڵدایەوە(٣) کە ڕەنگە لەڕووی هونەرییەوە لە هەموو شێوەکانی دیکەی ئەدەب لە لایەنی دارشتنەوە گرانتربێ چونکە ڕاستەوخۆ بەندە بە ئاستی بەرزی ڕووناکبیریی نووسەرو مەودای تێگەیشتنی کۆمەڵ وگەشەی شارستانییەتەوە.

کۆمەڵێک هەل ومەرج هەن بۆ ئەوەی گرنگییەکی تەواو بە ڕۆژنامەی "پێشکەوتن" بدرێ، لەوانە: یەکەمین ڕۆژنامەیەک بووە لە شارێکی کوردستان بەبەردەوامی ودروستی لەماوەی پتر لە دوو ساڵدا زۆرترین ژمارەی لێدەرچووبێ(٤). هاوکات یەکێک لە بناغەکانی ڕێڕەوی "پێشکەوتن" پیتەدان بووە بە زمان وئەدەبیاتی کوردی و بژارکردنی زمانی کوردی لە ووشەگەلی بێگانەو هاندەربووە بۆبەکارهێنانی ووشەو دەستەواژەی ڕەسەنی کوردی پەتی. هەر وەک ئاشکرایە بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە دوای ماوەیەکی کەمی شەش مانگی هەنگاوێکی بەرچاویان بۆ هاندان وگەشەکردنی زمانەکەمان هاویشت، ئەویش بە سازدانی ڕێبەرکێیەک بۆ نووسینی چاکترین وپووختەترین پارچە ئەدەبی بە زمانی ئەدەبی کوردی، لەژمارە ٢٧دا "بۆزانین"ێک بۆ مەرجەکانی گرەوەکە بلاودەکاتەوە، لە خاڵی پێنجەمدا



هەورامەی کتێب

دەنووسێ ودەڵێ: **"ئەو کەسە گرەو دەباتەوە کە نووسینەکەی ڕوون ودیاربێ، فارسی وتورکی وعەرەبی کەمتر تیابێ وتامدار بێ، نووسینەکەیشی وەکێ سیاسی، فەلسەفەو ئامۆژگاری نەبێ، باسی زرعات یا سەفەرنامەو حیکایەت وسەرگوزەشتەی شەڕو شتی وابێ باشە."[5]**

ئەنجامی گرەوەکە لە "پێشکەوتن"دا بلاودەکرێتەوە.. **"ئەوانەی نووسینیان خستبووە ئەم بازاڕی پێشکەوتنەوە لە پانزدە ئەم سیانەی کەوا چاپکراوە بە باشتر بینران، چونکە هەشتەکەی تر لە کتێب وبیستن وەرگیرابوون، وەکێ ئەمانە کە هەر بەبیراهاتوون چاکێ نەبینراون، چونکە وەرگرتن وەکێ خۆرێکخستن وداهێنان گران نییە، ئازایی زیاتر لەوەدایە کە پیاو بە بیری خۆی ڕێکیخات نەکێ لەم ولەوی وەرگرێت."[6]**

خەڵاتی یەکەم بەر م. نوری - واتە شێخ نووری شێخ صالح دەکەوێ لەسەر شیعری "جووت وگا شتێکی چاکە"، دووەم بەر زەکی صائیب دەکەوێ لەسەر پارچە پەخشانی "بۆ چرووکێ"، سێیەم بەر محەمەد جەمیل دەکەوێ لەسەر ڕۆژەوە بوونێکێ کە لە هەموو شتێکێ پتر لە چیرۆکی کورتەوە نزیکترە.

بۆ چرووکێ بە شێوەی زمانەکەیدا، چ بەکارهێنانی وەستایەنەی ڕێزمان وچ هێنانە پێشەوەی ووشە وچ تابلۆی ئەدەبی، ناکرێ بە یەکەمین پەخشانی تازەی هونەریی کوردی دانەنرێ، نووسەرەکەی بە دەنگێکی غەماوی وپڕئێش وژانی دەروونییەوە، ناڵەی خۆی بەرز دەکاتەوە، لەوە دەچێ تەنێ تاقیکردنەوەیەکی تایبەت بێ وبۆگرووزەکەی لەگەڵ هەناسەی ساردی خەڵکیدا تێکەڵ نەبووبێ. **"هەچ وەختێکێ ئەم قامیشە دوولەتە، ئەم ئاسنە دووکەرتە ئەگرم بەدەستەوە، زمانم توێ توێ ئەبێ، خوێنی دڵ، ئەو دڵۆپە دڵۆپە سوورانە لە هەموو شارەگی لەشمەوە کۆئەبێتەوەو ئەتکێ، حەوزێکی سوور ئەخاتە بەرچاوم، تنۆکێ تنۆکێ لە چاومەوە، فرمێسکێ ئەڕژێ ولەبەر پێما بیرێکێ پەیدا ئەبێ..."[7]**

کاتێکێ هۆکارێکێ جەماوەرێکێ لەخۆ دەپێچێ یا باوەشیان پێدا دەکا، ئەوا هەمووان گیرۆدە دەکاو شینی بە کۆمەڵ بەرز دەبێتەوە، بەڵام لە "بۆچرووکێ"دا قووڵبوونەوە هەیە، بۆیە هەتا بلێی بە کزی دڵ وکزەیەکی دەروونەوە دەداتە ناڵە **"هاوار، صەد هاوار، من چیم کردووە خوا وام لێبکا، ئەگەر نەبوایە بە ناشکوری، ئەو دەست وچاوە،ئەو گیانەی خوا داویێ وەکێ بوخچەی بووکێ ئەمپێچایەوەو ئەم کوتا بەسەرو چاوی عیزرائیلدا... نەم ئەویست، بەڵام ئەویشم پێناکرێ، عیزرائیلیشم دەستناکەوێ، لە دوای ئەگەڕێم ونایگەمێ، لێم بووە بە سێبەری خۆم کە بۆی ئەچم ئەڕوا، ڕاوو دووی دەنێم ڕائەکا، هەر نایگەمێ تا ڕۆژی خۆی نامگرێ، منیش دەبێ تا ئەو ڕۆژە بتلێمەوە"[8]**

## مەملەکەتی کوردستان و ڕۆژنامەنووسی:

دوای ئەوەی ڕۆژنامەی پێشکەوتن لەکار دەکەوێ، ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمدارێتی ومەملەکەتی کوردستان، **"بانگی کوردستان"** و **"ڕۆژی کوردستان"** ئاڵای گەشە کردن وخزمەتی ئەدەبیاتی کوردی دەگرنە ئەستۆ، کەبەمە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا، دەوڵەتی کوردی بایەخێکی فراوان و بە بەرنامەو بیرکردنەوەیەکی بەرپرسیارێتی لە بواری زمان وئەدەبدا دەست بەکاردەبن. م. نوری، ڕەفیق حیلمی، عەلی کەمال باپیر ئاغا ومستەفا پاشای یاملکی لە ڕیزی پێشەوەی ڕۆژنامەنووسان وئەدیبانی ئەو دەمە نێو دەبرێن.

ڕۆژانی فەرمانڕەوایەتی مەلیک مەحموود بیر لە هێنان ودامەزراندنی چاپخانەو پێشکەوتنی زمان وئەدەبیاتی کوردی کراوەتەوە، ڕۆژنامەکان بواری گەشەکردنی نووسینی پەخشان وبەکارهێنانی ووشەی کوردی وخزمەتکردنی ڕێزمانەکەیان بەمەبەست تەماشاکردووە.

دروشمی ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان" کە لە هەموو ژمارەکانیدا دووبارەکراوەتەوە، زانست وپیشەسازی بوو، هەوڵی کردنەوەی قوتابخانەو خوێندەوارییان گەلەک بە گرنگ وەرگرتووە، بەتەنگ مانەوەی سامانی دێرینەی کوردەوە بووە. بۆ نیازی دامەزراندنی چاپخانە بەو جۆرە دەنووسێ **"بۆ ئەوەی ئێمەش ئەم ئاسارە نەفیسانەو ئەم ئەدەبیاتە بە قیمەتانەمان لەکیس نەچێ و بەمرووری زەمان نەفەوتێن، لازمە لە تەرەف غیرەتمەندانی موحتەرەمی وەتەنەوە بۆ هێنان و کڕینی ماکینەی چاپ قسوور نەکرێ."**(٩)

زێوەری مامۆستاو ڕێبەری بیری سەرفرازی کورد، بۆ هاندانی کردنەوەی چاپخانەو بلاوکردنەوەی ڕۆژنامە، هاوکات فێربوونی زانیاری و پاراستنی گیانی سەربەخۆیی، دەنووسێ و دەڵێ **"فیکری عالی لە قەلبی عالییەوە پەیدا ئەبێ، ئەم فیکری تازەیە "هێنانی مەتبەعە" حەیاتی تازە بە وجودی مەملەکەت دەبەخشێ، چونکە ڕۆحی میللەت مەعاریفە، نەشری مەعاریفیش بە واسیتەی مەتبووعاتەوەیە."**(١٠)

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە مەلیک مەحموود خۆی هۆکارێکی بایەخدار بووە لە دەست بەخۆدا هێنان و چوونە پێشەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی، نووسەران و شاعیرانی کورد لە سەردەمی دەسەڵات وفەرمانڕەوایەتی ئەو جوامێرەدا، چییان لەدڵدابووبێ وبەقەڵەمیاندا هاتبێ بۆ ڕەخنەو تیروتانە لێدان درێغیان نەکردووە، ئەویش بەوپەڕی سنگ فراوانی وگوێ لێگرتنیانەوە پێشوازی لێکردوون.

سەردەمی سەرفرازی مەملەکەتی کوردستان، هێندەی نەخایاند، ئەو ئەستێرەیە زوو کشا، بەڵام لە دڵ وچاواندا وون نەبوو. **بەر لەهەموو دەستەو توێژو لایەنێک ڕووناکبیرانی**

**کوردی کاس کرد، وەکی دی بێ هیوا نەبوون و ئەوەی کە لە دەستیان دەهات ئەوەبوو درێژە بە چالاکی خۆیان بدەن.**

هاتنەوەی پیرەمێرد و خۆکردنەوەی بە سلێمانیدا بە یەکێک لە خاڵە وەرچەرخانەکانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی دەژمێررێ، هەر زوو مژدەی زیندووکردنەوەی گشت لایەنەی کوردەواری ڕاگەیاند و ئاواتی کردەوە بەبەر هیوابراواندا.

## پیرەمێرد و نووسین و ڕۆژنامە:

لە نووسەرانی خوارووی کوردستاندا پیرەمێرد یەکەمین نووسەرێکە بەکردەوە کەوتبێتە مەیدانی ڕۆژنامەنووسییەوە جابا سەرەتاکە بەزمانی تورکی عوسمانلی بووبێ کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٨، لەو ڕووەوە خۆی دەڵێ **"نۆبەرەی غەزەتەمان لە ئەستەمبوڵ - غەزەتەی کورد - بوو، کە ئیمتیازی بەرمن کەوت"**(١١)

بواری ڕۆژنامەنووسی بەر لەهەموو شتێک زمانی پەخشانی دەوێ نەک شیعر، بۆیە پیرەمێرد لەپاڵ شیعر نووسینا، قەڵەمی پەخشانیشی بەکارهێناوەو چاکیشی بەکاربردووە.

دەوروبەری ئەستەمبوڵ بۆ پیاوێکی بە مشووری ڕووناکبیرێتی وەک پیرەمێرد، خێرو بێر بووەو بەسەریدا ڕژاوە، لە لایەکەوە تێکەڵاوی بەرزترین ئاستی خوێندەوارەکانی تورک وکوردی ئەوکاتە بووە، لەلایەکی دیکەشەوە، بلندترین پایەی خوێندەواری قۆناغی خۆی کە کۆلیژی ماف بووە پێبڕاوە، سێیەمیش بە بیروگیان و قەڵەم هاوبەشی بزووتنەوەی سیاسی و ڕووناکبیریی کوردی کردووە و نەبەردانە لە ڕیزی ڕێکخستنە کوردییەکاندا درێژەی بەخەباتی هۆشیارکردنەوەی سیاسیی خەڵک داوە. **بۆیە کاتێک لە سەرەتای شوباتی ١٩٢٥دا گەڕاوەتەوە سلێمانی، پیرەمێرد بەعەقڵ و تاقیکردنەوەی ڕۆژگار، قاڵ و کامڵ بووە، بەرنامەیەکی تەواوی بۆ خزمەتی کورد بۆ خۆی و بۆ جەماوەران لەبەر چاو گرتووە.**

لە وولاتیش، یەکێک لە یەکەمین هەل و مەرجی بەرنامەکەی پیرەمێرد، دەرکردنی ڕۆژنامەو قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری و هاندانی ئافرەتان بووە، ژیان - ژین، زانستی و نەورۆز مەیدانی کاری لێزانانەی ئەو بوون، لەوبارەوە تێگەیشتنێکی چەسپاوی وای لا گەڵاڵە بوو بوو، خزمەتکردنی بیری زیندووبوونەوەو ڕابوون وزمانی کوردی و پێشخستنی و گەشەکردنی بە ئامانجی سەرەکی دانابوون، بۆ ئەو مەبەستەش بە پێویستی زانیوە جگە لە شیعر بە زمانی پەخشان جیهانی نووسینی کوردی فراوانتر بکا، پەرپوی نزیکەی چارەکە چەرخێکی پیرەمێرد لە زێدو مەفتەن، دەیەوێ بە نووسینەکانی قەرەبووی ئەو ماوەیە بکاتەوە، شتێکی لێی بێبەش و لێی بێبەشکراوە بەنووسین دروستی بکاتەوە، بەرهەمیان دێنێتەوە، بەڵام

بەرهەمهێنانەوەیەکی دەوڵەمەندو جوانترو سەرنجڕاکێشتر، کە ئەمە دەبێتە بە جێهێنانی یەکێک لە ئەرکە پیرۆزەکانی نووسەری گەورەو ئەدەبی بەپێز.

## هەندێ بۆچوون بەرامبەر نووسینەکانی پیرەمێرد:

پەخشانە هونەرییەکانی پیرەمێرد، هێندەی دیوانەکەی پیتەیان پێنەدراوە. ئەگەرچی سەرەتای تەمەنی ئەو بەرهەمانەی بە زمانی کوردی زێدەتر دەگەڕێتەوە بۆ دوای گەڕانەوەی و بەرپرسیارێتی و کارکردن لە ڕۆژنامەی "ژیان و ژین"دا بەڵام تا ئێستا ڕەسەنایەتی و هەڵنانی جوانکارییەکانیان وەک شایانیان هەیە گرنگییان دەرنەخراوە. نەک هەر ئەوە، لە ئەدەبی کوردیدا بەگشتی، ڕۆڵی پەخشانی هونەری باس و توێژینەوەی قووڵ و هەمەلایەنەی لەسەر نەنووسراوە. بە شێوەی ئەدەبێکی بەرز چوارچێوەی بۆ نەکێشراوە.

سەبارەت نووسین و پەخشانە هونەرییەکانی پیرەمێرد، لێرەو لەوێ بەسادەو ساکاری، پەراوێزئاسایی، هەندێ شتیان لەسەر نووسراوە، ڕەنگە زێوەری شاعیر یەکەمین کەسێک بێ لەو بارەوە وابزانێ کە "- قەڵەمی پیرەمێرد - لە نەسرا بێ مەسیلە، کەس نایگاتێ."(١٢)

ڕەفیق حیلمی بەلای پەخشانەکانی پیرەمێرددا ناچێ، تەنێ سەرنجێکی لابەلایی بەرامبەر هەوڵە چیرۆکییەکانی دەردەبڕێ و دەڵێ "جگە لە شیعر، پیرەمێرد لە لایەن سەرگوزشتەو چیرۆکیشەوە خزمەتی ڕۆحی ئەدەبی کوردی هاتووە بەبیرا"(١٣)

حسێن عارف لە پەیوەندی بە چیرۆکەوە، تەماشای پەخشانەکانی پیرەمێرد دەکا، وا ڕەوا بوو پەخشانێکی بەنموونە بهێنایەتەوە، ئەوجا بەراوردی لەگەڵ چیرۆکەکانیدا بکا، تێگەیشتنی حسێن لەو بارەوە بەم شێوەیە "پیرەمێرد لەو نووسینانەیدا هاتووە سەرگوزەشتەیەک یا ڕووداوێکی ڕابردوو یا کارەساتێکی سەردەمی ژیانی خۆی گرتووەو لە شێوەی پارچە پەخشانێکی ئەدەبیدا کە هێندەی لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەیەکی هەفتەیی وەک -ژیان و ژین- دا جێگەی بێتەوە تۆمارکردوون، کە بەڕای من -حسێن- زۆربەیان کەرەسەیەکی باش بوون بۆ چیرۆک و دەتوانرا گەلێ چیرۆکی هونەریی سەرکەوتوویان لێبهێنرایەتە بەرهەم، بەڵام ئەو بەم بارەدا زەفەری پێنەبردوون و لەوە زیاتری لە دەسەڵات و وزەدا نەبووە."(١٤)

ئەمن پێم وایە پیرەمێرد لە ئاگاداری و شارەزایی و هوشیارییەوە دەستی بۆ قەڵەمی پەخشانی هونەری بردبێ، نەک لە باردا نەبوون. خۆ ئەوەتا چیرۆک و شانۆ گەریشی هەیە، ئەگەر مەبەستی بوایە پەخشانەکانی دەکردنە چیرۆک، بەڵام ئەو ویستوویەتی گوڕێکی بەتین بە پەخشانی هونەری بدا، بەڕاستیش کارێکی مەردانەو لێزانانەی ئەنجام داوەو توانستێکی داهێنانەی بەکاربردووەو کۆمەڵێکی نایابیشی بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی بەجێهێشتووە.

پیرەمێرد خۆشی لەو بارەوە دەنووسێ و دەڵێ "لە سایەی مەتەڵ و ژین"ەوە شاعیر زۆربوون با کۆنە شاعیرەکان جێیان بۆ چۆلکەین، ئیتر من پەخشان ئەنووسم."[١٥]

دوکتۆر ئیحسان فوئاد لەڕووی شێوەوە، گرنگییەکی تەواو بە بەرهەمەکانی پیرەمێرد دەدا، لەگەڵ مەبەست و ئامانجەکانیدا بۆ یەک ئاستی بەرز هەڵیاندەکێشێ، زمانیش بە ئاهەنگێکی مەعنەوی و ماناڕوون لە کاری ئەدەبی پیرەمێرددا دیاری دەکاو دەڵێ "دەری خست کە زمانی کوردی زمانی هۆنراوەو نووسین و ئەدەبە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕووی کردە شێوازێک کە بەرزو بالایە، لە دارشتنیشا سووک و ڕەوان کە هەموو کەسێک لێی تێبگات و چێژی لێوەربگرێ بەلام زۆرکەم ئەتوانن بەو جۆرە بنووسن و بهۆننەوە."[١٦]

عومەر مارف بەرزنجی لەکتێبی "لێکۆڵینەوەو ببلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی"دا ڕێبوارانە هێمایەک دەدا بە کارە پەخشانەکانی پیرەمێرد و دەنووسێ "جگە لەکاری ڕۆژنامەگەریتی و بلاوکردنەوەی شیعرە بە سۆزەکانی ئاورێکی بەجێی لە پەخشان و گرنگی چیرۆک داوەتەوە."[١٧]

دوکتۆر عیزەدین مستەفا لە ڕوانگەی دۆخی گشتی بەرهەمەکانی پیرەمێردەوە دەڕوانێتە پەخشانەکانی، دیارە دەبێ بەرپرسیارێتی شیعرەکانی لە سیاسەت و بیرو بۆچوونی نەتەوەیی چۆن بووبن، بەو شێوەش پەخشانەکانی بۆ ئەو مەبەستانە نووسراون، "پیرەمێرد کۆمەڵێ پارچە پەخشانی کوردیی نووسیوە، کە لەڕووی بیرو سۆزو دارشتن و کوردیی پەتییەوە دەچنە ڕیزی شیعرەکانی ویەک مەبەستیان پێبەجێنەهێنرێ."[١٨]

## پەخشانە هونەریەکانی پیرەمێرد:

پیرەمێرد وەک چۆن لە نوێکردنەوەی شیعرو زمان و ڕۆژنامە نووسی و زیندوکردنەوەی کەلەپووری نەتەوەییماندا پێشەنگ بووە، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا لە لایەن پیرەمێردەوە لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ژیان[١٩] دەستەواژەی "شیعری پەخشان"ی بەکاربردووە، بەمە پیرەمێرد شانازییەکی دیکە دەخاتە سەرکێوی شانازییەکانی دیکەی.

لە مەیدانی بەرینی پەخشاندا، چ پەخشانی ئاسایی وچ پەخشانی هونەری، پیرەمێرد کاری بالای کردووە، پەخشانە ئاساییەکانیشی هێند جوان و بێگرێن، تام و بۆی ئەدەبیاتیان پێوەیە. هەڵبەت ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ زاڵ بوون و شارەزایی ئەو لە زماندا و زەوقی هونەری و چێژی جوانکاری بۆیە بۆگشت بابەتێک ماتەم بووبێ[٢٠] یا باسی ئابووری وبازرگانی[٢١] یا گەشت وگوزارو یادگاری باپیران[٢٢] کولتوورو مێژوو، پیرەمێرد هەوێنی ئەدەبیات و هەستی ناسکی تێکەلاو کردوون.

سەبارەت جێگەو ڕێگای پیرەمێرد لە ئەدەبی کوردیدا، خاوەنی مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا عەلادین سوجادی باسێکی دوورو درێژی بە نێونیشانی "ئەدەبیی بەناوبانگی کورد پیرەمێرد لەگۆڤاری گەلاوێژی ئابی ١٩٤٣دا بلاوکردۆتەوە، لەوێدا بەو شێوە لێیدەدوێ و دەنووسێ "ئەگەر ئەدەب عیبارەت بێ لە تاودانی قەڵەم لە مەیدانی بەلاغەتداو گێڕانەوەی چۆنیەتی ڕابوردوان و باسی دێرینەی پێشینان، یا نووسین و لوغەت و عاداتی کۆنی باو باپیران لەگەڵ وێنەیەک لە سەقافەت و تێبینیاندا بە عیبارەتێکی نەخشین و ڕەنگین و تەڕوتازە، ناتوانین بڵێین ئەمانە بە هەموو مەعنایەکیانەوە لە قەڵەمی یەکێکی وەک پیرەمێرد دا بۆ زمانی کوردی لە کورد زماندا توانیبێتی ئەسپی خۆی تاوبدا، پیرەمێردی ئەدیب بە بلاغەتی کەلامی و سیحری بەیانی و تیژی بیری، شۆڕشێکی شۆڕئەنگێزی خستە ناو کۆمەڵی کوردەوەو ڕەچەیەکی وای شکاندا کە بوو بە پێشەوایەکی ئەدەبی، کوڕانی کورد دەتوانن تا ڕۆژی دوایی شوێنی کەون.."(٢٣)

سەرنجەکانی سوجادی چڕوپڕ گشتین، شیعرەکانی و پەخشانەکانی و سەرجەم بەرهەمەکانی خالۆ دەگرنەوە.

لە جیهانی لێکۆڵینەوەو لە پەخشانی هونەری لە ئەدەبی کوردیدا، باسکاری ئەدەبی هەر لەسەرەتاوە ڕوو بەڕووی دیاریکردنی ڕواڵەت و جەوهەری ئەو جۆرە ئەدەبە دەبێتەوە، تێکچڕژانی شێوەو ناوەرۆکی شیعری تازەو پەخشانی هونەری، تایبەت وێنەی هونەری و مۆسیقای ناوەوەو بەجێمانی چێژوتاوی شیعرەکە یا پەخشانەکە لای ئەدەبناس و ئەدەبدۆست ، ئاسان نین ببنە هەڵبوێرانی یەکێکیان لەوی دی.

لە نەخشەی ئەدەبیاتی پیرەمێرد دا پەخشانی هونەری، پشکێکی بەپیتی گرتووە، زۆر لە مەبەستە شیعرییەکانی، بە پەخشانیش دایڕشتوونەوە، ڕامان و قبووڵبوونەوەو تێگەیشتنیان دەروازەی زۆر داهێنان و نهێنی زمان و جوانتر نواندنی سروشتی کوردستانت بۆ دەکەنەوە.

بۆ بەرهەمی پیرەمێرد گەلەک سەرچاوە دیاری دەکرێن: مێژوو، کولتوور، شارەزایی لە زمانداو...بەڵام لەهەموویان گرنگتر پێوەندی پیرەمێرد بەخەڵک وخاکەوەیە، پەخشانەکانیشی تێکەڵاوی تاقیکردنەوەو ئەندێشەو سروشتن "خوا دەزانێ لێرە کە پاڵتۆ شڕەکەم لەبەر دەکەم و لەگەڵ شەش کەسی هاودڵ و هاو زماندا لە کەناری زەڵم و دواوان لە ڕاوە ماسیدا لێی ڕادەکشێم و جار جار لەو سەوزە گیایەدا دەتلێمەوە لە پرینسەکانی دەوری بیزانس کە بە وەلیعەهدی لەو ئۆدەیەدا دادەنیشتین خۆشترە.

خۆ کە دەچمە ناو خێوەتی عەمەلەی ئەشغال و بەخاڵەخاڵە دێن بەلامەوە، ئەو دڵ و دەروونە صاف وپاکە لە دڵ و دەروونی هەموو ڕەفیقەکانی مەجلیسی عالی ئەستەموڵم پێخۆشترە."[٢٤]

کە لە ئەستەموڵ و دەربەدەریشدا ڕۆژگاری بەسەر بردووە، لەوە دەچێ دڵی لەگەڵ خۆی نەبردبێ و لە وڵات بە جێی هێشتبێ، لەوێش لەگەڵ گەورە پیاوانی ئەدەبدا باس هەر باسی کوردەواری بووە، لەگەڵ شاعیری بەناوبانگی فەڕەنسەدا ئەم هەر بە میل و جوانی و شۆخی خۆیدا هەڵیداوە بۆیە دەنووسێ و دەڵێ: " دوا شاعیری مەشهووری فەڕەنسە - پیڤەر لوتی Piver Loti - کە تا حەربی عمومیش مابوو، دۆستی تورک بوو، زۆر لەسەر توورکی کردەوە، سیاحەتێکی ئەصفەهانی هەیە، گوزەرانی خێمەنشینی و صەحرا نەوەردی پەسەند دەکرد، لە ئەستەموول کە یەکترمان دەدی، زیاتر لە خۆشی و صەفاو سەربەستی و ئازادی ڕەشماڵ نشینی عەشایەر دەدواین.

من زەوق و لەزەتی گەرمیان و کوێستانی بە گزادەی جافم بۆ ئەو دەگێڕایەوە، ئەویش ئەو عەشائیری خێمە نشینەی ئێرانی دەهێنایە پێش چاو"[٢٥]

لە زوربەی پەخشانە هونەرییەکانیدا بایەخێکی بەرچاوی بەدیمەنی جێگەو کات داوە، جێگە لای ئەو شوێنێکە لە کوردستان، یەکێکە لە سەرچاوەکانی ڕووداوو مێژوو، بەرەکەت دەخاتە زانیاری و شارەزایی مرۆڤەوە، هەستی بەزەیی و ترس و پێوەندی و خۆشەویستی لێهەڵدەقوڵێ و لە ئاکامدا پێوەنداری و کەسایەتی و خزمایەتی و نیشتمانی و نەتەوەیی لێدەبارێ.

جوانکاری ئەدەبی لە پەخشاندا، جیا نەبوونەوەی جێگەیە لە کات و باری کۆمەڵایەتی، گیانی پیرەمێرد لە جێگەو کات نابێتەوە، ئەوانەش بە خۆزگەو ڕەوشت و نیازەکانیەوە دەبەستێتەوە، بۆیە سی ساڵ دوورە وڵاتی و پێوەندی هەندەران و وڵاتی عوسمانی هەر بە نامۆو نەخۆشی دوورە وڵات هێشتوویەتییەوە. هاونیشینی گەورە کاربەدەستان و دیوەخانەکانی ئەستەموڵ و کۆڕ و کۆمەڵە بەرزەکان ختوویەکی شادی بە گیانی عەوداڵ و گلاراوی بۆ هەڵەبجە و سیروان و زەڵم و گوێژە و قۆپی قەرەداغ پێنەبەخشیوە، بەلای ئەوەوە جێگە ماڵە، ماڵ و حالیش لێکدانابڕێن. هەزارمێرد، پیرەمەگروون نیشتمانە، داگیرکراوە، هەرای لەسەر کراوە، خوێنی لەسەر ڕژاوە، خاپوور کراوە، خەڵکەکەی ڕاگوێزراوە، سەرچاوەکانیان پڕکراونەتەوەو دارگوێزەکانیان بەتوێکڵکردنیان هیشککراون، تا ئەوەی کوردەکە بەبڕیاری سیاسی و بەرنامەی عەقلی داگیرکەران خاک و خەڵک لێکترازاون خەڵکی بە خاک غەریب و خاکی بە مرۆڤ نامۆ پەیدابوون.

"یادی چەند ڕۆژێکی دامانی سەوزی بەهاری زنجیرەی پیرمەگروون وسەرچاوەی ئابین کزەیەک دەخاتە جەرگمەوە...

ئنجا بەجۆش و خرۆشێکەوە ڕادەپەڕی وەک ئاوی ڕەوان دەنیتەوەو دەڕوا و گەردشی سەودا دەیبا بۆ سەرچاوەی ئەو ئاوە کە سەرمایەی عەترو گولاوە بە ڕوونی بەسەر ئەو زیخەدا بە لەنجەو لارو نەشئەی بەهار دەڕوا، ئەو ماسیە شیرینانە بە ڕۆین و هەڵپەڕکێی ڕەش بەڵەک، قەتارەیانە. لەو بەر ئەو ئاوەوە دەنگی کناچەی بۆڕو زەمزەمەی بورلبورل تێکەڵی دەبێ، لەو لایشەوە جریوەی ئەو کچە جوانانە کە تازە لە خەو هەڵساون لە دەورو پشتی خێوەت بەرز دەبێتەوەو چیمەنزار کە بە صنعەتی کردگار بۆتە بەهەشتێکی ئاودار جلوەو غەرامی ئەو بێچووە پەریانە دەی کا بە صەفحەیەکی عیشق و جوانی..

هەندێکیان لەبەر ئاونگی بەیانیان کە داوو دەرەلنگیان هەڵ دەکەن، داوێنی کراسی کرێشەی ئاڵ بەسەر پوزی سپیدا لەناو ئەو فەرشە زەمرووتیەدا جلوەیەکی تر دەنوێنن، کچە سورداشی بە پۆپلەو قەتارەو لاگیرەی زیوەوە هارەی مێخەک بەندیان لەگەڵ خوڕەی ئاودا یەک دەگرن ئەوانیش دەبنە نەشیدو بەستەیەکی تەبیعەت.

لەبەردەمی خێوەت و ڕەشماڵدا سوزەو ورتەی جۆشی سەماوەری سپی زر، پیاڵەی زیوی نیگار بە دەست و پەنجەی نازەنینی جنسی لەتیفەوە دەبێتە ئەسەری صینعەتی قودرەت.

لەو دەمەدا کە خورشیدی خاوەر لەسەر شاخی پیرەمەگروونەوە وەک ڕایەڵی زێڕ تاری جۆلای سەر کۆسار تیشکی خۆی بەو بەری عەودالان و تۆکمەدا وردە وردە پەخش دەکاو لەسەرخۆ دێت بەسەر خێوەت و دەواری ئێمەوە دەڵیشێتەوە و ئەو نورە جوانە ئەدا لە سەوزە گیا و سەماوەری زەرد و سینەی سپی و پەنجەی بلورینی نازەنینی بە پیاڵەوە، ئەویش بۆ خۆی دەبێ بە فەصڵێکی تر."[٢٦]

وردبوونەوە لەو پارچە پەخشانە، بۆ پەردە هەڵدانەوەی سەرەتایەکی بەهێزی پێوەندی ڕەگەزە بەرامبەرەکان و دژوارەکان ڕامان دەکێشێ، لەو پەیوەندیانەدا "سروشت" لەگەڵ "مرۆڤ"دا لە کەشێکی گەردوونیدا تێک دەچرژێن و بزوتنەوەکان بۆ یەکێتی مردن و ژیان لە تریەدان.

لە نێوان تاریکی و ڕووناکیدا چ شێوەی لەیەک چونیان تێدایە: خۆشی، گەشانەوە، کاتێکی تایبەتی هەڵبژاردووە کە کاتی بەیانی ڕۆژێکی بەهارە. سروشت و مرۆڤ، مرۆڤی لەخۆ گەیشتو ژیان خۆش دەکا، دەزانێ ژیان بەکردەوەی مرۆڤانەی مەردانە خۆش دەبێ، بۆیە لە کۆتاییدا، مەبەستی سەرەکی ڕەوشت بەرزییە، بەوشێوە دەری دەبڕێ و دەڵێ: "ئاخ خۆزگە پیاوی توند و جنێو فرۆشی تێدا نەدەبوو"[٢٧]

پیرەمێرد زۆرچاک دەزانێ مرۆڤ بەسروشتەوەو هێنانە ژێرباری تەبیعەت بۆبەرژەوەندی و خۆشی مرۆڤ، بزوتنەوەو ژیان دروست دەکا، هەڵبەت دابڕانی مرۆڤ لە سروشت یا لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی بەرز، یا وەڕزکردنی مرۆڤ لە خۆشی و ئازادی، هیچ ماناو چێژێک بۆ ژیان ناهێڵێتەوە.

**تێهەلکێشی مەبەستی جیا جیا هونەرێکی بەکاربراوی پیرەمێردە لە شیعرو لە پەخشانیشدا لە باوەش گیراوەو ئەو هونەرە ديارو هەڵنراوە.**

پیرەمێرد خاوەن بەرنامەی ڕاگرتنی مەزنی مرۆڤی کورد و مرۆڤایەتی بووە، چی چرکەو قاسپەو قوڕەو تریفەو گرشەو تنووکی و دوندی و قووڵی بوونی ڕەهەندەکان هەیە بە خزمەتکاری مرۆڤی دەزانێ، لە ئازاردانی مرۆڤدا، سەر بەرزی و پیرۆزی بار دەکەن، گەردوون دەبێتە گوێزێکی پووچ. سەیرنیە وێنە دژوارەکان کۆدەکاتەوە، دڵنیام بەرەڵاکردنی قەڵەم و جڵەوکێشی و سەرەڕۆیی ئەوانەی پێنەکردووە. یەکێک لە سەرسامییەکانی جیهانی ئەو پیاوە ئەوەیە هەمیشە یەکێتی خەیاڵ و هۆشی پێکەوە بە زیندوویی ڕاگرتوون.

**ئەو تابلۆیانەی پیرەمێرد بە ووشە کێشاوونی، باوەڕناکرێ هونەرمەندی وێنەکێش بکارێ دووبارەیان بکاتەوە، چونکە زمانی لە پێوەندییە عەقلییە کلاسیکییەکان کە وشەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، ڕزگارکردووە، پێوەندی تازەیان پێکهێناوە، ئاسمان و ڕێسمانی لە بەرزی و نزمی ئازاد کردووە، هیچیان لە سەرەوە و هیچیان لە خوارەوە نیە، بە نێوانەکانیشیانەوە لە ئامێزی یەکدان. دەستی ئەم لەسەر شانی ئەو لانابرێ، یا باڵای ئەو لە هی ئەم هەڵنابوێررێ. ئەوە هیچ لە ئاوازێک پتر نابیسترێ کە ئەویش دەنگی دڵە، مۆسیقای ڕۆحە، یەکێتی زیندویەتییە.**

وردبنەوە، هۆش کۆکەنەوە، دڵ بکەنەوە بزانن لە تابلۆیەکی پەخشانی شەوێکی ناو قۆپی چ دەنووسێ **"ئێوارە گەیشتینە ناو قۆپی، شەو چوار دەستە لە چوار لاوە ئاگری - زەردەشتی - کرایەوە، ڕێککەوتیش وابوو. شەوی چواردەی مانگ - بەدر - لە سەرەوە شەوقی لە ئاسمانەوە، لە ژێرەوە گڕی ئاگر، لە زەمینەوە تەوقەیان دەکرد، شەلالەی نور و گڕی تەنورر و کانیی ئاوی کەوسەر بوو بوە ئاوێنەی ژێروسەر، مانگ لەناو ئاودا دەلەرزی، سێبەری - بیی - دەوری ئاوەکەیش وەک بیی ناو ئاو لە گەڵی دەلەرزی، خۆ دیارە گڕی ئاگریش لە خۆیدا بە لەرزەیە، ئینجا کەسێ شاعیر بێ لەم دیمەنە چۆن دڵی نایەتە لەرزە."[٢٨]** تا ئەوەی چ **پێوەندییەکی ژێرو ژوور تێکەڵاو لە نێوان ئاسمان و قۆپیدا دەنوێنێ و دەڵێ "قۆپی لە زنجیرە شاخی سەگرمەیە، شاخێکە وەک ئاسمان بێ کۆڵەکە وەستاوە، ئەویش بەبێ زنجیر بە ئاسماندا هەڵواسراوە"[٢٩].**

ئاخۆ ئەوە لوتکەی سەرسامی نییە؟! ئاسۆی نامۆیی ئاشنادار ناگەیەنێ؟! هەواداری چێژ بۆ سەرووتر ناکێشێ؟ ئیدی پرسیارەکان بۆ خۆیان وەرامی پەسەندی رازی بوونیان تێدا نییە! بەوەشدا دیارە کاری پەخشان نووسی بەهرەوەر لە کاری شاعیری هونەرمەند کەمتر نیە.

پیرەمێرد بەبۆنەی چاپی دیوانی "نالی"یەوە بە ناونیشانی خزمەتێکی بێ هاوتا[٣٠] بابەتێک دەنووسێ، ئەگەرچی ئەوە دەکەوێتە خانەی رەخنەی ئەدەبییەوە، بەڵام ناتوانرێ لە بەرزترین پەخشانی هونەری جودا بکرێتەوە.

لەوێدا بە شێوەیەک زمانی سۆزو عەقڵی تێکەڵاو کردووە کە دووەمیان زاڵترە، هەر لەو کاتەدا ئازادی و سەربەخۆیەتی بە مەزنترین بنەرەتی گەورەیی کاربەدەست و ئەدیب تەماشا دەکا، جیهانێکی بزوتنەوەو گۆڕانکاری دەنەخشێنێ، سوێی ساتێکی شارستانییەتێکی لەدەست چوو، بوونێکی دڵەڕاوکەیی و هەستێکی سەرسام و بەردەوام تا دۆزینەوەو گەیشتنەوە بە ئازادییەکە وێنە دەکا.

بروانن پیرەمێرد چۆن بەرۆکی عەقڵ و ویژدان و هەست و بیری هەموومان دەگری وچ دەڵێ وچ دەنووسێ: "تەقریبەن نەود ساڵ لەمەوپێش، رۆژێکی رەنگ زەردی پاییز کە شینایی ئاسمان غوبارێکی کەسیف دایپۆشیبوو، لە دەمە دەمی بەیانید ا پیرێکی سەروریش سپی ئوفتادە، مێزەر بەسەر، بە مات و مەلوولی لە پشت ئەسپێکی بە کورتانەوە ڕوو بە - وەیس - لە سلێمانی دەرچوو.

لە دوایەوە غەیری چەند فەقێیەکی خانەقا نەبێت، تەشیعکەرێکی نەبوو، گاهـ گاهـ بە دەنگێکی حوزنی گریاناوییەوە قسەی لەگەڵ ئەم جەماعەتە بچووکە دەکرد و لە هەموو هەنگاوێکدا جارێ ڕووی بۆ لای سلێمانی وەردەگێڕا، لەگەڵ هەموو ئاوڕدانەوەیەکیدا ئاهێکی گڕاوی تێکەڵاو بە فەزا دەبوو فرمێسکێکی مرواری بەسەر ڕیشی سپیدا گلۆر دەبۆوە، ئەم پیری ئوفتادەیە مەلا خدری - نالی - بووە!...

... ...

بە صەد مەشەققەت، بە صەد دڵ پچڕین، چەمنزاری بەهاری شارەزوور، هەوای ڕۆح بەخشی کوێستانی کوردستانی، مەهبەطی وەحی، موهیمی ئەشعاری بە جێهێشت.

ئەو کوردستانی بە کوردەوە دەویست، چاوی بینینی نێزەی - حەیتە - و قەرەبینای - ڕۆم - ەکانی نەبوو. مەردانە پێی نا بە دڵیدا، خەیاڵی -حەبیبە- ی خستە ئەولاوە، ڕوو بە مەجهولات، بە غوربەت سەری نایەوە.

پاش ئەوەی ـئەحمەدی موختارـ مەجبورر بوو بە تەرکی تەختی ـ بەبە ـ، ـ نالی ـ یش بە ئارەزوو ئیختیاری خۆی تاجی مەلیکولشوعەرای لە سەری خۆی فڕێداو نایە ژێر پێیەوە، چونکە لە نەزەر ئەودا مەلیکی بێ تەخت شاعیری بێ تاجی دەویست....![31]

بەوەش بەزم وەهرای پیرەمێرد کۆتایی نایە، کارێک دەکا من بۆ خۆم لەگەڵ نالی و پیرەمێرد و بەیداخی پێچراوەی کورد تێکەڵ دەبم، نەنالیم لەبیر دەچێتەوە نە پیرەمێرد، بۆ ئاڵای داگیراوی کوردیش لە بیردام، پیرەمێرد ئاهەنگ و زەمزەمەیەکی لە ڕۆیشتنی نالیدا سازکردووە، نەمرییەکی تەواوی داوە بە نالی و بە کاتەکەو بە شوێنەکە.

لەلای دەشتی وەیس بە کوڵی گریانەوە خواحافیزی لە تەشیعکەرەکان کرد، بە وەجد و ئیستغراقەوە قەدەرێ سەیری گردی سەیوان، دەشتی فەقێکان، چوارباخ و کانێسکانی کرد، وەقائیعی مازییەی هێنایە پێش چاو، ڕمبازێ و جلیتێنی لاوچاکانی بابان، شەڕە تۆپ و قەڵەمردارێی فەقێکان، حەوشی خانەقاو ئیجتماعی ـکوردیـ و ـ سالم ـ و سائیری شاعیرەکانی بە سۆزی دڵەوە تەخەتتورکردو... موقابیل بەمانە هەمووی دوو قەترە سروشکی گەرمی بەیادگار ـ فەقەت بە یادگارێکی سەرمەدی بۆ ڕەوانەکرد.

لەپاشدا سواری بارگیرەکەی بوو، ڕووی کردە دۆڵ و شاخەکانی بازیان.

نالی، ئەمە ئەووەل هەنگاوی بوو کە بۆ عەدەم هاویشتی، عەدەمی ماددی، نەک مەعنەوی.»[32]

ماڵی نالی و پیرەمێرد ئاوەدان بن، نالی بەوەی هەبووە، پیرەمێردیش بەوەی ئەو کەڵە مەردەی بە بەرزی و بە دوندی ڕاگرتووە، هەردووکیشیان لای قەدرزانان، قەدریان زیندووە.

## ئەنجام یا بنەما گەوهەرییەکانی پەخشانە هونەرییەکانی پیرەمێرد:

لە ووردبوونەوەو خوێندنەوەی سەرجەم پەخشانەکانی پیرەمێردەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە ئەم شێوە بەرهەمەشی درێژبوونەوەو فراوانبوونەوەو بەرزبوونەوەی ئامانجەکانی شیعرەکانێتی، گشتیان لە پێناوی پەیامێکی تایبەت و نەخشەیەکی بەرچاوە کە ئەویش ڕاگرتن و پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردە. بەلای ئەوەوە زمان و ئەدەب و ڕووناکبیرێتی لێک ناترازێن ولەگەڵ مێژووی پێشین و دوارۆژی نەتەوەکەدا یەکدەگرنەوە.

پیرەمێرد هۆشیارێکی وابووە بۆ خزمەتی ئێستاو دوارۆژ کەڵکی لە کۆن وەرگرتووە، تاقیکردنەوەکان و شارەزاییەکانی پێکەوە گرێداوە، کەسێکی وابووە نە لە کۆن و نە لە تازە نەترساوە، ڕێبازی ژیان بە گۆڕان و پێشکەوتن و بە تێڕوانین بۆ ئایندەیەکی باشتر و جوانتر لە بیری ئەودا بووە. کولتوور وهەوڵی پێشینانی بە دوندی ڕاگرتووە، لەهەمان کاتدا بۆ سەردەمی

نوێ و بۆ هەڵسانەوەو کەوتنەوە سەرپێ، بیری نوێ و کەرەسەو شێوە تێکۆشانی نوێی داهێناوە، لێرەوە پیرەمێرد هەستی بە گرنگی داهێنانی پەخشانی هونەری کردووە. زمانەکەی بێ لەبارترو باڵاتر و فراوانتر زانیوە، بۆیە چەندێکی لە توانستدا بووبێ کاری بۆ کردووە.

بەرزیی پێکهاتە و دەنگی زمان بەندە بە زمانزانەوە، هەر وەک جوانی و خۆشەویستیشی لای خۆو بێگانە دەرخستنی نهێنی و دەنگ و بەکارهێنانی وشەو ڕێزمانە کە لەگەڵ دیمەن و ڕووداوەکان و دەروون و هەستی قسەکەر یا نووسەر و شاعیردا یەک بگرنەوە. چۆن دەکرێ جوانی بە زبری یا هەژان بە خامۆشی، یا عیشق بێ ڕامان و بێ سەوداو بێ سووتان و توانەوە، یا نیانی بێ ڕاوەستان و سەرسامی پەیدا بین. دیمەن و دۆخ و بارو ڕووداوەکان، کات وشوێن و چۆنیەتی هەڵوێست، پێویستیان بە دارایی کەرەسەی ووشەو واتاو جۆری بەکارهێنان هەیە.

بۆ وەستایی لە زماندا پێویستی بە چەند هەلێک هەیە:

یەکەمیان: شارەزایی نووسەر.

دووەمیان: زاڵ نەبوونی ڕووناکبیریتی بێگانە بەسەر هۆشیاری نووسەردا.

سێیەمیان: قەدرزانی و بەتەنگەوەهاتنی نووسەرو پەرۆشی بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی زمانەکە. لە پیرەمێردا هەرسێ مەرجەکە بەوپەڕی تەواوی و بەرزییەوە هەبوون. ئەوانە وای لێکردوون، زمانێکی ڕوون وبێ گرێ و مانادارو ئاشنا لای خەڵک بەکاربێنێ و کەم و زۆر بەلای تەم ومژدا نەچێ. ئەوجارانەی کە پێویستی بە گێڕانەوە بووبێ، خوێنەر دەباتە ناو ڕووداوەکان و ڕۆژگارەکان و لەگەڵ دیمەنەکاندا تێکەڵیان دەکا.

دارایی توانستی لە بەکارهێنانی ووشەدا، کردوویەتیە کوردی زانێکی ئەوتۆ گرنگی تەواوبدا بە پەخشانەکانی و کارێکی وا بکا کە لە خوێندنەوەدا نووسینەکەت زێدەتر بچێ بە دڵداو خۆشتریش چێژی لێوەربگری، هەر وەک بۆ ساڵرۆژی پێنجەمی گۆڤاری گەلاوێژ دەڵێ "لە ساڵی ١٩٢٦ی میلادییەوە ژیان و ژین لە سلێمانی ژیان و ئەژین، هیچیان نابنە گەلاوێژ: گەلاوێژ شوێنێکی تری هەیە، لە پایتەختدا بنەماڵێکی کوردە، ئاوێنەیەکی دوو ڕووخسارە، بە دوولادا شوعلەبارە، بەهیممەت و قەڵەمی -حەوتەوانە- سەبعەی سەییارە، لە -تەرازوو- ی -کۆ- عەقدی سوریا و -تەرازوو- میزاندا، سەنگینە، ڕەنگینە، زەنگینە، دڵنشینە، نەخشینە، شیرینە! لەناو هەموو ئەستێرەکانی دەورویشتی خۆیا -جەرائید- جریدبازە، مومتازە، بەنازە، شابازە، بولبولی خۆش ئاوازە، چەکوچی بیرازە، گەلاوێژە، گەڵ هاوێژە، پەل هاوێژە، ڕەنگ ڕێژە، نووربێژە، ڕاست بێژە، برشتی تێژە، درەختی هیوا نێژە، جێ بەنا خواهـ لێژە، بە ئاوی ئەزمەڕ بە دەست نوێژە، بۆ ماستی کوزەڕەقە سەرتوێژە، خوا یاربێ عومری درێژە، قەڵای تورەکە بێژە."(٣٣)

نیشانەیەکی دیکەی پەخشانە هونەرییەکانی پیرەمێرد، وێنەی شیعرییە کە لە ئەنجامی تێگەیشتن و کارامەیی و جوانکارییەوە دێنەگۆڕێ، ئەمەش بەندن بە تاقیکردنەوەی خودی نووسەرو داهێنەرەوە.

دوا بە دوای ئەوانە دەبێ سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشرێ کە پیرەمێرد باوەڕی بە تایبەتێتی پێناسەی کوردی هەیەو مەسەلەی پێناسەشی لە مرۆڤ و خاکی کوردستاندا کۆکردۆتەوە. لە مەسەلەی مرۆڤدا لە پاڵ هەل و مەرجی زمانەوە، ڕەوشت بلندی و کاری مەردانەی بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ و خۆ لامەبەست بووە، بۆیە لە کۆتایی پەخشانەکانیدا جوانی سروشت و دیمەنی شیرینی بێ جوانی و خاوێنی دەروون و کردەوە دەداتە دواوە. بەمە یەکێتی مەبەست و تێهەڵکێشیکی وەستایانە لە نێوان گرشەی سروشت و ورشەی جوانی دەروونی مرۆڤ و کردەوەی مەردانەدا ئەنجام دەدا.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوەش بڵێم: پیرە مێرد دەیەویست نەمری بگێڕێتەوە، گیانە خاپوورکراوەکان دروست بکاتەوە، بە ناڵە پەردەی بێدەنگی بلەرزێنێ، لە دایکبوونەوەی خاکی مردوو ڕابگەیەنێ، ئاڵای داگیراو هەڵبکاتەوە، بۆ ئەوانەو بۆ ئێوەو بۆ من دەینووسی، سروودی بە دەنگی بەرز دەوتەوە.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

١- دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی کوردیدا، لە چاکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل/١١١

٢- ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە/١، ساڵی ١، ڕۆژی پێنج شەممە، ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠، ١١ی شەعبانی ١٣٣٨، چاپخانەی حکومەت، سلێمانی. چاپخانەکەش لەو ساڵەدا دادەمەزری.

٣- بۆیە دەڵێم سەری هەڵدایەوە چونکە لەوەبەر پەخشانی کوردی لەسەر دەستی زانای مەزن و کورد پەروەری خاوەن ڕێبازی پێکەوە نانەوەی کەسایەتی مرۆڤی کورد مەولانا خالیدی نەقشبەندیی شارەزووری بە شێوەی کرمانجی نێوەڕاست بە نووسینی "عەقیدەی کوردی" بەردی بناغەکەی دامەزراندووە. تکایە بڕوانە محەمەدی مەلا کەریم، عەقیدەی کوردی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کوردی، بەرگی هەشتەم، چاپخانەی کۆڕیی زانیاریی عێراق، بەغدا، ١٩٨١، لە لاپەڕە١٩٩ تا ٢٢٢

دوا بەدوای مەولانا، زانایەکی دیکەی مەیدانی کاری مەردانەو کورد خۆشەویست، شێخ حسێنی قازی، مەولوودنامەی بە کوردی نووسیوە.

تکایە بڕوانە دکتۆر عیزالدین مصطفی رسول، الواقعیة فی الادب الکردی، بیروت، ١٩٦٦.

٤- دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، هەمان سەرچاوە دەڵێ "پێشکەوتن تا گەڕانەوەی شێخ مەحموود - ناوەندی ساڵی ١٩٢٢- بە ڕێکوپێکی دەرچووە، دوا ژمارەی کە من دیومە، ژمارە - ١٤٤ - ە کە ڕۆژی ٢٩ی جوون - حوزەیرانی ١٩٢٢- ی بەسەرەوەیە ل/٢٨

٥- ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە/ ٢٧، ساڵی/١، پێنج شەممە، ٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٠.

٦- ڕۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە/٣٠، ساڵی/١، ڕۆژی پێنج شەممە، ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٢٠.

٧- هەمان سەرچاوەو ژمارە.

٨- هەمان سەرچاوەو ژمارە.

٩- ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، ژمارە/٣، ساڵی١، ٢١ی ئاغستۆسی ١٩٢٢.

١٠- ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان ژمارە/١٢، ساڵی١، ١٠ی شوباتی ١٩٢٣.

١١- گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە/١، ساڵی٥، ل/٢

١٢- مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، چاپخانەی الادیب، بەغدا، ١٩٨٥، ل/١٥٠، محەمەدی مەلاکەریم پێشەکی وپەراوێزی بۆ نووسیوە.

١٣- ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی "تفیض"، بەغدا، ١٩٤١، ل/ ٨٤.

هەواڵنامەی کتێب

١٤- حسێن عارف، چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠، چاپخانەی دار الحریه، بەغدا١٩٧٧، ل/ ٤٣.
١٥- رۆژنامەی ژین، ژمارە/٥٥٨، ٢ی مارتی ١٩٣٩.
١٦- دیوانی پیرەمێرد، فایەق هۆشیار و لیژنەیەک، بەرگی یەکەم، مطبعة الزمان، بەغدا، ١٩٩٠، ل/٨٩.
١٧- عومەر مارف بەرزنجی، لێکۆڵینەوەو بلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٩، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، لە بلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل/ ٣١
١٨- دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، مطبعة التعلیم العالی، اربیل، ١٩٨٩، بەرگەکەی پێشەوەی ١٩٩٠ ی لەسەرە،ل/٧٢.
١٩- رۆژنامەی ژیان، ژمارە/ ٥٥٢، ساڵی ١٣، ٣ی مارتی ١٩٣٨، ل/٣.
٢٠- هەمان سەرچاوەو ژمارە.
٢١- رۆژنامەی ژین، ووتاری کرد و کۆشی، ژمارە/٥٥٤، پێنج شەممە، ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٨.
٢٢- رۆژنامەی ژین، ژمارە/٥٧٨، ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٣٩.
٢٣- گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە/٨، ساڵی/٤، ئابی ١٩٤٣، ل/٩.
٢٤- رۆژنامەی ژیان، ژمارە/٤٩٣، پێنج شەممە ٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٧، ل/١.
٢٥- رۆژنامەی ژین، ژمارە/٥٨٧،سێشەممە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٣٩.
٢٦- رۆژنامەی ژین، ژمارە/٥٥٢، ساڵی ١٣، پێنج شەممە، ٣ی مارتی ١٩٣٨.
٢٧- هەمان سەرچاوەو ژمارە.
٢٨- گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە/٢، ساڵی/٤، شوباتی ١٩٤٣، ل/٥.
٢٩- هەر ئەو سەرچاوە.
٣٠- رۆژنامەی ژیان، ژمارە/٢٩٣، ساڵی/٦، ١٤ی ئەیلوولی ١٩٣١.
٣١- رۆژنامەی ژیان، هەر ئەو ژمارە.
٣٢- رۆژنامەی ژیان، هەر ئەو ژمارە.
٣٣- گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە/١، ساڵی/٥، ل/٣و ٤.

دوکتۆر مارف خەزنەدار

# پیرەمێردی

# نووسەر...

# و

# شاعیر...

ئەوەندە زۆر لەبارەی پیرەمێردەوە نووسراوە، ڕەنگە بڵێن لەمە زیاتر هەڵناگرێ. ئەوی ڕاستی بێ پیرەمێرد بەختیارە لە ڕوو ودیارە، زۆری لەسەر نووسراوە، ئەمە هۆی تایبەتی خۆی هەیە. ئێمەی کورد نووسەرو شاعیری هاودەمی پیرەمێردمان زۆرە ، بۆ بەڵگە یەکێکی وەکو ئەحمەد حەمدی ساحێبقڕان (١٨٧٨ ـ ١٩٣٦) لە تەرازووی ڕەخنەدا ئەگەر لە پیرەمێرد باڵاتر نەبێ لە پلەی ئەودایە. هەرچەندێ لەسەر پیرەمێرد بنووسرێ هێشتا کەمە. بۆ ڕاگرتنی لەنگەر پێویستە ئاگاداری ئەوەبین شاعیرێکی وەکو حەمدی وئەوشاعیرانەی لە پلەی ئەودان نابێ پشت گوێ بخرێن.

**ئەگەر زاراوەی "شاعیر" هەندێ جیاوازبێ لە زاراوەی "نووسەر" یەکەمیان شیعر دادەنێ ودووەمیان بەرهەمی بەپەخشان دەگەیەنێتە ئەنجام من ڕێگە بەخۆم دەدەم بە پیرەمێرد بڵێم "نووسەر وشاعیر" نەک "شاعیر ونووسەر".**



هەواڵنامەی کتێب

ئێمە ئاگاداری‌یێکی ئەوتۆمان لە ژیانی پیرەمێرد نی‌یە لە دەوڵەتی عوسمانی دا، دیارە لێرە مەبەستمان ژیانی‌ئەدەبی وخوێندەواری‌یەتی. کە لە ئەستەمووڵ گەڕاوەتەوە سلێمانی نازناوی "پیرەمێرد"ی لە خۆی ناوە، چونکە بەڕاستی پیرەمێردبووە، واتە لە تەمەنێکی بەساڵاچوودا ئەو بەرهەمە زۆرەی پێشکێش بە نەتەوەی کورد کردووە، ئێمە ئێستا چەپڵەی بۆ لێ دەدەین.

پیرەمێرد لەگەڵ پەخشان دا مامڵەی کردووە، چونکە ڕۆژنامە نووس بووە، شێوازە تایبەتی‌یەکەی لە پەخشان داکردوویەتی بە شاعیر. ئەو دەیتوانی هەموو بەرهەمی ئەدەبی خۆی بە پەخشان بگەیەنەتە ئەنجام، بەڵام گوێچکە مۆسیقی‌یە ناسکەکەی هەندێ لە ڕستەی نووسینە پەخشانی‌یەکانی کردووە بە شیعر، خۆ لەم لایەنەوە پیرەمێرد دەیتوانی سەرانسەری بەرهەمی بە شێوازی شیعر دەربڕێ، یاخود بە شیعر قسە بکا.

یەکێ لە خاسیەتە هەرە گرنگەکانی پیرەمێرد ئەوەیە کوردی زانێکی بەرزبووە، زمانی میللی وزمانی نووسینی تێکەڵ بەیەکتری کردووە، وەستایێکی بێ هاوتابووە لە ڕستەی کوردی کە تەعبیر لە کۆمەڵێك وێنەو بۆچوون وخەیاڵبازی بکا، ئەگەر هەندێ لە خیاڵبازی یەکە هی خەڵکی تربووبێ، تەعبیرەکە هی خۆیەتی. ڕەنگە لای پیرەمێرد سەرچاوەی ئیلهام هەندێ جار لەدەرەوە هاتبێ، بەڵام بەکوردی کردنیان لە ئەسڵی وێنەکەجوانترو بەرزتربووە، نابینی گۆیا فیتیزجراڵد خەیامی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. بەڕووکەش چوارینەکان بە هەردوو زمان هەر یەکێکن، بەڵام ڕاستی‌یەکەی ئەوە نی‌یە. شاعیری ئینگلیز ئیلهامی لەخەیام وەرگرتووە، چوارینەکانی ئەوی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی وبەرهەمێکی تازەی دروست کردووە.

بەشێکی بەرچاو لەبەرهەمە زۆرەکەی پیرەمێردی نووسەروشاعیر لەم بابەتەیە، بەتایبەتی شیعرەکانی سێبەری دەرەوەیان بەسەرەوە هەیە، بەڵام بەرهەمێکی ڕەسەنیان هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردی‌یەوە.

**ئەگەر لە ئەدەبی کوردی‌دا زۆربەی شاعیرانمان بەتایبەتی کلاسیکی‌یە کۆنەکان هەر یەکەی بخرێتە خانەیێکی، وەکو نەتەوەیی، ئایینی، چینایەتی،کۆمەڵایەتی وزۆری دیکە، پیرەمێرد لە هەموو خانەکانی بابەتی شیعری کۆن ونوێ دەدۆزینەوە.**

پیرەمێرد ئەستێرەیێکی درەوشاوەیە لە ئەدەبی کوردی سەدەی بیستەم دا.

**هەولێر: مەڵبەندی ڕووناکی**
**٢٠٠٠/١/٦**

دوکتۆر: جەبار قادر

# لەبارەی حەقە تورکییەکانی پیرەمێردەوە

## ١٩٠٨ – ١٩١٩

چالاکی وداهێنانەکانی شاعیرو بیریاری بەنێوبانگی کورد پیرەمێرد پانتاییەکی گرنگییان لە مێژووی بزاڤی ڕۆشنبیری وئەدەبی وڕۆژنامەگەری وکۆمەڵایەتی وسیاسی گەلی کوردا لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا گرتۆتەوە. پێموایە مرۆڤ لە ڕاستیی لانادا ئەگەر پیرەمێرد بە بیریاری هەرە دیاری سەدەی ڕابردووی کورد لە قەڵەم بدات. مامۆستا محەمەدی مەلاکەریم باشی بۆچووە کاتێ لە بارەی پیرەمێردەوە نووسیویەتی دەڵێ: **"لەوانەیە ڕۆشنبیرانی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەمان زۆر کەسی وایان تیابێ ئەوەندەی پیرەمێرد لە مەیدانی جۆر بەجۆری ڕۆشنبیریدا کاری کردبێ. بەڵام لەوە دڵنیام کە کەسیان تیا نیە ئەوەندەی ئەو واقیع بینانە ڕێگای گەشەکردنی کۆمەڵەی کوردو گەیشتنەوەی بە کاروانی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوودای دەسنیشان کردبێ"**[(١)].

ئەم نرخاندنە پێچەوانەی ئەو هەڵسەنگاندنانە بوو کە پێشتر هەندێ لە ڕۆشنبیرانی بە نێو پێشکەوتنخوازی! کورد کەوتبوونە ژێر باندۆرێوە لە مەڕ پیرەمێرد کە بە وتەی هەمان نووسەربەرهەمی **"سادەکارییەکی زەق وزۆپ بوو لە جۆری بیرکردنەوەماناو ڕێگرتن لە**

دەربرینی ئیجتهاداتی جوێ جوێ لە هەڵوێستا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بۆ گیروگرفتە کۆمەلایەتی وسیاسی‌یەکانمان وچەسپاندنی تاقە یەکێ شێوەی مامەڵەکردن وهەڵسەنگاندن بە سەر تێکڕای بزووتنەوەی نەتەوەیی ونیشتمانیماناو بەدیکردنی تەنها دوو ڕەنگی ڕەش وسپی ...»(٢).

توێژینەوەی هزرو بۆچوونەکانی پیرەمێرد لاکردنەوەیە لە لایەکی پرشنگداری ژیانی ڕۆشنبیریی نەتەوەی کورد. هیچ گومانم لەوەدا نیە کە خوێندنەوەیەکی زانستییانەی نوێی هەموو بەرهەمەکانی پیرەمێرد دەتوانێ گەلێ ئەنجامی گرنگ بەدەستەوە بدا.

تەنها بۆنموونە ئەگەر بەچەند وشەیەکێ پێناسەی کوردایەتی پیرەمێرد بکەین ئەوا دەبینین ئەو کوردایەتییە پشت ئەستوور بە زانیاری وقووڵبوونەوە لە مێژوو وکولتوور وزمان وئەدەبیات وفۆلکلۆر ورەوشی کۆمەڵی کوردەواریدا، نەکێ کوردایەتی هەست وسۆزو کەف وکوڵ. بۆیە پیرەمێرد هەمیشە کوردایەتی کردووەو بەکات وبار نەگۆڕراوەو سەرکەوتن وتێکشکانی کورد ڕێگەی لێ نەگۆڕیوەو سەری لێ نەشێواندووەو خۆی نەداوە بەدەم شەپۆلی ئایدۆلۆژیای بیانییەوە. هەر ئەو تێگەیشتنە قووڵە وای لێکردووە هەمیشە لە دۆزە سەرەکییەکان بدوێ وخۆی بە کێشە لاوەکییەکانەوە خەریکێ نەکات.

پیرەمێرد لەو سەردەمە زووەی ناسیۆنالیزمی سست ولاوازی کوردا بەدوای هیماو سیمبۆل وقارەمان وئەفسانەو تەنانەت وەهمیشدا گەڕاوە کە پرۆسەی بە نەتەوەبوون گەلێ پێویستی پێیان هەیە. لێرەوە بەرگێکی کوردایەتی کرد بەبەر نەورۆزدا وزیندووی کردەوەو ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەری سەر لە نوێ کوردانە ئەفراند ودوازدە سوارەی مەریوانی لە بەرگی بەسەرهاتێکی قارەمانێتی نەتەوەییدا بەرجەستەکرد وکەوتە گەڕان وپشکنینی گنجینەی بیری گەلەری نەتەوەی کوردا کە لە فۆلکلۆری کوردیدا خەست کراوەتەوە خۆی حەشارداوە. لەو سەردەمە زووەدا پیرەمێرد دەرکی بە ترسناکی وئاکامە خراپەکانی بەرەنگار بوونەوەی ناهاوسەنگی کورد ودەوڵەتی پرچەکێ وجەبەخانە کردووەو پێی باش نەبووە کورد ئەو ڕێگەیە بگرێتە بەر هەروەکو لە نیوەڕۆکی "پییەسەی تەمسیلێکی ڕاستی تەئریخی لە وڵاتی خۆماندا ڕوویداوە"(٣) دەردەکەوێ.

هەڵبژاردنی داستانی مەم وزین بە کرمانجی ودارشتنەوەی بە سۆرانی ولە چاپدانی لە ساڵی ١٩٣٤داو، هەروەها دارشتنەوەی شیعرەکانی مەولەوی لە هەورامییەوەبە سۆرانی ولە چاپدانی لە ساڵی ١٩٣٥داو ئافراندنی داستانی دوازدە سوارەی مەریوان کە بە وتەی خۆی "داستانێکە بە شیعر قارەمانێتی دوازدە سوارەی مەریوان دەنوێنێ"(٤) و لەچاپدانی لە هەمان ساڵدا و کۆکردنەوەی ٦٤٤٨ پەندی پێشینانی کورد کە ئەزموونی سەدان ساڵەو گەنجینەی کولتووری

کۆمەڵی کوردەواریان گرتۆتە خۆی، کاری هەڵکەوت نین، بەڵکو چەند ئەڵقەیەکی پرشنگدارن لە پرۆسەو زنجیرەی نەپساوی ئافراندن وجێگیرکردنی بیری نەتەوەیی ڕاستەقینەی کوردا. هەروەها جۆری ژیان وکار وخەبات وهەڵس وکەوتی پیرەمێرد لە نێو خەڵکدا بۆخۆی گەنجینەیەکە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێ لەبیری کوردایەتی وشوێن پەنجەی پیرەمێرد لەم بوارەدا بکۆڵنەوە. پێمولیە باندۆری بیریارانی فەلسەفەی ڕووناکبیریی ئەوروپایی وبەتایبەتی فەرەنسییەکان "وەکو ڤۆلتێر ومۆنتسکیۆ ودیدرۆ وجان جاک ڕۆسۆ" بەسەر بیرو بۆچوونەکانی پیرەمێردەوە دیارن وپێویستی بە توێژینەوەی هەمەلایەنە هەیە.

ئەمانەو گەلێ لایەنی تر ئەرکی ئەم باسە نین ودەبێ بۆ ڕەخنەگران وپسپۆرانی ئەدەب وبیری سیاسی کورد بەجێ بهێڵرێن.

ئەوەی لای خوێنەری کورد زانراوە ئەوەیە کە پیرەمێرد لەماوەی ئەو چارەکە سەدەیەی کە لە تورکیا ژیانی بەسەربرد هەندێ نووسراوی بە زمانی تورکی ئۆسمانی بلاوکردۆتەوە. لەگۆرِ ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستی منداان، کە مەرج نیە زۆر وردبن، تاوەکو ئێستا لەم لایەنەی چالاکی وبەرهەمی خامەی پیرەمێرد بە وردی نەکۆڵراوەتەوە.

لەم باسەدا هەوڵدەدەم تیشک بخەمە سەر هەندێ لەو نووسینانەی پیرەمێرد. من تەنها لە بارەی ئەو دەقانەوە دەدوێم کە "پیرە کورد" یا "سلیمانییەلی توفیق" بەزمانی تورکی ئۆسمانی بلاوی کردوونەتەوە. "تا گەڕانەوەی بۆ باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٢٤ دا زیاتر هەر بەم نێوەی دوایی واتە سلیمانییەلی توفیق نووسراوی بلاوکردۆتەوە. وادیارە کاتێ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان نازناوی پیرە مێردی بۆخۆی هەڵبژاردوە". دەبێ یەکسەر ئەوەش بڵێم کە لەم باسە کورتەدا ناتوانرێ لێکدانەوەیەکی فراوان لە بارەی دەقەکانەوە پێشکەش بکرێ. بۆیە تەنها دەقەکان بەخوێنەر دەناسێنم. لەکوێ وبەچی هۆیەک ولەچی بۆنەیەکدا بلاوکراونەتەوە وکورتەیەکی چڕوپڕی نێوەرۆکەکانیان پێشکەش دەکەم هیوادارم ئەم کارە بایی ئەوەبێ شتێکی نوێ بخاتە سەر گەنجینەی پیرەمێرد.

سنووری ئەم باسە تەنها ئەو چەند دەقە دەگرێتەوە کە لە ساڵانی ١٩٠٨ ـ ١٩١٩ دا پیرەمێرد بە زمانی تورکی ئۆسمانی بلاوی کردوونەتەوە. گومان لەوەدا نیە کە پیرەمێرد تەنها ئەم چەند دەقەی، کە من لێرەدا باسیان لێوە دەکەم، بە تورکی نەنووسیوە. لەگۆر هەندێ سەرچاوە لەساڵی ١٩٠٨ ڕۆژنامەی "رسملی کتاب"ی[٥] دەرکردووە. ئەمە گۆڤارێک بوو ئەنجومەنی باڵای مەعاریف بە وێنەوە دەریدەکرد. وەکو دەزانین پیرەمێرد کە لە ساڵی ١٨٩٨ دا بەیاوەری شێخ سەعیدی حەفید زادە دەچێتە ئەستەموول ودەبنە میوانی کۆشکی سوڵتانی گەلێ دەروازەی لە بەردەمدا دەکرێتەوە ودوای ماوەیەکی دەکرێتە ئەندامی

ئەنجومەنی بالآیەی مەعاریف. کاتێ تورکە لاوەکان شۆڕشی سالّی ۱۹۰۸ بەرپا دەکەن وسولتان عەبدولحەمیدی دووەمی ناچاردەکەن دەستوری سالّی ۱۸۷٦ بگێڕێتەوە ئەنجومەنی مەعاریفیان هەلّوەشاندەوەو دەزگاکانی پەروەردەوفێرکردنیان گرتە دەستی خۆیان و ئەو دەزگایانە کرانە ئامرازی هەرە گرنگ بۆ سەپاندنی بیری شۆڤینی ورەگەزپەرستیی تۆرانی. کاک ئۆرخانی غالبیش دەلّێ "لەگەلّ فائق صبری بەگدا ڕۆژنامەی - مصور محیط - یان گرتۆتە دەست هەر لەم کاتەشدا نووسینی بۆ ڕۆژنامەکانی - اقدام - و - سەربەستی - لە ئەستەموول و - فەرهەنگ - و - شەفەقی سورخ - لە تاران ناردووە"[٦]. هەروەها پیرەمێرد بە خۆی دەلّێ کە ئەو و نەژادی کوڕی گەلّێ یارمەتی دکتۆر عەبدولّا جەودەتیان داوە، کاتێ لە ئەورووپا گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەموول و دەستی کردۆتەوە بە بلاوکردنەوەی گوڤاری "ئیجتهاد"[٧]. دەبێ لە گوڤاری ئیجتهاد و بلاوکراوەکانی تری دەیەی یەکەم و دووەمی سەدەی بیستەمین نووسینی تریشی بە تورکی ئۆسمانی هەبووبێ. مخابن من تەنها دەستم بەوەندە گەیشت کەوا لێرەدا گەلالّەیەکیان پێشکەش دەکەم.

یەکەمین دەقی تورکی پیرەمێرد کە من لێرەدا باسی لێوە دەکەم، دیسان دەلّێم کە مەرج نیە ئەمە یەکەمین نووسراوی بێ بە تورکی، ئەو وتارەیە کە لە ژمارەی یەکەمینی ڕۆژنامەی، ڕاستتر هەفتەنامەی "کرد تعاون وترقی غزتەسی"[٧] دا، کە لەسەرچاوەکاندا بەکورد نێودەبری، بلاوی کردۆتەوە. ئەو هەفتە نامەیە ئۆرگانی کۆمەلّەی هاریکاری و پێشخستنی کورد بوو "کورد تعاون و ترەقی جمعیەتی" بووە. لەسەر لاپەڕەی یەکەمی نووسرابوو "جمعیەتک واسطە نشر أفکاریدر". هەر لەسە ئەو لاپەڕەیە نووسرابوو کە ڕۆژنامەیەکی دینی، عیلمی، سیاسی، ئەدەبی وئیجتماعیە. خاوەن ئیمتیاز و مودیر و موحەریری سلێمانییەلی توفیق بوو. سەرنووسەری ڕۆژنامەکەش ئەحمەد جەمیلی دیاربەکری بووە. وەکو دەزانین کۆمەلّەی هاریکاری و پێشخستنی - نەک پێشکەوتنی - کورد لە سالّی ۱۹۰۸ لە ئەستەموول دامەزرا. ئەو کۆمەلّەیە کە زۆربەی نێودارانی کوردی ئەو سەردەمەی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆکردبووەوە بە یەکەمین ڕێکخراوەی کوردی لە مێژووی کوردا دەژمێردرێ "هەرچەندە هەندێ نووسەر باس لە ڕێکخراوەی پێش ئەمیش دەکەن"، پیرەمێردی بە خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەر و موحەریری ئەو ڕۆژنامەیە هەلّبژاردبوو.

هەلّبژاردنی پیرەمێرد لە لایەن کۆمەلّەی ناوبراوەوە بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکە بە لێکدانەوەی من دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک:

١ـ دەبێ تاوەکو ئەو کاتە پیرەمێرد وەکو ڕۆژنامەنووسێک ناوێکی وای بۆ خۆی پەیدا کردبێ کە جێگەی متمانەی کۆمەڵە بێ بۆ بەجێهێنانی ئەرکێکی وا گرنگ. دەبێ ئەو ڕاستییەش لە یاد نەکەین کە کورد دووەمین ڕۆژنامە بوو لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا.

٢ـ هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو خاڵەی سەرەوە، دەبێ پیرەمێرد تاوەکو ئەو کاتە گەلێ نووسینی بە تورکی بلاوکردبێتەوە و تاوەکو ئێستا ئێمە دەستمان پێیان نەگیشتبێ، چونکە ڕێگەی تێناچێ بێ هیچ ئەزمون و زانیارییەک یەکسەر بکرێ بە خاوەن و بەڕێوەبەر و نووسەری ڕۆژنامەی کۆمەڵەیەک کە هەموو گەورە پیاوانی کوردی ئەو ڕۆژانەی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆدەکردەوە.

٣ـ ڕەنگبێ خاڵێکی هەرەگرنگی هەڵبژاردنی پیرەمێرد بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەی کورد ئەوە بووبێ، کە پیرەمێرد یەکێ لەو نووسەرە کەمانەی ئەو سەردەمە بووە کە توانای ئەوەی هەبووە بە کوردی بنوسێ. لە نێو هەموو ناودارانی کوردی ئەو سەردەمەدا زمانی نووسین تورکی و فارسی و عەرەبی بووە نەک کوردی. ئەگەر سەیری لاپەڕەکانی هەفتەنامەی کورد و هەموو ڕۆژنامە و گوڤارەکانی ئەو ڕۆژانەو و دوای ئەویش بکەین دەبینین ئەوانەی بە کوردی دەیان نووسی ژمارەیان لە چەند کەسێ تێنەدەپەڕی (تەنها بۆ نموونە ڕۆژنامەی "شرق وکوردستان" کە لەهەمان کاتدا لە ئەستەموول بلاودەکرایەوە و کوردی وەکو بەدری مەلاتیەیی و مەلا سەعیدی مەشهور "یا کوردی، نۆرسی و بدیع الزمان" نووسینیان تێیدا بلاودەکردەوە، هەموو وتارەکانی بە تورکی بوون. وا دیارە دیاردەی یا دەردی بە تورکی نووسین کە تاوەکو ئەوڕۆش لە نێو نووسەرانی باکووری کوردستاندا بالادەستە ڕەگ وڕیشەی قوولی لەو بەشەی کوردستاندا داکوتاوە و هیچ هەوڵێکی ڕاستەقینە بەدی ناکرێ بۆ دەست هەلگرتن لەو خوو و نەریتە).

٤ـ ئەگەر ئەو ڕاستییەش لەبەر چاو بگرین کە ئەو کاتە ململانێ و پێشبڕکێیەکی دژوار لە ئاردا بووە بۆ دەستگرتن بەسەر سەرکردایەتی و چارەنووسی بزاڤی کوردا لە نێو ئەندامانی بنەماڵە بەنێوبانگەکانی کوردستاندا وەکو بەدرخانیان و شەمزینی ـ نەهرییەکان ـ و جەمیل پاشای دیاربەکر و بابانییەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەڵبژاردنی پیرەمێردا یەک دەنگ بوونە، ئەوا باشتر پلەو پایەی ڕۆژنامەوانی و نووسەرێتی پیرەمێردمان بۆ ڕوون دەبێتەوە[٨].

لە یەکەمین ژمارەی کوردا پیرەمێرد هەڵبەتە بە نێوی سلیمانییەلی تۆفیقەوە و لە ژێر ناونیشانی "مەقصودی کردەوەبوونەوەی جەمعیەت ـ مەبەستی کردنەوەی کۆمەڵە" بە کوردی "بابانی" (بەکرمانجی خوارو) وەکو نێوی لێناوە دەنووسێ:

(جەمعیەتی ئێمە نیزامنامەی خۆی بۆ هەموو تەرەقی ناردووە. وەکو لەوێدا نووسیویە، **مەقصودمان ئەمەیە**: حوکمی قانوونی ئەساسی کە لە گەڵ شەریعەتدا ڕێدەکەوێ، موحافەزە بکەین. ئەوی لازمە بۆ تەرەقی قەومی نەجیبی کورد هەمووی ڕێکٹ بخەین. مەعاریفیان، حاڵخۆشیان، ڕێککەوتنی ناوخۆییان، ئاشتبوونەوە لەگەڵ هاووتەنیان بە **خصوص** لەگەڵ ئەرمەنیان بێنینە جێ. لە ڕێی موحافەزەی دەوڵەت و میللەتی ئۆسمانیدا ـ بەخەریمەکی!ـ موحکەمی دینی بەیەکٹ وجودی میللی روح ببەخشین. ئەگەر لەپاش کردبوونەوەی مەجلیسی مەبعوسان بین بە فرقەی سیاسی گۆڕینی قانوونی ئەساسی بە ڕەنگێ قەبووڵ دەکەین ئەو هەقی مەقامی گەورەی خەلیفەی موسوڵمانان و سەلتەنەتی ئوسمانیان نەگۆڕێ، هیچ میللەتێ خۆی لە میللەتێکی تر زیاتر نەگرێ. جەمعیەتی ئیتحاد و تەرەقی عوسمانی ئەو دەستوورولعەمەلەی کە نووسیویە، بۆ سەلامەتی وەتەن، بۆ تەرەقی هەموومان زۆر چاکە و ئێمەش وا دەچین بەر بەوی)[٩].

**ئەم چەند وتە کەم و پوختەیە بریتییە لە پرۆگرامی خەباتێکی هەمە لایەنە کە پاراستنی فەرمان و سەروەری دەستور و قانونی بنگەیی کە لە گەڵ شەریعەتا دەگونجێ، دەستە بەرکردنی پێویستییەکانی پێشکەوتنی گەلی کورد، پاراستنی خۆشگوزەرانی و ئاشتی و ڕێککەوتنی نێوخۆیی کوردان و ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ گەلانی دراوسێ بە تایبەتی لەگەڵ ئەرمەنداو گۆڕینی قانوونی بناغەیی (دەستور) بە شێوەیەکٹ کە هیچ میللەتێکٹ خۆی لە میللەتێکی تر بە زیاتر نەزانێ و پشتگیری کردنی ئەو پرۆژەی کارەی کە کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن ئامادەی کردووەو بۆ هەموو لایەکٹ باشە.**

هەر لە هەمان ژمارەشدا و لەسەر لاپەڕەی یەکەم و بە نێوی خۆیەوە وتارێکی لە ژێر ناونیشانی (مقدمە ـ پێشەکی)دا لە تەکٹ بەیاننامەی کۆمەڵەی هاریکاری و پێشخستنی کورد بە تورکی بلاوکردۆتەوە. لەم وتارەدا باسی ڕابردووی گەلی کورد و ڕۆڵی لە دەوڵەتی ئۆسمانیدا دەکاو چۆن چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی ئەو دەوڵەتەوە گرێداو لە هەموو بوارەکاندا خزمەتی گەورەی پێشکەش کرد و شانازی بەوەوە دەکرد کە بەشێکە لەو دەوڵەتە. ئەمجا دێتە سەر ئەوەی کە کورد لە گەڵ هەموو ئەو هەوڵ وکۆششانەدا بە دواکەوتوویی لە هەموو بوارەکاندا مایەوە و کۆمەڵێ لە ڕۆڵەکانی کە ئەم بارە خراپەیان دەستنیشان کرد و بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن گەلی کورد لە داهاتوودا بکەن بە ئەندامێکی بەختەوەری ئۆسمانی و کوردستان لە بوارەکانی زانست وپیشەسازی و بازرگانیدا پێشبخەن و بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵەی هاوکاری و پێشخستنی کورد یان دامەزراند[١٠]. تا ئێستا نازانین پیرەمێرد چەند وتاری تری لە هەفتەنامەی (کورد) بلاوکردۆتەوە چونکە دەستمان بە هەموو ژمارەکانی نەگەیشتووە. دوا ژمارەی

"کورد" کە ژمارە "٩" یە لە "١٧"ی کانونی دووەمی ١٩٠٩ دا دەرچووە. وەکو دەزانین هەر لەو ساڵەدا پیرەمێرد کرا بە قایمقامی قەزای جۆلەمێرگ[١١].

هەموو نووسینەکانی تری پیرەمێرد کە من لێرەدا باسیان لێوە دەکەم ئەوانەن کە لە گۆڤار یا ڕاستتر لە هەفتەنامەی (ژین)دا بلاوکراونەتەوە. ژین تورگانی نا ڕەسمی "کۆمەڵەی پێشخستنی کوردستان - کوردستان تەعالی جمعیتی" بوو و لە ١٩١٨- ١٩١٩دا لە ئەستەموول دەردەچوو. ژمارەی یەکەمی لە ٧ی نۆڤەمبەری ١٩١٨داو دوا ژمارەشی کە ژمارە (٢٥) بوو لە ٢ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩دا دەرچووە. هەرچەندە لە سەری نووسرابوو ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە (هەفتەلق غزتە) بەڵام هەر بە خۆیان لە سەریان نووسیوە: گۆڤارێکی تورکی - کوردییە بۆ لێکۆلینەوەی ئاینی، ئەدەبی، کۆمەلایەتی، ئابوری. ٢٢ ژمارەی بە ١٦ لاپەڕە بلاوکرایەوە و سێ ژمارەشی بە ٢٤ لاپەڕە. بەسەر یەکەوە ٢٥ ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە. محەمەد ئەمین بۆز ئەرسلان هەر ٢٥ ژمارەکەی لە پێنج بەرگدا کۆکردۆتەوە و لەگەڵ پێشەکییەکی پوختە و تێر و تەسەلدا لە چاپی داوەتەوە[١٢].

یەکەمین وتاری پیرەمێرد بە زمانی تورکی لە هەفتەنامەی (ژین)دا بریتییە لە دوو بەش. بەشی یەکەمی لە ژمارە (٤)دا لە ٢٨ ی نۆڤەمبەری ١٩١٨ دا و لەسەر لاپەڕەکانی ١-٤، و بەشی دووەمی لە ژمارە ٧ ی لە ٢ ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ دا بلاوکردۆتەوە. ناونیشانی بەشی یەکەمی وتارەکە بەم شێوەیە ( بۆ برام کوردی بتلیسی بە ڕێگەی گۆڤاری ژین دا)[١٣].

ئەم وتارەی پیرەمێرد بریتییە لە دوو بەش لە وەلامی زنجیرە وتارێکی کوردی بەتلیسیدا بووە کە نازناوی نووسەر و بیریاری بە نێوبانگی کورد خەلیل خەیالی بووە. خەلیل خەیالی لە ژمارەکانی ١ و ٢ و ٣ی (ژین)دا بە بۆنەی بلاوکردنەوەی نامیلکەی (کوردلر)ەوە (کورد یا کوردەکان) کە لە بلاوکەرەوەکانی "بەڕێوەبەرایەتی کۆچبەران" بووە لە ئەستەموول. وادیارە ئەو نامیلکەیە گەلێ بیرو بۆچوونی هەڵەی لە مەڕ کوردان لە خۆگرتبو. ئەو زنجیرە وتارەی خەلیل خەیالی وەلامێک بوو بۆ شێواندنی مێژووی کورد و هەوڵی ئینکاریکردنی کە لەو نامیلکەیەدا پەیرەو کرابوو. لەوێدا خەلیل خەیالی گەلێ بیرو بۆچوونی هێژای لەمەڕ مێژووی کورد و کوردستان و جوگرافیای وڵاتی کوردان پێشکەش بە خوێنەرانی ژین کردووە. هەروەها هەوڵیداوە شێوەی بیرکردنەوەی ناحەزانی کورد و هەوڵەکانیان بۆ ڕەشکردنی باری مێژوویی و جوگرافی کورد دەستنیشان بکات و ڕێنمایی کورد دەکا چۆن بەرگریکردن لە خۆ بکەن و ئەو بیرو بۆچوونانە پوچ بکەنەوە. ئەم کارانەی زۆر بە پێویست دەزانی[١٤].

پیرەمێرد لە بەشی یەکەمدا و دوای ئەوەی ڕادەگەیەنێ کە زنجیرە وتارەکەی کوردی بدلیسی لە مەڕ کوردایەتی، کە لە ژێر ناونیشانی (مهاجرین مدیریتی نشریاتندن - کوردلر -

مناسبتیله) لە سێ ژمارەی ژیندا بلاوكرایەوە، خوێندۆتەوە و ئەو دەزانێ كە ڕەنگبێ هەندێ‌كەس لە بەرامبەر ئەو بۆچوونانەی ئەو (كوردی بدلیسی) دەركەون، بەلام كێ لە دژی دەردەكەوێ و چی دەنووسێ ئەوە ئەم نازانێ‌و ڕوونكردنەوەی ناوەرۆكی پرسەكە بۆ خۆی بە جێدێلێ. ئەم دەیەوێ بیرو بۆچوونی خۆی تەنها بۆ (ڕوناككردنەوەی بیری نووسەری وتارەكە ئەو چەند دێرەی پیشكەش بكات). پیرە مێرد دەلێ " بێجگە لە كۆمەلێ بەلگەی هونەری، ئەو پرینسیپەی كە مێژووی ڕابردوو بە ئێمەی ڕاگەیاندووە ئەوەیە، كە مرۆڤانی دراوسێ یەكیان بینیوە و ناسیوە و لەتەكێ ئەواندا هەولیانداوە دراوسێ تازەكان بناسن و هەبوونیان بە كۆنەكان بدەن بە ناساندن. هیچ كەسێ نهێنی وگرێ كوێرەكانی مێژووی كۆنی بە سیحر و زانستی میتافیزیقی نەدۆزیوەتەوە. ئەم چیرۆكێ و بسەرهاتانە دەماو دەم لە مێژوودا لە وەچەیەكەوە بۆ وەچەیەكی گوێزراونەتەوە و بە نێو خەلكدا گەڕاون و تێكەل بە ئەفسانەی پڕوپوچ بوونە و تەنها لە هەندێ ناوچەی دیاریكراودا چونەتە سەر ڕێگەی ڕاستی خۆیان. ئەوەی پەیوەندی بە كوردەوە هەیە ئەوا دەبێ لە شوێنەوارە مێژووییەكان و زمان و هەموو ئەو بەلگانەی كە باس لە هەبوونی كوردەوە دەكەن لە باشووری دەریای ڕەش وزنجیرە چیای ئاگر ـ ئارات ـ مرۆڤ بۆیان بگەڕێ. واتە دەبێ لە هەكاری و بۆتان و بارزان و قەندیل و ئاكۆ، شاهۆ، دالهۆ تا دەگاتە پێستون لە شوێنەواری كورد بگەڕێن. هەرچەندە شیو و دۆلەكانی ئەم كێوە بەرزانە كە كورد چ نیشتەجێ و چ كۆچەر تیایاندا بەسەدان سالە دەژین و هەمیشە لە ڕووداوە مێژووییە گرنگەكان هەلهاتوونەو خۆیان لەو كێوە سەختانەدا حەشارداوە. لەگەل ئەوەشدا لە سەدەكانی كۆندا لەگەل ئێرانیان و لەسەدەكانی ناوەڕاستدا تێكەل بە ئاینی ئیسلام و شارستانی عەرەب بوونە و تاكو ئێستاش لەبەر نەبوونی ڕێگەوبان و ئامێری پەیوەندی گەریدە و شوێنەوارناسە ئەورووپاییەكان ناتوانن بە ئاسانی لەگەل كورد و كوردستاندا پەیوەندی ببەستن و كورد تێكەلیان بن كورد بە لەبیر كراوی ماوەتەوە.

لەمەڕ ئەو سەركردە كوردانەش كە نێوبانگیان لە جیهاندا دەركردووە و بوونە بە مایەی سەربەرزی بۆ گەلانی تر پیرەمێرد بەم شێوە باسیان دەكا "ئەوانەشی جەلوەی تالع و یا حەماسەت و جەلادەتی جەهانگیری لە كەلەی دابوون تەجەلییەكانی یا لە سەلاحەدیندا لە عەرەبستان و یا لە نادر (؟) وكەریم خاندا لە ئێران" بەرجەستە بوونە. مێژوو هەر ڕووداو و وەچە نیە، بەلكو ئەوەی كە لە كات وشوێندا دەخرێتە سەر بۆ خەلكی دەبێتە مال (لێرەدا مرۆڤ وتە پڕ بە واتاكەی ڕۆژهەلاتناسی ئەرمەنی ئۆربیللی بیر دەكەوێتەوە كە دەلێ گەلی كورد بەناوبانگترین سەركردە سەربازی و ڕۆلە زاناو داناكانی لە نێو گەلانی دراوسێدا ون كردووە). لەگەل ئەوەشدا بەلای پیرەمێردەوە لەگەل ئەو هەموو زۆرداری و ستەمكارییەدا

ڕەچەڵەک و هەبونی کورد لە سەردەمە مێژووییە دێرینەکان و لە ڕووداوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوادا جێی خۆیان گرتووتەوە. ئێمە ئەورۆ کورد و کوردستان بە دوو شێوە بە دوژمنانمان دەناسێنین. لەلایەکەوە هەر بە ڕێگەی ئەو بەڵگە و سەرچاوە مێژووییانەوە کە ئەوان پشتی پێ دەبەستن و دەیهێننەوە نەزانیان دەخەینە ڕوو و لەلایەکی تریشەوە هەبوونی ئەمڕۆی گەلی کورد و هەموو ئەو خەڵکانەی کە کورد لە سەریان ژیانێکی سەربەخۆ دەباتە سەر، مادام چاویان نایبینێ. دەبێ بەسەریاندا بسوورێننەوە و نەخشەمان بە دەستەوەبێ و بخەینە بەرچاویان. هەر لەو بوارەدا پیرەمێرد دەڵێ کە وردەکارییەکانی بەشی یەکەم بۆ گەنجە ڕۆشنبیر و توێژەرەکان بە جێدێڵێ، بەڵام هەندێ لەو زانیاریانەش کە لەم بارەیەوە دەست دەدەن دەخاتەڕوو.

لێرەدا باس لە هاوڕەگەزی کورد و ئەرمەن و فارس و نەستووری دەکاو بە بۆچوونی ئەو جیاوازی ئاینی و ئاینزایی وای لێکردوون دوور بکەونەوەو لەبەر نەزانی مێشکی کۆمەڵێک پڕکراوەتەوە کە لە زووەوە کاتی ئەوە هاتووە بە شتی تر پڕبکرێتەوە. چونکە گەلێ شت هەیە ئەمانە کۆ دەکاتەوە. شتێکی تریش ئەوەیە کە پێش ئەوەی ئەوروپاییان بە ناوەڕاستی ئاسیا ئاشنا بن گەلی عەرەب وەکو فاتیح و گەریدە گەیشتوونەتە ئەو ناوەو زنجیرە کتابی جوگرافیناسی عەرەب و عەرەبیزمان دەکات وەکو مێژوونووس (الواقدی)یەوە بگرە تا دەگاتە الساعدی قاضی طلطیطلة لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا کە (طبقات الأمم) والمقدسی (أحسن التقاويم في معرفة الأقاليم) و بەتایبەتی مێژوونووس حەسەن کوڕی عەبدوڵا خاوەنی (اثار الأول في ترتيب الدول) هەروەها کتێبی ئیبن خەلدەکان، بە هەمان شێوەش لە هەموو کتێبە مێژووییە فارسییەکاندا لە بارەی کوردەوە زانیاری دەبینرێ. لەمانەش زیاتر لە بەرهەمە فەرەنسی و ئەڵمان و بێجگە لەو بەرهەمە ئینگلیزیانەی کە وەرگێڕراون و ئەمینم لەوەی برادەرانم بینیویانە و نێویان دەبا وەکو (دانیشتوانی جیهانی ١٨٩٢) و (ئاینەکانی جیهان) و (جیهانی ئەورۆ) و(بەشەکانی جیهان)ی تایلەر و((زانستی مرۆڤ)ی دکتۆر کینی ئەمەریکی. هەموو ئەو کتێبانەو لەوانە زیاتر کتێبی مسیۆ ڕیچ کە باسی کورد و لورستان و فەیلیستان و بەختیاری و زەند و لەک و کەڵهوڕ تاوەکو دەگاتە چیاکانی بەڵخ باسی کوردستان دەکات.

لەبەشی دووەمدا دێنە سەر هەبوونی کەسایەتی ئەورۆی کورد کە لە گەلێ شوێن سەربەخۆ و خاوەن سەروەری خۆیانن. تەنها کوردەکانی دەوڵەتی ئۆسمانی کە هەرچەندە هەبوونی خۆیان بە مەقامی خەلافەت پاراستووە ئێستاش وەکو ئەوەی ناویان نەچووبێتە دەفتەری دەوڵەتەوە تەنها ساڵانە بە باجێک، کە لە ڕاستیدا سەربەخۆییان نەک گرێدراویان نیشان دەدا. بە گوێرەی مێژووی گشتیی کوردان ئەو ناوچەیەی لە موحەمەرەوە بەرەو

باکوور تا دەگاتە گەنجەو لەوێوە بەسەر واندا تا لە دەریای ڕەش کۆتایی دێت فەیلی، لوڕ، کەڵهوڕ، گۆران، باجلان، زەند، بەختیاری، بەنی ئەردەلان، جاف، مەنگوڕ، مامەش، کورک، پیران، نورەدینی، سۆران، هەرکی، سورچی، داودە، شێخبزێنی، هەمەوەند، ئیسماعیل غەریری، کوردی، ملی، ئەرتوش، زرکی، کیهان، مامخوران، کۆڤان، کراوی، زراری، شەرەفان، شەهیدان، زرکان، هەمیان، مەرزیکان، شکاک، موکریان، تاگوران، شەمسیکان، شاهویان، جەلالی، حەیدەران، میلان، هارومەتان، زیلان، حەسەنان وگەلێکی تر کە خێلی بەناوبانگن و لەسەر ئەم خاکە دەژین و تاوەکو ئیستا وەکو خێل بەبێ هیچ کۆت و بەندێک ژیانی خێلەکی سەربەخۆ بەسەر دەبەن. لە هەندێ ناوچە نیشتەجێکان لە دەفتەری حکومەتدا نووسراون و بە بۆنەی هەڵبژاردنەوە ژمارەیان بە مەزەنە تەخمین کراوە. وڵاتی کوردان لە دەوڵەتە بچوکەکانی ئەورووپا دوو سێ ئەوەندە فراوانترە و هەروەها لەلایەن ژمارەی دانیشتوانیشەوە ئینکارکردنی گەلێکی بەو ژمارە زۆرە و دابەشکردنی خاکەکەی بۆ ئەوەی بیکەن بە بەندێک لە نێو خۆیاندا مایەی شەرمە بۆ ئەوان.

بەشی دووەمی ئەم وتارە لە ژمارە ٧ ی ژین دا بلاوکراوەتەوە و تەنها ژمارەی ٢ لەسەر نووسراوە و ناونیشانی بۆ دانەنراوە و بە وتەیەک دەست پێدەکا کە دەڵێ (**هەندێ جار پارچە بەردێک سەرگوزەشتەی مێژوویی گەلێک لە ئەفسانەکانی مێژوو باشتر ڕوون دەکاتەوە) و دوو پیتی س. ت**[١٥] کە (سلیمانییەلی تەوفیق)ە لە ژێر ئەو وتەیەدا نووسراوە.

لێرەدا دەڵێ (من تێناگەم ئارییەکان کە لە ناوچەگەلێکی فراوان و دوور لە یەکدا لە کۆچ و بارکردندا بوون و لە باکووری ئەفریقاوە تا دەگاتە گردەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە بنەچەوە لە کوێوە هاتوون. ئەم قەومە کە لە وڵات و بە وڵاتە گەرمەکان را هاتبوون پێم وانیە توانیبێتیان - پێش خۆ داپۆشین - لە ناوچە سارد و سڕەکانی قەوقازدا هەڵبکەن. بەڵام لە بەر ئەوەی زۆربەی زانایانی مێژوو لەسەر ئەمە - واتە هاتنی ئارییەکان لە قەوقازەوە - هاودەنگن دەبێ بە ناچاری خۆمی لەگەڵدا بگونجێنم. ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە ئەوەیە کە بەر لە چاخی بەردین لەم ئاریانە کە لە نێوان میافارقین و قەوقاز دا لە بەهار و هەواردا بوون بە تایبەتی کاردۆخەکان کە کوردیان لێ بوونەتەوە. (لەگەڵ هەموو ئەوەشدا ئەگەر بەمن بێ ئەوا هەر بۆچوونەکەی شاعیری کورد و تاقە ڕابەرەکەی خوالێخۆشبوو حاجی قادری کۆییم پێ ماقولە. کاری خەیالی هەڤاڵمان رازبێ کە میراتەکەی حاجی قادرمان بۆ زیندوو دەکاتەوە. خۆلێخۆشبوو حاجی قادر لە شیعرێکیدا دەڵێ (مادام کەشتییەکەی نوح لەسەر چیای جودی نیشتەوە و بەر لەو دەمەش کورد لە دەوروبەری جودی ژیاوە، کە واتا لە سەردەمی بەر لە تۆفانەوە ئەم وڵاتە وڵاتی کوردان بووە). بە کوردی و کورتی کاردۆخی بن،

بەهرامی بن، میدی بن یا نەوەکانی نوح بن، ئەم گەلە کە تاوەکو ئێستا کۆمەڵی زۆر کە لە ژمارە نایەن حکومەتی گەورە و بچوکی دامەزراندوە لە دەوڵەتی ئەیوبییەوە بگرە تا دەگاتە میرنشینە دەرەبەگییەکانی بدلیس و هەکاری و بۆتان و حکومەتە بچوکەکەی سلێمانی کە تا ئەم ساڵانەی دواییە واتە ١٢٦٢-١٢٦٥ (کە دەکاتە ساڵی ١٨٤٥-١٨٤٨ ز) هەر مابوون.

لەبەر ئەوەی بەشی بلاوکردنەوەی کۆمەڵە (واتە کۆمەڵەی پێشخستنی کوردستان - کوردستان تعالی جمعیتی، کە ژین ئۆرگانی بوو) خەریکی ئامادەکردن وبلاوکردنەوەی کتێبە لە بارەی لە نێوچوونی میرنشینەکانی بدلیس و هەکارییەوە، بۆیە پیرەمێرد ئەم وتارەی بە وتەی خۆی بۆ باسی بابانەکان و میرنشینەکەیان لە بەر ڕۆشنایی یادداشت و بیرەوەرییە تایبەتییەکانی خۆیەوە تەرخان دەکەم. پیرەمێرد دەڵێ کە لە کۆر بەدواداچوون و توژینەوەی خۆی حکومەتی بەبە زیاتر لە ٢٥٠ ساڵ لە سەرەتاوە بریتی بووە لە دەسەلات و فەرمانڕەوایی هۆزێک و دوایی وەکو یەکێتییەکی هۆزان کە بە خواستی خۆیان بەشدارییان تێداکردووە و لە شێوازی خۆبەڕێوەبردندا وەکو حکومەتێکی سەربەخۆ ژیاوە. ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێک و پێک بە دەوری مێژوودا تێپەڕێ وەکو دەمەکانی پەیدابوون، گەشەکردن، کامڵبوون، ڕاوەستان، لاوازبوون و لە نێوچوون، لەبەر ئەوەی کاتی لە شەیوەندیەکی توند و تۆڵدا بووە لەگەڵ ئێراندا کە زمان و ئەدەبیاتی ئێرانی لە لاوازیدا بووە و دوای ئەوەش کە بووە بە بەشێک لە دەوڵەتی ئۆسمانی تاوەکو ئێستاش خاوەن مێژوویەکی ڕوون نیە (لێرەدا هۆی نەزانینی مێژووی بابان دیاری دەکات). هەروەها پیرەمێرد دەڵێ کە گەلێ لە شاکار و ئەفسانە و داستانی ئازایەتی قارەمانێتی و بەزم و ڕەزمی ئەم میرنشینە و شوێن و کات ڕوودان و کەسایەتییەکانیان کە دەماو دەم لە وەچەیەکەوە دەگەیشتنە وەچەیەکی تر و لاپەڕەکانی مێژووی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان پڕکردۆتەوە، لە بەر کردبوو.

هەر لێرەدا باسی ئازایەتی گەلێ لە میر و نێودارانی کورد و بەرهەڵستکارییان لە دژی سوپای بە هێزی دەوڵەتان وەکو عەبدولڕەحمان پاشای بابان کە بەغدای لە یاخیبوان وەرگرتەوەو دایەوە بە دەوڵەتی ئۆسمانی و سەلیم بەگی مەریوان و ئۆسمان بەگ و ئەکرەم مەلا هەمزە و جوامێر ئاغا و یاوەرانیان لە دوازدە سوارەی مەریوان (کە لە دواییدا لە داستانێکی شیعری ڕەنگیندا دەیخەملێنێ) و عەزیز بەگی بابان لە بەرەنگاربوونەوەیدا لەگەڵ سوپای ئۆسمانیدا بە جەلالەدینی خوارزمی دەشوبهێنێ. دڵێ ئەمانە هەموویان جێگەی شانازی و سەربەرزین بۆ من. دوابەدوای ئەوە دەڵێ خوومدایە بەردو شوێنەوارە کۆنەکان و ڕۆژێک پێیان ڕاگەیاندم کە تاشە بەردێکیان لە ماوەت دۆزیوەتەوە کە تاشە بەردێکی ئاسایی بوو کە بە فارسی لەسەری نووسرابوو:

**تا ئەبەد ئین اسنان معمورباد          صاحبش أز آسمان منصور باد**

که لەلایەن ئەسکندر کوری ئیسماعیل پاشا لە ٩٣٧ی کۆچی (١٥٣٠زاینی) ەوە نووسراوە. دەڵێ ئەمە سەرەوژێر بیر و بۆچوونەکانی منی گۆڕی چونکە من وام دەزانی لە نێو سولاڵەی بابانیاندا ئەسکەندەر ناو نەبوو و پێم وابوو ئەمە تەنها ناوی مەسیحییە. ساڵی دوای ئەوە کە دەکاتە دەوروبەری ١٨٩٠ لە مانگی ڕەمەزاندا لە دێی شهابەدین لە ناوچەی ئالان بووم لە شارەزوور و چوومە مەرقەدێک بۆ قورئان خوێندنەوە دەستخەتێکی قورئانی پیرۆزم بینی لە پەراوێزیدا گەلێ شت بە عەرەبی و فارسی لە بارەی مێژوو و ڕووداو ساڵی لە دایکبوون نووسرابوون. لە نێو هەموو ئەو هەمو شتانەدا ڕستەیەک زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەویش ئەوە بوو کە (شێخ شهاب الدین لە ساڵی ٩٤٠-١٥٣٣ی زاینی ئاماژە بەوە دەکا کە کورەکەی لە کاتی فەرمانڕەوایی دادوەرانەی ملک العادل و العامل اسکندر پاشا کوڕی اسماعیل پاشا هاتۆتە دونیاوە خودا بکا نەوەیەکی صالح بێ). ئا بەو شێوەیە پارچە بەردی سەر گوزشتەی مێژوویی گەلێک لە زۆر چیرۆک و ئەفسانە باشتر ڕوون دەکاتەوە. هیوادارم ئەو بەردە و قورئانە هێشتا لە شوێنی خۆیان مابن. ئەم بیرو بۆچوونانەی پیرەمێرد پێویستیان بە تاو توێ کردن و لێکدانەوەی زۆر هەیە کە ئەرکی ئەم باسە کورتەی ئێمە نیە.

لە ژمارە "٥"ی (ژین)دا - لە لاپەڕە ٧-٩ پیرەمێرد شیعرێکی بە تورکی بەنێوی (کاروان غم) بلاوکردۆتەوە... **لەم پارچە شیعرەیدا پیرەمێرد وێنەی ژنێکی ئاوارەی کورد دەکێشێ کە چۆن ناچارکراوە زیدی باو باپیرانی بەجێ بێڵێ و کۆرپەکەی بە کۆڵەوە بگرێ و بە چاوێکی پڕ لە گریەوەبۆ دوا جار دەڕوانێتە قەلای بدلیس و ڕێگەی هات و نەهات دەگرێتە بەر. کاتێ پیرەمێرد لێی دەپرسێ خەڵکی کوێیە لەوەلامدا دەڵێ خەڵکی موشەکە لێی دەپرسێ ئایا بەرەو کوێ دەڕوا لە وەلامدا دەڵێ ئاخۆ مرۆڤی کۆچبەر و ڕاگوێزراو دەزانێ قسمەت بۆ کوێی دەبا. هەروەها دەڵێ کە مرۆڤ ڕاگوێزرا و ناچارکرا زیدی باب و باپیران بەجێ بێڵێ و بێ ولات بوو ئیدی چی جیاوازی هەیە لێرە یا لەوێ بێ. هەروەها پیرەمێرد لە سەر زاری ئەو ژنەوە باسی خانەدانی و میرخاسی باو و باپیرانی دەکا کە چۆن لە چەتالجە لە نزیک ئەستەمووڵ دوژمنی تەفروتونا دەکرد و ڕۆژنامەکان چۆن پیاندا هەڵداوە و ئەمانیش بەو کارە سەرفراز دەبوون. هەروەها هاوسەر و براو یازدەکەس لە بنەماڵەکەی لە شەڕی دژی کافراندا شەهید بوونە و ئێستاش تەنها هیوا ئەم منداڵە بێ ناز و باوکەیە کە نیشتمان بپارێزێ و تۆڵە لە دوژمنانی بکاتەوە. لە کۆتاییدا پیرەمێرد دەڵێ دەبێ مرۆڤ و نەتەوە بە ژنی واوە شانازی بکا و پێی سەربەرز بێ(١٦). لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم کە پیرمێرد وەکو مرۆڤێکی ڕووناکبیر و بیریار ڕۆڵی ژنی لە کۆمەڵدا بە شێوەیەکی مرۆڤدۆستانە**

و دروست دەستنیشان کردووە. سەدان بەڵگە لە هەموو نووسینەکانی پیرەمێردا لەبەر دەستن کە ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکەنەوە و ئەم لایەنەی ئەفراندنی پیرەمێرد پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ هەیە کە ئەو بیر و بۆچوونە هەرزەکارانە پووچ دەکاتەوە کە گوایە ناسیۆنالیزمی کورد مافی ژنی کورد پێشێل دەکا و ڕۆڵی لە کۆمەڵدا پشتگوێ دەخات.

**ئەم چەند دێرە شیعرەی پیرەمێرد باس لە کۆمەڵێ ڕووداو و کارەساتی مێژووی نوێی کورد دەکەن وەکو پرسی ڕاگواستنی زۆرەملێی بە سەدان هەزار کورد لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بە دەستی دەسەڵاتدارانی ئیتیحاد و تەرەقی. هەروەها زۆر بە زەقی پرسی خۆ بەختکردنی ڕۆڵەکانی کورد لە پێناوی بەرژەوەندی دەوڵەتان و گەلانی تردا دەخاتە ڕوو و هەڵس وکەوتی ناجوامێرانەی ئەمانیش بەرامبەر بە کورد نیشانی خوێنەر دەدا.**

لە ژمارەی ٦ی ژین دا پیرەمێرد شیعرێکی شاعیری گەورەی کورد نالی (قوربان تۆز ریگەتم) کردووە بە تورکی و لە لاپەڕەکانی ۱۲-۱٤ بلاوکردۆتەوە. هەرچەندە ئەو ناونیشانە لە سەر بابەتەکە نەنووسراوە بەڵام پێرستی بابەتەکان نووسراوە (مکتوب منظوم) لە لایەن سلیمانییەلی تەوفیق. لە پێشەکییەکی کورتدا دەڵێ (نامەیەکی شیعریی شاعیری کوردی بە نێوبانگ نالییە کە لە شامی شەریفەوە بۆ شارەکەی خۆی سلێمانی ڕەوانەی کردووە. لە وەرگێڕانی شیعرەکەدا بۆ تورکی نەدەکرا لە شێوازی کۆن بەولاوە هیچ ڕێگەیەکی تر بگرمە بەر. لە کێش وقافیەی شیعرەکە لام نەداوە و تەنانەت زۆربەی پیتەکانیشم نەگۆڕیوە. هەرچەندە هەمیشە مەترسی ئەوە هەیە کە وەرگێران لێدانی بە پێچەوانەی قەواڵەوە بێ "لێرەدا قەوال دەتوانێ بێژەر بێ یا لێدەری ئامێرێک.ج". لە وەرگێڕاندا مرۆڤ ناتوانێ خاڵە ڕۆحییەکانی و جوانکارییە زمانەوانی وبیرۆکە شاراوەکان لە توێ وشەکاندا وەربگێڕێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و بۆ جۆشدانی هەستی نەتەوەییمان ئەم شیعرەم وەرگێڕا) هەر لەم وەرگێرانەدا ۱۱ پەراوێزی بۆ شیعرەکە نووسیوە کە زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو ناوە جوگرافیانەیە کە لە شیعرەکەدا هاتوون وەکو "سەرشەقام، سەرچنار، بەکرەجۆ، تانجەرۆ، سەیوان، کانی با ... تاد"[۱۷].

لە ژمارە ۱۲ی "ژین"یشدا بابەتێک بە نێونیشانی (کوردلر دە وهبی زەکا) بە نێوی (پیرەکورد تەوفیق)ەوە بلاودەکاتەوە. ئەم تەنها جارە کە نێوی پیرەکوردی بەکارهێناوە. ڕەنگبێ ئەم پیرەکوردە بتوانێ هەندێ تیشک بخاتە سەر زنجیرەی پرۆسەی هەڵبژاردنی نێوی پیرەمێرد. **لەم وتارەدا باسی زیرەکی خۆڕسکی لە نێو کورداندا دەکات و دەڵێ کە ئەو بە خۆی گەلێ مرۆڤی بینیوە بێ ئەوەی هیچ خوێندەوارییەکیان هەبێ باشترین شیعریان هونیوەتەوە. هەروەها دەڵێ لەبەر ئەوەی کورد خودان دیوان و کتێبی چاپکراو نەبووە ئەوا**

بەرهەمی گەلێ لە شاعیرە مەزنەكان لە نێو چوونە. لێرەدا پرسێكی ڕەوا دەكا و دەڵێ ئاخۆ بەرهەمی چەندین شاعیری كورد لە نێو چووبن. بۆنموونە باسی ئەوە دەكات كە لە ناوچەیەكی بچووكی وەكو سلیمانیدا و تەنها لە ماوەی نیو سەدەدا ئەو بە خۆی ئەو هەموو شاعیر و خاوەن بەهرانەی بینیوە ئەی دەبێ لە هەموو كوردستاندا چەند ئەوەندەی تر لەو جۆرە كەسانە هەبن. هەر لەم وتارەدا نێوی كۆمەڵێ شاعیر و نووسەر و بەهرەمەند دێنێ وەكو مەولەوی، مادومی، نالی، موستەفا بەگی سالم، كوردی، حاجی قادری، هجری، عەلی بەردەشانی، ئەحمەد گەور (كۆر) ڕەنجەڕۆیی، كچی حەسەن كنۆش، دەربەند فەقەرەی. هەروەها باسی ئەو دەكات كە چۆن كورد قەدری شاعیر و گەورە پیاوانی خۆیان ناگرن و چۆن دكتۆرێكی فارس پێی وتووە ئەوان زوڵفی یلدا و قەسیدەی شاە وماهی شێخ ڕەزای تاڵەبانی وەكو ئەوانەی سەعدی و حافز بەهادار دەزانن. پیرەمێرد تەنها خۆزگەی ئەوە دەخوازێ كە تاوەكو هەموو ئەو شیعرانەی شاعیرانی كورد، كە بە هۆی كورد پەروەرییەوە ئەزبەری كردوون، نەخاتە سەر كاغەز خودا ئەمانەتی خۆی نەباتەوە (واتە ئەوەندە تەمەنی درێژبێ تاوەكو هەموو ئەو شیعرانە بلاو دەكاتەوە. ڕەنگبێ هەر لێرەوە بنەمای بیرۆكەی چاپخانە و چاپكردن و ڕۆژنامە و پرۆژەكانی تری پیرەمێرد سەریان هەڵدابێ كە لە دواییدا هەموو ژیانی خۆیی بۆ تەرخان كردن). هەر بەو بۆنەیەوە شیعرێكی محەمەد ئاغای دەربەند فەقەرە كە بە شێوەی كۆنی كوردی زەند و پێش بیست ساڵ بە هۆی هەستی كوردایەتییەوە لە بەری كردبوو دەكاتە توركی و لەگەڵ دەقە كوردییەكەیدا بلاوی دەكاتەوە. ئەویش پارچە شیعری (گڵكۆی تازەی لەیل)ە[١٨].

بێجگە لەو وتار و شیعرانە پیرەمێرد بە نێوی هەردوو كوڕەكەیەوە ئیسماعیل ویداد و مەحمود نەژادەوە چەند بابەتێكی لە ژمارە ٨ دا لە ژێر ناونیشانی (یەكێتی تورك و كورد) وتارێكی بلاوكردۆتەوە كە بۆ باسی ڕووداوەكانی مێژوو و بەرگری كوردی ئەخلات و بدلیسی تەرخان كردووە و چۆن دوایی كورد بە ڕەزامەندی خۆیان هاتوونەتە پاڵ دەوڵەتی ئۆسمانی[١٩]. هەروەها لە ژمارە ٩ شدا هەر بەنێوی ئیسماعیل ویدادەوە وتارێكی لە ژێر ناونیشانی (زمانی كوردییمان) كە تێیدا زاراوەی (جۆن كوردلر ـ كوردەلاوەكان) بەكاردێنێ. ئەم وتارەش لە ناوەڕۆكدا هەر لە مەڕ لێكدانەوەی بیرو بۆچوونەكانی خەلیل خەیالیە و داوا دەكات وت وێژێكی كراوە لەسەر زمانی كوردی ئاواڵە بكرێ نەك تەنها لە نێوان پیران و پیاوماقولانی كوردا، بەڵكو دەبێ گەنجانیش بەشداری لەم دان وسان و گت و بێژانەدا بكەن و دەبێ زمانی كوردی پەرەی پێبدرێ و وەلاوە نەنرێ و لە جیهانی شارستانیدا بەكاربهێنرێ.

بەنێوی مەحمود نەژادی کوریشیوە لە ژمارە ٨ ی "ژین"دا شیعرێکی لە ژێر نێوی (هەستی منداڵێکی کورد)ا بلاوکردۆتەوە کە لە شاری بورسە نووسراوە. واتە ئەو کاتەی پیرەمێرد پارێزگاری بورسە بووە. ئەم پارچە شیعرە پڕە لە سۆز و هەستی نیشتمانی و کورد پەروەری بەم شێوەیە دەست پێدەکات (ئای نیشتمان، گۆرەپانی غەم و وڵاتی خەڵتان لە خوێن ئەی وەک ئەو دایکەی جگەر گۆشەکەی لە دەستداوە).

لە ژمارە ١٠ ی گۆڤاری "ژین"یشدا هەر بە نێوی مەحمود نەژادەوە و لەژێر نێونیشانی (لە مەزنانی کورد - حەزرەتی مەولانا خالید) وتارێکی تری بلاوکردۆتەوە. لەم وتارەدا باسی گرنگیی ئاین و باوەڕ لە ژیانی گەلاندا دەکا. ئەوەش دەستنیشان دەکا کە دەبێ مرۆڤ بە خواستی خۆی نەک بە داری زۆر باوەڕ بەهەشت بێنێ. ئاماژە بە ڕۆڵی سەرکردەی کورد و ئیسلام سەلاحەدینی ئەیوبی دەکاو ئەوجا دێتە سەر باسی مەولانا خالید و ئاماژە بە شاعیرێتی دەکا و کۆمەڵێ لە شیعرەکانیشی کردووە بە زمانی تورکی. لێرەشدا هەر وەکو ئەوەی پیرەمێرد لە پێشەکی وەرگێڕانی شیعرەکانی نالیدا ئاماژەی بە زەحمەتی وەرگێڕانی هەست و جوانکاری شیعری و زمانەوانی کردووەو لەم ژمارەیەی ژین دا بلاوی کردوونەتەوە[٢٠].

من ئەم بەرهەمانە کە بەنێوی ئیسماعیل ویداد و مەحمود نەژادەوە لە ژیندا بلاوکراونەتەوە بەبێ یەک و دوو بە بەرهەمی پیرەمێرد نێوم بردوون و لە قەڵەم داون لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

**١- ئاستی بابەتەکان و زانیاری و لێکدانەوەکان زۆر بەرزترن لە توانا و تەمەنی هەرزەکار وگەنج گەلێکی وەکو ئیسماعیل ویداد و مەحمودنەژاد کە هیچ کامیان تەمەنیان نە دەگەیشتە بیست ساڵ و لە کەش و هەوایەکی تورکی ئۆسمانیدا گەورەببوون.**

**٢- ئەگەر هەستی کورد پەروەری و ئەدەبی کوڕەکانی پیرەمێرد لەو ئاستەدا بوونایە کە ئەو وتار وباسانە دەریاندەخست، ئەوا دەبوایە بکەوتنایەتە تەک باوکیان کاتێ بڕیاری گەڕانەوەیدا بۆ باشووری کوردستان و ڕووی ڕاستەقینی دژ بە کوردی کەمالییەکان بۆ هەموو لایەک ئاشکرابوو.**

**٣- پێموایە پیرەمێرد لەو سالانەدا کاربەدەستێکی گەورەی دەوڵەت بووە بە تایبەتی کاتی پارێزگاری "والی" بورسە بووە، نەیتوانیوە بە نێوی ئاشکرای خۆیەوە ئەو جۆرە شیعر و وتارە بەسۆز و کورد پەروەرانە بلاوبکاتەوە، بۆیە پەنای بردۆتە بەر ئەو شێوازە بۆ دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانی.**



هەوراز ناسەی کتێب

**٤- بەدووری نازانم وەکو باوکێکی کورد پەروەر ویستبێتی منداڵەکانی هان بدات هەمان ڕێبازی خۆی بگرنە بەر و بەو هەستە جۆشیان بدات و تەنانەت وتاریش بە نێویانەوە بلاوبکاتەوە.**

**بەهیوای ئەوەی لە داهاتوودا دەستی نووسەران بگاتە هەموو نووسین و بەرهەمەکانی تری پیرەمێرد بە زمانی تورکی و پێشکەش بکرێن بە خوێنەری کورد.**

## سەرچاوەکان


(١) محمدی مەلا کەریم، بیری کۆمەلایەتی و سیاسی پیرەمێرد لە کەلێنی "پیەسی تەمسیلێکی ڕاستی تەئریخی" یەوە "لەولاتی خۆماندا ڕووی داوە"، لەگەڵ تێکستی پیەسی تەمسیلێکی ڕاستی تەئریخی لە ولاتی خۆماندا ڕوویداوە، لە نووسینی پیرەمێرد، ساغکردنەوەو پەراوێز بۆکردن و ڕابەر بۆ نووسینی: محمدی مەلا کەریم، بەغدا ١٩٩٢، ل ٥.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لل ٦-٧

(٣) ئەم بۆچوونە لە سەر زمانی یەکێ لە پاڵەوانەکانی ئەو پیەسەوە ڕادەگەیەنێ. لە ڕاستیدا ئەم پیسە ٣٥ لاپەڕەییە بریتییە لە گەنجینەیەکێ بۆ بیری سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕووناکبیری پیرەمێرد: بڕوانە هەمان سەرچاوە لل ٨٨-٩٠.

(٤) بڕوانە ئەم بەرهەمانەی پیرەمێرد

- مەم وزین، داستانێکە بە شیعر و پەخشان لە ڕێکخستنی پیرەمێرد، سلێمانی ١٩٣٤ (٢٢ ل) (چاپی دووەمین ١٩٦٨)

- دیوانی مەولەوی (لە هەورامییەوە بە شیعر کردوویە بە سۆرانی) سلێمانی ١٩٣٥ (٢٢٩ل)

- دوازدە سوارەی مەریوان، داستانێکە بە شیعر قارەمانێتی دوازدە سوارەی مەریوان دەنوێنێ، سلێمانی ١٩٣٥ (چاپی دووەمین ١٩٥٩).

- دیوانی مەولەوی، بەرگی دووەم (لە هەورامییەوە بە شیعر کردوویە بە سۆرانی) سلێمانی ١٩٤٠

- گاڵتەو گەپ چەند چیرۆکێکی کۆمیدییە وەک خەوەکەی لالە سەرحەد و بێ مەسلەکی ، فس فس پاڵەوان و قۆرتی نەگبەتی، سلێمانی ١٩٤٧ (چاپی دووەمین ١٩٧٠)

- لە پەندەکانی پیرەمێرد بەرگی یەکەم ١٩٦٩ بەرگی دووەم ١٩٦٩ و بەرگی سێیەم ١٩٧٢، (کاکەی فەلاح کۆیکردۆتەوە).

(٥) میری بصری، اعلام الکرد، لندن ١٩٩١، ص ١٢٧

(٦) ئۆرخانی غالیب، نەمریی لەئەدەبدا.ئاوێنەی ژیان وبەرهەمی کۆمەڵێک شاعیر، سوید ١٩٩٨،ل٥٣

(٧) گۆڤاری (اجتهاد) کە لەلایەن دکتۆر عەبدلا جەودەتەوە دەردەکرا لە ساڵی ١٩٠٤ دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی و ساڵانێکی زۆر لە قاهیرە و دوایی لە ئەستەموول دەری دەکرد و تاوەکو مردنی لە ساڵی ١٩٣٢ هەر بەردەوام بوو لە دەرکردنیا. پیرەمێرد لە دوای ساڵانێکی زۆر بە خۆی لە بارەی پەیوەندییەکانی بە دکتۆر عەبدوڵا جەودەت و گۆڤاری ئیجتهادەوە نووسیویەتی دەڵێ: (لە دوای مەشروتیەت کاتێ عەبدوڵا جەودەت لە ئەورووپاوە گەڕایەوە بۆ ئەستەموول، لە هەموو کەس زیاتر من هاریکارم کردو لە گۆڤارەکەیدا "مەبەستی گۆڤاری ئیجتهادە ح.ق" چی بە نەزم و چی بە نەسر خزمەتی من و نەژادی کورم هەیە). لەم بارەیەوە بڕوانە: ڕۆژنامەی "ژین" ژمارە ٦٧٩، سلیمانی ١٩٤٢ لە: ئومێد ئاشنا، چەند لایەنێکی شاردراوە لە ژیانی ڕۆژنامەگەریی پیرەمێردی نەمر، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٣٩ هەولێر ١٩٨٥، ل ٣٧. هەروەها بڕوانە:

Malmînij & Mahmûd lewendî, Li Kurdistana Bakur û Li Tirkiyê Rojnamegeriya Kurdî, 1908- 1992, ikinci basin, Ankara 1992. Rr 62- 64.

گۆڤاری (اجتهاد) گۆڤارێکی زانیاری و سیاسی بوو و بۆ خەبات کردن لە پێناوی پاراستنی مافی سەربەستی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ تەرخان کرابوو و لە ساڵی ١٩٠٤ یەکەمین ژمارەی لە لایەن عەبدوڵا جەودەتەوە بڵاوکرایەوە و کاتێ چووە قاهیرە لەگەڵ خۆیدا گواستیەوە بۆ ئەوێو دوای شۆڕشی تورکە لاوەکانیش بۆئەستەموولی گواستەوە و کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد لەلایەن ئیجتهادییەکانەوە قەدەغە کراو دوای کۆتایی هاتنی شەڕ جارێکی تر دەستی کردەوە بە بڵاوکردنەوەی لە ژمارە جیاوازەکانی ژین دا باسی دەرچوونی ژمارەکانی ١٢٨ تا ١٣٥ ڕاگەیندراوە. وەکو دەزانرێ تا کۆچی دوایی عەبدوڵا جەودەت لە ساڵی ١٩٣٢ دا لەسەر دەرکردنی ئەو گۆڤارە هەر بەردەوام بووە.

بڕوانە: دکتۆر جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، سلێمانی ١٩٩٩، لل ٤٠-٥٠. بۆیە باسی ئەم پەیوەندییەی پیرەمێرد لەگەڵ عەبدوڵا جەودەتدا دەکەم چونکە من بۆ خۆم عەبدوڵا جەودەت بە یەکێک لە بیرمەندە هەرە زاناکانی کورد دەزانم لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمین و سەرەتای سەدەی بیستەمیندا. دەبێ هەر ئەوەش وای کردبێ کە پیرەمێرد لێوەی نزیک بووبێ، هەرچەندە هەندێ موردی تر کە لە بۆچوونەکانی نەدەگەیشتن بە تورکچی تاوانباریان دەکرد. هەر عەبدوڵا جەودەت بوو ڕووی دەمی لە نووسەران و خوێنەرانی هەتاو کرد و پێی دەوتن (بۆ لاوانی کورد ڕێگەی هەرە ڕاست ئەوەیە کە مامۆستایی یا دامەزراندنی قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە گوندێکی کورداندا لەوە باشتربزانن کە بین بە قایمقام یا بەڕێوەبەری ناوچەیەکی دی).

بروانە: مالیسانیژم و م لەوەندی، هەمان سەرچاوەی نێوبراو، ل ٦٢.

لە ژمارە ٣٧ی گۆڤاری کارواندا لە ساڵی 1985 لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر ژیان و ڕۆڵی عەبدوڵا جەودەت لە بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردا بلاوکردەوە و لەهەمان گۆڤاردا بە عەرەبیش بلاوکرایەوە. لە هەمان کتێبی نێوبراودا تۆمارم کرد. بۆزانیاری زیاتر: دکتۆر جەبار قادر، ڕووناکبیری کورد دکتۆر عەبدوڵا جەودەت ١٨٦٩-١٩٣٢، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە ٣٧، هەولێر ١٩٨٥، ل ٤-١٢. هەروەها بڕوانە دکتۆر جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، سلیمانی ١٩٩٩، ل ٤٠-٥٤.

(٨) لە ژمارە ٣٢ گۆڤاری (کاروان) دا لەساڵی ١٩٨٥ وتارێکم لەسەر ڕۆژنامەی (کورد) بلاو کردەوە لە ژێر ناونیشانی (ڕۆژنامەی کورد و چەند زانیارییەکی نوێ) و لە ساڵی ١٩٩٩یشدا لەگەڵ هەندێ‌زانیاری نوێتردا، دوای دۆزینەوەی هەندێ لە ژمارەکانی بە تایبەتی وەدەستهێنانی ژمارەی یەکەم، لەو کتێبەدا بلاوم کردەوە کە لە ژێر ناونیشانی (چەند بابەتێکی مێژووی کورد) لە سلێمانی ساڵی پار چاپ کرا، بۆیە بە پێویستی نازانم لێرەدا زیاتر لەسەر ئەو ڕۆژنامەیە بدوێم. تەنها ئەوەندە دەڵێم کە ئەوەی تاوەکو ئێستا زانراوە ئەم ڕۆژنامەیە تەنها ٩ ژمارەی لێ دەرچووە (ژمارەی یەکەمین لە ١٩٠٨/١١/٢٢ و ژمارە نۆیەمینیش کە دوا ژمارەی بووە لە ١٩٠٩/١/١٧ بلاوکراوەتەوە. بەگوێرەی زانیارییەکانی مالیسانیژ و مەحمود لەوەندی ژمارەکانی ٨-٩ لە کتێبخانەی بەلەدیەی ئەستەموول و ٦ و٨ یش لە کتێبخانەی حەقی تاریق ئوس هەلگیراون. فۆتۆکۆپیی ژمارەیەکی دەستی ئەو نووسەرە کەوتوون کاکە کەمال ڕەووفیش پێی ڕاگەیاندم کە ژمارە یەکەمی یا فۆتۆکۆپییەکەیی دەست کەوتووە. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١٠) هەمان سەرچاوە، ل٣٤-٣٥. (بەداخەوە فۆتۆکۆپیی دەقە تورکییەکە زۆر باش ناخوێنرێتەوە)

(١١) میر بصری، نفس المصدر، ص ١٢٨

(١٢) بۆ زانیاری فراوان لەمەڕ هەفتەنامەی ژین و ژمارە و بابەتەکانی و نووسەرانی بڕوانە:

Jîn, kovara Kurdi – Tirki 1918-1919. Wergêr ji tîpên Erebî bo tîpên: Latînîn Bozarsgan, cild 1-V, weşanxana Deng. Uppsala 1985-1988.

(١٣) بڕوانە، سلیمانیەلی توفیق، ژین مجموعەسی واسطە سیلە کردی بتلیسی قرداشمە، ژین عدد٤، هفتەلق غزتە، ٢٨ تشرینی ثانی ١٣٣٤ ص ١-٤. بۆ لاتینییەکەشی بڕوانە: Jîn , cild 1. r269-271

(١٤) بڕوانە ژین عدد ١. ٧ تشرین ثانی ١٣٣٤ ص ص ٧-١١: عدد ٢. ١٤ ثانی ١٣٣٤ ص ص ١-٦: عدد ٣٠٢ ثانی ١٣٣٤ ص ص ١-٤.

(١٥) ژین، عدد ٧، کانونی ثانی ١٣٣٤، ل ١-٤

(١٦) ژین عدد ٥، ١٢ کانونی اول ١٣٣٤، ل ٧-٩.

(١٧) ژین عدد ٦، ٢٥ کانونی اول ١٣٣٤، ل ١١-١٤.

(١٨) ژین عدد ١٢، ٢٥ شباط ١٣٣٤، ل ٤-٨.

(١٩) ژین، عدد ٨،٩ کانونی ثانی ١٣٣٥. ل ١-٣.

(٢٠) ژین ژمارەکانی ٨و٩و١٠.

کاکەمەم بۆتانی

# باسێکی کورتی ئافرەت لە هەڵبەستەکانی پیرەمێردا

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

زۆربەی ئەو هەڵبەستانەی کە وەکئ نموونە لەبەردەستمان دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی ١٩٢٥ - ١٩٥٠ بۆیە دەبێ لە سەرەتادا نەخشەیەکی سیاسی ئابووری وکۆمەڵایەتی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست بکێشم وخۆم لە قەرەی سەردێڕەکانی بدەم، هەندێ ڕوداوی درشتی کوردستان بخەمەڕوو، تا بیان کەمە بناغەی مەبەسەکانی پیرەمێرد ولەچەند شوێنێ دووبارەیان نەکەمەوە.

**وەکو روون وئاشکرایە ئەو سەردەمە، هەر دوو شەڕی گەورەی جیهانی لە ئامێزگرتووە، وێرانەخاکی جێهێشتووە. ئیمپراتۆریەتی چوارسەدەی عوسمانی رووخاندوە، میراتەکەی بەسەر**

**دەوڵەتانی سوێندخوار بەشکردووە. لەناوچەی کوردستانی خواروو، مەسەلەی ولایەتی موسڵ (لیوای موسڵ، کەرکوکێ، سلیمانی، هەولێر) هاتە ناوەوەو خرایە ئەستۆی فەڕەنساو پەیمانی "سیڤەر"یان لەسەری کرد. لە دواییدا پەیمانی "لۆزان"یان قیت کردەوەو درایە دەست بەریتانیا. کە حکومەتی عەرەبی لە ولایەتی بەغداو بەسرە دروستکردبوو. ئەویش، بێ ئەوەی گوێ لە ڕای کورد بگرێ. حسێبێ بۆ شۆڕشەکانی شێخ مەحمود وبارزان بکا، یان بیر لەو حکومەتە بکاتەوە کە لە کوردستانی جنوبی دامەزرابوو. بە حکومەتی عێراقی عەرەبییەوە لکێندراو ئەم چوارچێوەیەی ئێستای دروستکرد.**

لەناو کوردستانی باشووریشدا، ناوچەگەری دەوری خراپی خۆی دەدی. توندوتیژی بیری خێلایەتی وعەشیرەتگەری سەری هەڵدابوو. دووبەرەکی لە بەینی ڕووناکبیران وئەفسەرانی کورد پەیدا بووبوو. لەو کاتەدا، ڕێکخراوە سیاسیەکانی وەکێ: هیوا، شۆڕش، ڕزگاری، تەحەڕور، دارکەر، ژ.کێ... لاوازو بێ توانابوون. تازەش پارتی دیموکراتی کورد دروستبوو بوو.. ئەمانە هەمووی وچەندەها هۆی تر باری سیاسی کوردستانی لاوازکردبوو.

بنەمای ئابووری کوردستان کشتوکاڵی بوو کە لەسەر بناغەی دەرەبەگایەتی وخێلایەتی دامەزرابوو. جگە لە: توتن، دانەوێلە.. مەڕومالات بەخێودەکرا.. ژیان وگوزەرانی زووربەی جەماوەرگەیشتبووە ئاستی (هەژار)ی. لە شاریشدا وردە بۆرژوا کەوتبووە خۆی وخەریکی گەشەکردن بوو... بۆیە، ژیانی کۆمەلایەتی کوردی بەگشتی کشتوکاڵی بوو. ئەوەش یارمەتی نەخوێندەواری دەدا، بیری کۆنە پەرستانەش کۆسپیان لەبەردەم پێشکەوتن وگەشەکردنی نوێی کۆمەلایەتی لە: خوێندن، ئازادی بیر، سەربەستی، ڕزگاری ئافرەت دادەنا. بەلام پاش شۆڕشی سۆڤیەت وبەرەو پێشچوونی پیشەسازی بچوکێ وگەشەکردنی بازرگانی.. ڕووناکبیرانی کورد هەنگاوی چارەکردنیان دەناو دادو ڕاستی وڕاستگۆیی وپاکیان دەپاراست.

ژنانی کوردستان تووشی چەوسانەوەی دووفاقی بووبوون کە لە چینایەتی وڕەگەزایەتی پێکهاتبوو.. ئافرەت خاوەن سەرمایە نەبوو، بۆیە دەسەلاتی نەبوو. گرینگی بەڕاو بۆچوونیان نەدەدرا. بەلام زروفی ناوچەو شوێن وکار... جۆرە جیاوازیەکی لە بەینی ئافرەتی شاروگوند دروستکردبوو. ئافرەتی دێ تەواوی کاری ماڵ ونیوەی پتری کاری کێڵگەیان لە ئەستۆدابوو. دەبوو هەندێ کۆتیان لەسەرسووکێ کرێ. زروفیجوتیاری جۆرە ئازادییەکی بۆدابین کردبوون لە: دروێنە، زەماوەند، بەرهەم کۆکردنەوە، مازووچنین.. چەندەها کاریتردا تێکەڵ بە پیاو دەبوون. شەرمیان لەیەکێ دەشکا. قسەوگاڵتەو دلداری سەری هەڵدەدا. لەسەر خۆشەویستی ژن نەدەکوژرا. ئافرەتی شار بەندی ناوماڵ بوو. عەباو پەچە دەپۆشرا، بەدەگمەن ژنی بێ پەچە دەدیترا.. بەلام لەناو شاردا، چەند نموونەیەکی ئافرەتی نیمچە ئازاد وخاوەنی جێگاو ڕاو

بۆچوون هەبوون، بەیارمەتی باوک ومێرد وبرا، خۆیان لە هەندێ کۆت وەدەرنابوو. لە ژیانی سیاسی وکۆمەلایەتی دەوریان هەبووە، نموونەی هەرە دیاریان حەپسە خانی نەقیب وخانمی قەسجان پاشا... بوون.

هەر نووسەرو ڕووناکبیرێ بۆ لاوازکردنی نەریتە نابەجیەکان، هەوڵی گۆڕین وچارەکردنی ئەو دەردودوانەی دابێ، هەنگاوی بەرەو پێش بردنی شارستانیەتی وخوێندن وسەربەستی ئافرەتی دابێ.. بەکارێکی هۆشمەندانە دەژمێررێ، هەنگاوێکە بۆ ئەدەبی ملتزم کە بەشێکە لە خەباتی نەتەوایەتی وچینایەتی. چونکە لە دنیای ڕووناکبیری دا هەموو مەسەلەکان بەیەکەوە بەستراونەتەوە..

## پیرەمێردی شاعیر

حاجی توفیق کە لە تورکیادا ژیاوە، گوزەرانێکی تایبەتی هەبووە وتێکەڵی کۆمەلانی دەسەلاتدار وپایەو پارەدار بووە. بەهۆی ئاستی خوێندەواری وکاری ئیداری چۆتە ناو ژیانی نوێی تورکیاو لە خوو ڕەوشتیان نزیک بۆتەوە. لە دواییدا کەوتۆتە دنیای ڕۆژنامەگەری ونووسین وبلاوکردنەوە. لەناو ڕێکخراوە سیاسی وکۆمەلایەتیەکانی ئەو سەردەمە کاری کردووە. کە یارمەتی پەروەردەکردنی بیروبۆچوونی داون وحاجی توفیقی شاعیری دروست کردووە.

**بەهۆی زمانی تورکیەوە، ئەدەبی نوێی تورکیای خوێندۆتەوەو شارەزای ئەدەبی ئەورووپی بووە، لەگەڵ ئەدەبی فارسیدا بەراوردی کردون وبەرهەمە سەرکەوتووەکانی کاری تێکردوون. هەمووشیان یارمەتیان داوە کە ئەدەبی کوردی هەڵسەنگێنێ وبەپێی بۆچوونی خۆی تەتەڵەی بکا.. بیری نوێش بۆتە هۆی نەخشەکێشانی ژیانی کۆمەلایەتی کوردستان بە گشتی وژنان بە تایبەتی.**

ئەوەندەی پەیوەندی بەم باسەوە هەیە، ڕەخنەگران، ئەدەبی پیرەمێرد بەچەند جۆرێ هەڵدەسەنگێنن. هەندێ: بەسادەو ساکاری دادەنێن ودەیکەنە مامۆستای قوتابخانەی ئەدەبی شەعبی.. هەندێ: دەیخەنە قالبی ڕۆمانتیکی ـ ڕیالیستی ـ سەرەتای (تەسویری) دادەنێن. بەڕای من پیرەمێرد خاوەن قوتابخانەی خۆی نییە. سوودی لە زۆربەیان وەرگرتووە. بەکۆن نوێ شیعری نووسیوە.

## جوانی ژنە کورد

گەریدەکان لایان وایە کە جوانی ئافرەتی کورد سروشتیە، هەتا ژنانی شاریش کەمیان ئارایشت دەکەن کە ئەوسا بریتی بووە لە (سوراو وسپیاو) بەلام تەمەنی ئەو جوانیە کورتە ولە

دەوری لاوێتی تێنایەڕێ.. دیارە ئەمەش جگە لە هۆیەکانی سایکۆلۆژی وجیسمی، دەگەڕێتەوە بۆ ژیان وگوزەرانیان. زۆربەی ئافرەتی کورد لە هەموو ڕوویێکەوە ماندوو وکەنفتە. بۆیە زوو دەژاکێ ولۆچ دەکەوێتە ڕووی ویەکی جوانیان دەخا.

**فەیلەسووفەکان، لەبارەی جوانیەوە، وەکێ یەکێ بیرناکەنەوە. هەندێ دەڵێن کە (جوانی وناشیرینی لە مرۆڤ خۆی دایە). هەندێکی تر دەڵێن (شت خۆی جوانە). بەلام زۆربەیان وای بۆدەچن کە جوانی بە پێی: ژیری، برکردنی هۆش، پەروەردە، جیاوازی کۆمەلایەتی وشوێن وبۆچوونی تاکەکەس دەگۆڕێ ودەبێتە سەرچاوەی (عەشق) بۆیە کورد دەڵێ (دەزگیرانی کەس ناشیرین نییە) منیش هەر بۆ ئەوە دەچم جۆرەکانی جوانی شان بەشانی گۆڕانکاریەکانی کۆمەلایەتی و... دەڕۆن. لە پەیوەندی مرۆڤایەتیدا دیاری دەکرێ.**

شاعیران ـ بەتایبەتی ئەو سەردەمە ـ وێنەکێش بوون. بەلام هەلبژاردراوەکانیان سەر لەنوێ بە شێوەیەکیتریان دارشتۆتەوە. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، پێوەری گشتی جوانی ئافرەتی کورد: **سوورومپی، چاوگەورەی شین، قۆخاو، پرچ درێژ، کەزی پر، برۆی پەیوەست، دەم بشوکێ، لێو باریک، برژانگ درێژ، پەنجە باریکێ ودرێژ.. لەشاردا ئافرەتی: قەلەو، سینگ پانی، مەمکێ گەورەی قیت.. لە لادێشدا: بەژن وبالا بەرزی قیت وباریکێ.. باوبووە. پیرەمێرد بەم جۆرە باسی: سینگ وبالای و زولف ی یاری دەکا:**

**شێوەی سێو (لەوحی) (بەهزادی) ئەرژەنگ**
**لەگەڵ ئەو، بالای، ئالای شۆخ وشەنگ**
**کەوتۆتە ژێر توێی (زوڵف)ی شەوە زەنگ**
**سیحری حەلالە، گیاندار وبێدەنگ**

هەرچەندە شتێکی تازەی نەخستۆتەسەر وەسفی هاوەلانی پێش خۆی. بەلام شێوەی دارشتنەکەی تام ولەزەتێکی تر بە خوێنەر دەداو وەستایی پیرەمێردی تیادا دەردەخا. بۆیە لە لایەکی ترەوە هاواری لێ هەلدەستی ودەڵێ:

**ئەما هۆش وعەقلم، ئیختیاریشم لە دەست چوو**
**بەتیشکی ڕۆژی ڕوخسارت، سەراپا هەلپرووزاوم**

هەرئەوەش وای لێکردووە کەبۆدووری خۆشەویستەکەی بسووتێ وگڕە زەردەشتییەکەی پێ دانەمرکێتەوەو هەموو گیان وهەست ونەستی بسووتێنێ:

لەتاو دووریت دەروونم ئاگرێکی تیایە زەردەشتی
هەناسەم بەوگڕە واگەرمە، هەر بەوئاهە سوتاوم

مەبەسم بوو، هەرچی پیرەمێردهەیەتی لەباسی جوانی ژنە کوردی شاروگوند بەگوێتانا بچەپێنم ولێیان بدوێم.. بەڵام لێرەدا شوێنی نەدەبۆوە، بۆیە پەنا دەبەمە بەر چەند نموونەیەک. بەو تێهەڵکێشە دەست پێدەکەم کە لەگەڵ شیعرێکی مەولەویدا کردوویەتی ولەباسی جوانی ئافرەتەکەدا هەردووکیان دەڵێن:

بەرێکەوت دەرکەوت لە گۆشەی ڕەشماڵ
وەک مانگ لە هەورا، بنوێنێ جەمال

(کاتێ نیقابی حیجاب ئەپۆشێ
بەنیگای خەیاڵ، گۆنای ئەڕوشێ

هێندە نازک بوو، بەبای باوەشێن
سەرکوڵمی ئاڵی پڕبووبوو لەخوێن)

ئارەقی دڵم ئەمەندە سەرکەوت
ئەم شێوە جوانەی ئەوی تیادەرکەوت

وتم: ئۆخەی ئەم ئارەقی دڵە
خوێناوی تیری موژگانی دڵە

وادڵم تامی زامی بردووە
ئاخ بای باوەشێن ساردی کردووە

پیره‌مێرد ئافره‌ته کۆچه‌ریه‌که‌ی که له ڕه‌شماڵه‌که‌دا ده‌رکه‌وتووه شوبهاندوویه‌تی به‌و مانگه‌ی که له هه‌ورا هه‌ڵدێ. ئینجا هه‌ڵبه‌سته‌که‌ی مه‌وله‌وی تێهه‌ڵکێش ده‌کاو به نیگای خه‌یاڵ گۆنای ئافره‌ته‌که ده‌ڕووشێ، یان به‌بای باوه‌شێن، سه‌رکوڵمی ئاڵی پڕبووه له‌خوێن.. ڕووێکی وا کوڵمێکی ئاڵی وا، ده‌بێ چ له دنیای خه‌یاڵی پیره‌مێرد بکا؟.. هه‌موو گیانی سه‌ر ئاو ده‌که‌وێ، ئاره‌قه‌ی دڵی به‌جۆشی، ده‌بێته ئاوێنه‌و وێنه‌ی ئافره‌ته قه‌شه‌نگه‌که‌ی تێدا ده‌رده‌که‌وێ.. ئه‌وه‌ش لازم ومه‌لزومی دروستده‌که‌ن. خوێناوی تیری "گوڵ" ئاره‌قه‌ی دڵی شاعیره، بۆیه به‌بای باوه‌شێن سارد ده‌بێته‌وه، داخ وخه‌فه‌تی لێده‌خوا.

ئـه‌و سـینه سافه شـه‌وق بداتـه ئاو
ئاو بێته له‌رزه، شه‌رم هه‌ڵسێ له ناو

سه‌رمه‌ستی سه‌وداوسه‌ر له‌سه‌ر ڕان بێ
ئـه‌گـریجه لـه‌سـه‌ر ڕووی په‌رێشـان بێ

ئـه‌و شـلکه‌ڕانـه‌و زولفه سه‌د ته‌رزه
دڵ، وه‌ک بیی ناو ئاو، بێنێته له‌رزه

ده‌م ده‌م به‌سته‌ی تام دوو لێوی ئاڵ بێ
زوبـانـی بـه‌سـتـه، زوبانت لاڵ بێ

له‌م چه‌ند دێڕه‌دا که باسی ساته‌کانی دلداری ده‌کا، سینه‌ی ساف (که‌به‌مانای جوانی‌یه) ئاو ده‌هێنێته له‌رزه. شلکه‌ی ڕان وزوڵفی خۆشه‌ویسته‌که‌ی دڵی عاشق ده‌هێنێته هه‌ژان. که ده‌م ده‌خاته ناوده‌می ئاڵی دلداره‌که‌ی به‌سته‌ش بێده‌نگ ولاڵ ده‌بێ.. جا..چ دنیایه‌کی کپ هه‌ڵده‌ستێ! هه‌ر ئه‌وه‌ش وای لێده‌کا، چاوی یاره‌که‌ی نیشتمان له‌بیر بکا:

هه‌ر که‌سه، هاواری (چاوی پیس) ئه‌کا ومن چاوی جوان
به‌ندی جـه‌رگی وا بـڕیـوم، نـیـمه یـادی نـیـشـتـمان

دەبا لایەک بکەینەوە بۆ جوانی ولەنجەولاری کچە لادێی کە پارچەیەکە لە ژیانی چەندەها سەدەی کوردەواری:

ئای بۆ سەرمەستی تافی جوانی
جوانی شەوقە، بۆ زینــدەگانی

چەند خۆشە، نەشئەی عەشقی دێکانی
کە کچە کوردێــک ئەچێت بۆ کانی

گۆزەی "مێشەرۆ" وا لــەســەر شانی
ئاو ئــەتــکـێــنێ بۆ سەر زولــفانی

مێخەک بەند ئەخشێ لەناو مەمکانی
هەزار (ئەلمۆدە) بـێــێ بــە قــوربــانی

بێگومان، وێنەی گوندنشینەکان چەندەها جار دووبارە بۆتەوەو شاعیر نییە، لەسەر کانی وئاوو ئافرەت وجوانی هەڵی نەدابێ وهەڵبەستی نەهۆندبێتەوە، بۆیە وێنەیەکی نوێی نەکێشاوە، تەنیا لە دوا دێری نەبێ کە بەراوردی ئەو جوانیەو جوانی ئافرەتانی شار دەکا. کە قژیان چاککردووە، کراسی کورتیان لەبەرە، ئارایشتیان کردووە.. کە پێیان دەوتن (عەلمۆدە یان ئەلمۆدە) هەزاری وەک ئەوانەی بەقوربانی چوونە سەر کانیەکی کەنیشکەیەک کردووە.. ئەمە، ئەوە ناگەینێ کە پیرەمێرد دژی ژیانی شارستانی بووە بەڵکو بەراوردێکە لەبەینی هەردوو دەوری ئافرەت لەجوانی وناسکی وسروشتی ژیانیدا. حەزدەکەم هەر لەو بارەیەوە، وێنەیەکی ترتان بخەمە بەرچاو:

ئەم ویست، ئەو عومرەم کە بەسەرچووە
بــۆم نــایــەتــەوەو لــێــم یــاخــی بووە

تاڵێ لە زولفت بکەم بـە کەمەند
چیبکەم هەی هاوار، پرچت براوە

پێی بگێرمەوەو پێی بخەمەبەند
عــومــرم نەمـاوەو جەرگم براوە

**توخوا.. هێلانەی دڵ کەوا شێوا          باعومریش، عەمری نەمێنێ وبڕوا**

**یاخوا ئەو دەستەی ئەو پرچەی بڕی**
**هــەر لــە خـوێـنابێ، بە تەڕی وبڕی**

پیرەمێرد لە پیریدا وا بەتەمابووە، زوڵفی ئەو کچە قەشەنگەبکاتە "کەمەند" وتەمەنی لاویەتی پێ بێنێتەوەو لای خۆی "بەند"ی بکا. بەڵام کاتێ پەنای بۆ دەبا، ئافرەتەکە قژی خۆی بڕیوەو زوڵفی نەماوە.. بەوەش هێلانەی دڵی هەڵدەوەشێ ولەناودەچێ. بۆیە ئاواتەخوازە ئەویش بمرێ ونەمێنێ..

لەکاتێکدا هیوای وابووە، لاویەتی بۆبگەڕێتەوە تەمەنای لەناوچوون دەکا. بۆیە لە ناخەوە دوعا لەو دەستە دەکا کە پرچی یارەکەی بڕیوە. دەبا بەم چەند دێرەی ئەم لاپەڕەیە هەڵدەینەوەو پیرەمێردی شێت وشەیدا لەناودێرەکاندا بدۆزینەوە. ئامادەیە"بەهەشتی"بەرین بەژوورێکی چوارگۆشەی تەسک بدا، بەمەرجێ لەگەڵ یاری بێ.

**پەچەت لادە، لە ڕوو بنوارە وری حەشری حەسرەتکار**
**لــە حــەشرا، ترسی ئاگر، لێرە شەوقی ئاگری ڕوخسار**

**کە بێتە باخەوە، ئاگر دەخەیتە جەرگی گوڵ ئــەوســا**
**پەڕەی گوڵ دەبنە پەروانە، بە دەورتدا وەکوو پــەرگار**

**کەدەنگی تۆم لەگوێ بێ، وەک(غەرامەفۆن)ڕەگیڕۆحم**
**وەری دەگرێ وشەو تەنهایی، دیسان بـۆم ئــەکا تیکرار**

**کە (شانە)م دا لە ڕیشم، بۆنی عەتری لێدەهات، زانیــم**
**کەشانەیش وەک خەیاڵم، جارێ، ڕێی کەوتبوەزوڵفی‌یار**

**بەبێ جیسمی، جەمال ئاوێنە عەکس ناگرێ، هــەر مــن**
**ئـەوا ئـاوێـنـەیی دڵ عـەکس تـۆ، ئـەنـوێـنـــێ جاروبار**

کـە مـن تـۆم بـێ، ئـیـتـر بـەسـمە، هەموو دنیا لەلام پەشمە
لەهەشت باخچەیبەهەشتم چی،من وژوورێکی چواردیوار

(هەوا)م ناوی (هوام) دێـنێ، لـە تـەنـها دوورم و تەنها
مەیە، موعنیس، بەتەنها ئینس، بەتەسحیفا، ئاتەشە زینهار

شاعیرمان بەلاوانی پەچەی خۆشەویستەکەی، رووی جوانی دڵدار دەیسووتێنێ. لای ئەو رۆژی حەشرە، شەوقی ئاگر.. نەک ئەو، بەڵکو هەرچی پەری گوڵ هەیە دەبنە پەروانە بە دەوری ئەو رووەدا خول دەخۆن..
ئینجا دێتە سەر باسی دەنگی ناسک وخۆشی لەیلاکەی کە ڕەگی ڕوحی وەری دەگرێ وشەوی تەنیایی بۆ لێداوەتەوە.

## زوڵم وزۆر لە ژن

جوتیارو ڕەنجدەرانی گوندەکانی کوردستان، هەژارو کەم دەرامەت وبێ زەوی وزاربوون. بە: نیوەکاری، سێیەک.. زەوییان وەردەگرت وشەو ورۆژ ڕەنجیان دەدا.. لەسەر حیسابێ بەرهەمی ساڵ، پارەیان قەرز دەکرد ، یان خۆراک وپێویستی رۆژانەیان بەقەرز دەهێنا.. لە ئەنجامدا، قەرزەکەیان پێدەدرایەوە یان لەسەری قەرزار دەبوونەوەو بۆ ساڵێکیتر دەور دەکرایەوە. کەمیان پارەو پولێکیان بۆ دەمایەوە.. ئەوانەی خاوەن پارچە زەوی بێ، چەند بنکە درەختی میوەیەک بوونایە.. دەبوو دەمی کوێخاو سەرکاری ئاغایان چەوربکردایا تا گۆبەندێکیان بۆ نەنێنەوەو هەمووی لێ بسێنن. حکومەتیش حەقی خۆی دەسەند. دەیەکی حاسیلاتەکەی بەدوو جۆر وەردەگرت.. ئەو بەرهەمانەی دەبرایە شار، لە قەراخ شار (باجگر) ڕای دەگرت وپارەی لێدەسەند، یان لیژنە دەهاتە گوندی وبەرهەمەکەیان دەخەملاند ودە-یەکیان لێدەسەند.. ئەم چەوسانەوە بۆ پیاو یەک لانە بوو، بەلام بۆ ئافرەتی کورد جگە لەوە بە چەندەها شێوە دەچەوسایەوە، چەوسانەوەی دەست ڕۆیشتوو، مێرد وباوک وبرا.. ئینجا ئەگەر خاوەن زەوی بوایە.. خراپتر.. لەم بارەیەوە زۆرمان بیستووەو خوێندۆتەوە کە چۆن زوڵم وزۆر لە ژن کراوە: پیاو بە چەوسانەوەی ژن نەوەستاوە. لێدان، سزادان، دەرکردن، تالوق، هەتا کوشتن ...ی دژکردووە.
لەو هەڵبەستانەی لەبەر دەستم بوون، گەڕام بەشوێن ئەو نموونانەدا.. داخەکەم بەردەستم نەکەوتن، بەلام بێگومان ئەو جۆرە هەڵبەستانەی هەیە.. لێرەدا تەنیا نموونەیەکی

سەرکەوتوانەی پیرەمێردم بەردەست کەوت کە بە جۆرێ باسی ئەو چەوسانەوەیە دەکا، خوێنەر ڕق ئەستور دەبێ لە زوڵم وزۆری دەسەڵاتدارانی شارو دێ.. بە چاوی خۆی دیویەتی کە لە گوندی (گورگەدەر) چیان بە بێوەژنێ کردووەو لە هەڵبەستی (هەژارو ستەمکار) بە شێوەیەکی چیرۆک ئامێز گێڕاویەتیەوە:

بێوەژنێ بوو ناوی (پەروەر) بوو
چوار هەتیوی بوو، هەتیو پەروەربوو
کاری هاتبووە سەر کرێکاری
داماو وماندوو، بەدەردی کاری
مێردی ئەو ژنە، ڕەزی ناشتبوو
بەری لێنەخوارد، خۆیان ناشتبوو
ڕۆژێکی وێران، لەخوارئاوایی
گەڵای زەردبووبوو، وەک (خۆر ئاوایی)
یەکێ لەوانەی لای خۆی دانابوو
(چوار)بار (دەیەک)ی لەسەر دانابوو
ئافرەتیان هێنا، بەپەل ڕاکێشان
(حوقە)یێ (ترێ)ی نەبوو بەکێشان
نۆکەر لێی ئەداو ئەو کردیە هەڵا
زۆردار گاڵیدا، زۆریان تێهەڵدا
لەبەر قسنەکەی (خەرگە ڕەش)ا بوو
شەقی شەقاون، لەژن وەشابوو
ئافرەت هاواری کردە (خەرگە ڕەش)
خستیانە (دەرێ)ی (پشیل)ێکی ڕەش

زوڵم وزۆری ئەو سەردەمە گەیشتۆتە ڕادەیەک (توفیق)ی مێرد منداڵی هێناوەتە گریان. ئەم ناحەقیە لە بیرو مێشکی دا بمێنێ وئەستەنبوولیش نەتوانێ لە بیری بەرێتەوەو وەک چیرۆک بۆمانی بگێڕێتەوە.

لەبەرچاوی خۆی ئافرەتێکی بێوەژنی خاوەن هەتیووی کەم دەسەڵاتی بێدەرامەت بەم شێوە دڕندانە سزا بدرێ، تەنیا لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە (دەیەک)ی باغەکەی بدا، چونکە

نەک چواربار تری بەرەزەکەوە نەبووە، بەڵکو پیرەمێرد خۆی دەڵێ: هەمووڕەزەکە (حوقە) یەک تریێ نەبووە! چەند هاواری کردۆتە مەرقەدی (خەرگەڕەش) بێ سوود بووەو ئەو سزا ناحەقەیان داوە.

ڕەنگە دەیەها مێژوونووس ورووناکبیری کورد هەبن کە باسی ئەو جۆرە زوڵم وزۆرانە بکا، بەڵام شایەدی پیرەمێرد کە نەبڕوای بە خەباتی چینایەتی ونەپەیوەندی بە مەسەلەی دەرەبەگ ورەنجدەر هەبووە... زۆر جیایەو دەبێ حسێبی بۆبکری. چونکە هەر گێڕانەوەی ڕووداوەکە بەم سۆزە پڕ ئەندێشەیە، دەبێ چ تەئسیرێ لە ڕووناکبیران و خوێندەواران بکا؟

ڕەفیق حیلمی دەڵێ: (... پیرەمێرد، زۆر هەوڵی داوە کە ئینقلابێ بخاتە ژینی عائیلەوە. لەبەر ئەوەش زۆر لە ژنان نزیک بۆتەوە. بە تەعلیقیخۆی "فەمی نزم"ە ویراسەتی کۆمەڵی ژنانی گرتۆتەئەستۆی وگەڵێ خزمەتی خوێندنی کچانی کردووە)* .. هەر بەکارهێنانی (فەمی نزم) شتێکی نوێیە لە ژیانی کوردەوارێماندا.. چەندەهای تریش ئەو شایەدیە دەدەن کە پیرەمێرد هەمیشە لای لە ژنانی سلێمانی کردۆتەوەو ڕێزی لێگرتوون.. لەزۆر شوێن و کاتدا لەسەریان هەڵی داوەو خۆی توشی قسەو قسەلۆک کردووە.. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە پیرەمێرد نەک هەر بەئەدەب، بەکردەوەش لەسەر ژنیکوردیکردۆتەوە.. بۆیە.. حەزناکەم ئەم دەروازەیە وا بەئاسانی داخەم، ڕوداوێکی تری ژیانیتان بخەمە بەرچاو، بۆ ئەوەی ئێوە بڕیاری خۆتان بدەن.

ئەوەی بە ئێمە گەیشتووە، توفیق بەگ لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە (غەزال) خانی هێناوە وتاوەفاتی (١٩٤٣) هەر خێزانی بووەو دووکچی لێی بووە (ئەمنە خان ورەحمە خان) لە سلێمانی ژیاون. کە لە ساڵی ١٨٩٨دا سلێمانی بەجێ دەهێڵێ ودەچێتە ئەستەمبوڵ، ژن وکچانی لەشار دەمێننەوەو لەگەڵ خۆیان نایان با.. ڕەنگەهەبێ بیانوو بۆئەم کارە بهێنێتەوە، بەڵام ئیشی من نییەو مەبەسیشم نییەلە هۆیەکانی بکۆڵمەوە، چونکە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. ئەوەی خوێندوومەتەوە پیرەمێردی پیاو، خۆی بێ ڕانەگیراوەو بیریشی لە ژیانی (غەزال) خانی ژنی نەکردۆتەوە، لە تورکیاش (سامیە) خانی هێناوەو دوو کوڕیشی لێی بوون کە ناویان (نەژاد، وداد) بوون.. لەماوەی (٢٥)ساڵی ئەستەمبووڵی ئەسەری لە غەزال خان داوتەوە نە بیستراوە ناردبێتی بە شوێنییانا.

دیسان دەگەڕێتەوە سلێمانی، خێزانی وهەردوو کوڕی لە تورکیا بەجێ دەهێڵێ و وا دەردەکەوێ فەرامۆشیان دەکا، ئەسەریان لێدەداتەوە نە دەنێرێ بە شوێنیاندا.. دەڵێن کوڕێکی لە سلێمانی سەری لێداوە.. ئەگەر ئەمانە ڕاست بن، دیارە دەبێتە خاڵێکی نابەجێ

- شیعرو ئەدەبی کوردی/ ڕەفیق حیلمی/ ١٩٤١ لاپەڕە (٨٢)

لەسەر ژیانی وگوزەرانی پیرەمێردو بۆچوونی ئەدەبیو کردارە پێشکەوتوو خوازەکانی.

## خوێندەواری کچان

دەمێ بوو قوتابخانەی (رشدیەی عەسکەری)ی کوران لە سلیمانی کرابۆوەو قوتابیانی خانەدان ودەوڵەمەند وبەگ وئاغاکانی وەردەگرت وهەندێکیان بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچوونە (ئەستەمبوڵ)و بەگشتی دەبوونە ئەفسەر یان فەرمانبەر لەوانە کە خوێندنی مافی تەواوکرد. بەڵام خوێندنی کچان دواکەوت چونکە کەندوکۆسپێکیزۆر دەخرایە بەریێ.
تا لەساڵی ١٩٢٥دا یەکەم قوتابخانەی کچان لە شاری سلیمانی کرایەوە. لە ساڵی دواییدا (گوزیدە) خانی خێزانی عبدالعزیز یاملکی کرایە بەرێوەبەر،ماڵی (یەکتا) بەگ کرایە خوێندنگا، چەنددها قوتابی کچ وەرگیران لەوانە (پەریهان)ی کچی عبدالعزیز. پیرەمێرد لە خۆشیدا ئەم ڕووداوەی بەم جۆرە تۆمارکردووە:

مستەفا پاشا دێنێتەوە یاد     میللەت پەروەربوو، کوردو سەرئازاد
بووک وکچیش بوون بەرابەرمان     بەوان، هاتنە ناو مەکتەبی کچان

ئەم هەڵبەستە دەگەڕێتەوە بۆ چەسپاندنی کارو ڕوداو، کە لەم بارەیەوە پیرەمێرد دەستێکی باڵای هەبووە. لێرەیا مەبەسمە ئەوەتان بەبیر بهێنمەوە (هەرچەندە پەیوەندی بە شیعرەکانی پیرەمێردەوە نییە) لەهەمان ساڵدا، مەلامحەمەدی جەلیزادە (مەلای گەورەی کۆیێ)ش (نەجیبە) خانی کچی ناردە بەرخوێندن. ئەوەی لە هەنگاوی مستەفا پاشای جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە کچی مەلای گەورە لەگەڵ کوڕاندا خوێندی، کە زۆر لە مەلاو گەورە پیاوان دژی ئەم هەنگاوەی (بەدزی وئاشکرا) وەستان و بووە جێی مشتومڕی خەڵکی.
بێگومان خوێندن بناغەی پێشکەوتنی زانست وزانین دادەڕێژێو دەروازەی بیرو بۆچوون دەکاتەوە. پیرەمێردی دنیا دیدەی لە (ئەستەمبوڵ) ژیاو زۆری مەبەس بووە کە خوێندەواری لەلای هەمووکەس گەشەبکا، بەتایبەتی (ژن وکچی)کورد بێ سەواد نەمێننەوە. تاگەیشتۆتە ئەوەی لەوەسیەتەکەیدا بڵێ: (ئامۆژگاریم ئەوەیە بخوێنن، کوڕوکچ تا خوێندەوار نەبێ، بێ سوودە...) ئەمەشی لەم دێرەدا تۆمارکردووە:

ئێمە تازە پێگەیشتووین، کە دایکێکی خوێندەوار
نەتەوەی وا، دێنێتەکار، میللەتێک ئەکا ڕسکار

پیرەمێرد لە زۆر شوێن وبەرهەمی ئەدەبی وا، مەسەلەی خوێندنی کچانی تۆمارکردووە و لەسەریان هەڵیداوەتی‌و بەگەرمی پشگیری لێکردوون. تا گەیشتۆتە ئەوەی یاریدەی ئەو هەنگاوەش بدا کە بۆ قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری ناو ژنان نراوە، لە سلیمانی قوتابخانەی شەوان بۆکرابۆوەو پۆل پۆل ژنان دەچوونە بەر خوێندن.. بۆیە.. بە پێویستم نەزانی هەموویان لێرە بخەمە بەرچاو، تەنیا ئەم هەڵبەستە نەبێ وەک نموونە کە بەناوی (ئەی کچینە) وتوویەتی:

ئەی کچینە: وەرنە مەکتەب، ئێوە تەسکینی دڵن
زینەتی باغ وتەرەقین، ڕەونەقی دەستەی گوڵن

تازە ئێمە تێگەیشتووین، دایکی‌چاکی خوێندەوار
ئەسلی وا دێنێتە مەیدان، قەومەکەی پێ بێتە کار

ژن خەریکی ژینی‌پیاوە، نەک خەریکی بەردو دار
تەربییەی مێشکی منالێ، بۆ وەتەن بێ وجان نیتار

خۆزگە من ببمە درەختێ، بۆ قوتابخانەی کچان
ئەو کچانەی وادەخوێنن، ببمە سێبەر بۆ ئەوان

هەر کچانی خوێندەوارە، میللەتی پێ سەرکەوێ
تەربییەی منال هیوایە، پێشڕەویمان بەرکەوێ

ڕۆژهەلاتیش، ڕۆژی هەڵدێ، خوێندنی کچ هاتەناو
جەهلە،تاریکەشەوی کورد،خوێندنیش تیشکی‌هەتاو

دەرزی، چاڵ هەڵناکەنێ، فەننە وەتەن ئاوا ئەکا
خوشکە گیانی دایکی‌موشفیق، نەسلی‌چاک داوائەکا

دەتوانین بلێین کەلەم چەند دێڕەدا، پیرەمێرد توانیوویەتی تەواوی مەبەس وهیواو ئاواتی نیشانی خوێنەری بدا کە دیارترینیان:

**× ئەگەر ئافرەت خوێندەواربوو، مێشکی رۆڵەکەی بەکاری بەسوود دەکاتەوەو نەوەی وشیاری لێدەکەوێتەوە کە بە کارو هونەر کوردستان ئاوەدان دەکاتەوە.**

**× ژنی خوێندەوار منالّی فێری نیشتمانپەروەری دەکاو دەبنە فیداکار بۆ وەتەن. ئەو جۆرە مندالانە دەبنە پیاوی پێشکەوتوو، لە ناویانا پێشڕەویش دەردەکەوێ.**

**× لەم هەڵبەستەدا واهەست دەکرێ، کە پیرەمێرد لەگەڵ کارکردنی ژن نییە. چونکە ئەوجۆرە ئافرەتانەی بۆ بەختیارکردنی پیاو دەوێ، نەک بێتە کارەکەرو ڕەنجەدەر.**

لەبەر ئەمانە.. ئاواتەخوازە بێتە درەختێکی گەورەی گەلاداری ناو قوتابخانە، بۆ ئەوەی لە ژێر سێبەریدا مندالانی کورد بخوێنن.

## خەباتی ژنانی کوردستان

خەباتی رزگاری نەتەوایەتی کورد، کارێکی مەزنی کردە سەر ژیان ورێبازی کۆمەلایەتی وسیاسی لە ئەدەبی کوردییدا. کە بووە هۆی دروستبوونی شیعری سیاسی، شیعری سیاسی لە سنوری هیواو ئاوات دەرچوو. ڕووی خۆی بەرەو بەگژاچوون وبەربەرەکانی گۆڕی وهەنگاوی وشیارکردنەوەی ناوغەزەلی نیشتمانی وەدەرکەوت.. پیرەمێردیش هەر لە تورکیاوە دۆستایەتی لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانیەکان هەبوو. لەناو ئازارو ئەشکەنجەی تورانیەکانا ژیا، هەستی بە زوڵم وزۆری کاربەدەستانی کردبوو، چەندەها هەڵبەستی لەو بارەیەوەهەیە.. بەلام لە هەموویاندا دەوری پیاوی نیشانداوە.

**هیچ شۆڕش وڕاپەڕین وبەگژاچوونێ نەبووە، ئافرەتی کورد دەوری ئیداری تێدا نەدیبێ (ئازووقەو ئاوو تەقەمەنی...) پێگەیاندوون، لە هەندێ شوێنا تەقەشیان کردووە، بەلام هەر بۆ پیاو نووسراوە.. پیرەمێردیش کەم جار لەو حجزە دەرچووە لەوانە ئەم دێڕەیە کەدەڵێ:**

**کچان لەژێر بەیداخی ڕەشدا چاو هەڵ ئەهێنن بە خوێنی گەشدا**

ئەوەی دەیزانم.. پاش گەڕانەوەی پیرەمێرد بۆ کوردستانی باشوور، چ بەنهێنی وچ بە ئاشکرا حیزبایەتی نەکردووە، بەڵکو حیزبە کوردستانیەکان، نەک هەر لە پیرەمێر ڕازی نەبوون، چ بەڕاست وچ بەدرۆ قسەو قسەلۆکیشیان بەدواخستووە..بەلام پیرەمێرد لە سیاسەتی ئەو سەردەمە دانەبڕاوە. یادی شۆڕشەکانی کردۆتەوە، سەرکاری گەورەترین خۆنیشاندانی

جەماوەری بووە کە (نەورۆز)ە. ڕۆژنامەکەشی هەندێ باسی سیاسی نەتەوەیی بلاو دەکردەوە.. من لێرەدا مەبەسمە ئەو هەڵبەستە سیاسیانە بخەمە بەر دەست کە دەوری ئافرتی تێدا دیاری کرداوە، هەرە بەناوبانگەکەی:

تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میلەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لەهەڵمەتا

بۆ شیکردنەوەی ئەم هەڵبەستەو بەتایبەتی ئەم دێڕە، دووڕای لێک جیا هەن. نووسەرە نەتەوەییەکان بۆ ئەوە دەچن کە باسی ئەو خۆنیشادانە مەزنە دەکا، خەڵکی سلیمانی کردیان، (دژی حکومەتی شا) کە چوار ئەفسەرە کوردەکە لە سێدارە دران ومەیتی دووانیان هێنرایەوە شار.. ئەدیب و نووسەرە چەپڕەوەکان دەڵێن: مەبەسی خۆنیشاندانە گەورەکەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٨ە کە لەسەر پردەکەی بەغدا دەستدرێژی لە ژن وپیاوکرا.. من .. لەگەڵ ڕای یەکەمم، چونکە باسی نەورۆزی کوردە، نەک یادێکی عێراقی..

لەو دێرانەی بۆ ئەم مەسە بەرچاوم کەوتوون ئەم دێڕەیە، کە کوڕو کچ دەکاتە قوربانی:

مەڕ سەربڕینە قۆچی قوربانە
قوربانی ئێمە، کچ و کوڕمانە

## ئافرەت وەک ڕەمز وتەشبیە

لە سیما دیارەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی، هاوچوون وهاوشێوەیە کە لە عەرەبیدا بە (تشبە) ناوی دەبەن. ڕووی خۆشەویست ودۆستانی شاعیر دەبنە مانگو ڕۆژ، چاو بە ئەستێرە، باڵای مەحبووبە بە چنارو عەرعەر، پەنجەی دڵدار بە شمشاڵ، ئەبرۆ بە هیلال، لێو بە قەیتان، فرمێسکی چاوی عاشق بە کانی.. دەیەها تەشبیهی‌تر. پیرەمێردیش لە دنیای هەڵبەستی خۆیدا پەیڕەوی‌کردووەو لێیان دوورنەکەوتۆتەوە. بڕوانە چۆن مەمکی ئافرەتەکە دەشبهێنێ:

دوو (سێو)ی تازەی تیا دانراوە
لە کردەوەی خوا سەرم سووڕماوە

یان ڕووی خۆشەویستەکەی دەکاتە هاوشێوەی ڕۆژو مانگ و دەڵێ:



هەواڵنامەی کێبڕ

بەرۆژ ئەگریجە رووی داپۆشی، هاوارە کە رۆژگیرا
بەشەو رووی دەرکەوێ، مژدەئەدەن واجەژنە، مانگ بینرا

بەڵام لێرەیا مەبەسم ئەمانە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەمەوێ باسی ئەو هەڵبەستانەی بکەم کە شتیتری بە ئافرەت شوبهاندووە یان ژنی کردۆتە (رەمز)ی ئەوانیتر.. وەک:

ئەم نیشتمانە دایکە ئەبێ خزمەتی بکەین
رزگاری کەین، لەژێر دەستی زۆردار، بەماڵ وسەر

لێرە دایک بۆتە رەمزێ کە دەبێ پارێزرێ ولەدەستی زۆردار ئازادکرێ، کە مەبەسی نیشتمانەکەیەتی. یان لە گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان دەڵێ:

ئەوا رووم کردۆتە تۆ، ئەی دایکی موشفیق بیست وپێنج ساڵە
لـە غـوربـەتـدا، بـە یـادی تۆ دەژیم، خوا شاهیدی حاڵە

دەبا سەیری ئەم دێرەش بکەین:

بەیانی بوو لەخەو هەستام کە روانیم بەفرە باریوە
سلێمانی، ئەڵێی (بەلقیسە) تارای زیوی پۆشیوە

بەفری سلێمانی کردۆتە تارای زیوی سەر رووی (بەلقیس) یان تەشبیهی دەکا بە بووک ودەڵێ:

دەشت وکێو بەگوڵ، وەک بووک خەملیووە
بـەرگـی بـووکێنی، تـازە پۆشیووە

لە کۆتایی ئەم کورتە باسەدا دەتوانین بڵێین کە پیرەمێردی شاعیر وەک مرۆڤێکی پێشکەوتووخوازی رووناکبیر لەگەڵ ئازادی وسەربەستی ئافرەتدا بووە بەنووسین بەکردەوە

چی بۆکرابێ کردوویەتی، ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی زانیاری وبۆچوونی خۆی وژیانی ئەستەنبووڵ..

لەندەن
٢٠٠٠/٨/٨

## سەرچاوەکان


- دیوانی پیرەمێرد / بەرگی یەکەم / چاپخانەی زەمان / بەغدا ١٩٩٠
- چەند سەرنجێک لە پیرەمێردی شاعیر/ فەرەیدون عەلی ئەمین/ چاپخانەی ئیرشاد/بەغدا/١٩٧١
- شیعرو ئەدەبیاتی کورد/ رەفیق حیلمی / ١٩٤١
- مێژوی ئەدەبی کوردی/ علاءالدین سجادی/ ١٩٥٢


هەواڵنامەی کتێب

## سەرنج وداوای لێبوردن

له ژماره پێنجی (باسکار)دا چەند هەڵەیەکی چاپ ڕوویداوه، هەندێکیان بۆ سەلیقەی خوێنەری بەڕێز جێدێڵین وئەوەی گرنگیشه:

× ١- ناونیشانی باسەکەی کاک ئازاد قەزاز ووشەی (ناکام) بۆته ( ئاکام) که بەجارێک مەبەستەکەی گۆڕیوه، واته ڕاستی ناونیشانەکه بریتییه له:

**خوێندنەوەیەک بە ناکام کردنی پرۆژەی ژیاری**

**تەیرانی ئیسلامییەکان**

٢- یەکەم ووشەی دێڕی پێنجەمی باسەکه (ئیدولۆژیا)یه، نەک (ئەبستۆلوژیا).

× له نووسینەکەی کاک (صه باحی غالیب)یشدا زیاد له لاپەڕەیەک پەڕیوه، بۆیه ناچار، لەم ژمارەیەدا ووتارەکەی دووباره دەبێتەوه..

داوای لێبوردن له هەردوو برای نووسەر وخوێنەرانی بەڕێز دەکەم لەو سێ هەڵەیەو له سەرجەم هەڵەکانی تریش.

**پیتچنی هەردوو ژمارەی ٥ و٦ی "باسکار"**

صەباحی غالیب

# ڕووناکبیرو دەسەڵات .. تێڕوانینێکی گشتی

لەبارودۆخی ئێستای کوردستاندا بەگشتی، نەمانی جەنگی سارد و هەرەسی سەربازگەی سۆسیالیستی مارکسییەت، هەروەها ئەنجامەکانی جەنگی دووەمی کەنداو و پێشکەوتنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سەرهەڵدانەوەی بیری مرۆڤدۆستانە، لە پاڵ ئەوانەدا خەبات وقوربانی سەرتاسەری بەشەکانی کوردستان، هۆکارەکانی ڕەخساندن وخۆشکردنی جۆرە زەمینەیەکی گۆڕانکاریی بەرەو پێشەوە بوون.

لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان، لەچاو مێژووی پێشینی کوردەوە، مەسەلەکەی بەگوڕ بۆ بەرەوە دەچێ. ئەوی ڕاستی بێ هێندەی ئەوە لەناوخۆدا، گەشی پێوە نابینرێ. نەك هەرئەوە، بەڵکو باری ناوخۆ قورساییەکی خراپی بۆ بزاڤی کورد لەسەر ئاستی دیپلۆماسییەت و دەرەوەدا دروستکردووە، لە زۆر جاراندا، پاشەکشەو دوودڵییە بۆ دۆستەکانمان و مرۆڤدۆستان. مەترسی و ناخۆشی لەوەدایە کە سیاسەتی حیزبایەتی و پێوەندی لەگەڵ داگیرکەران، گێژاوێکی وایان پێکهێناوە، خەریکە ڕێ لە ڕووناکی دەگرێ ودەروازەی "کەم کراوەی ئازادی" پێوە دەداتەوە.

خوارووی کوردستان، لە بەشە داگیرکراوەکانی دیکە، هەل ومەرجی جودایە، بەشێک لە خواروو کە تۆزێک لە نیوەی کەمترە تا ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی بەغدای داگیرکەردایە، ئەو

باسکار/ژمارە٦/٢٠٠١

ناوچانەن کە لە ڕووی ئابووری و داهاتی نەوتەوە، لە دەوڵەمەندیدا بە بەشەکەی کە بە "ئازادکراو" ناودەبرێ بەراوردناکرێ.

**کاتی خۆی کە "ناوچەی ئارام" دروستکرا لەلایەن ئەمەریکا وبەریتانیا و بە هاوکاری فەرەنسا، سەرووی هێڵی ٣٦ کرایە بنچینە، لێرەدا یەک دوو پرسیار دێنە گۆڕێ، ئەو دەوڵەتانە بۆ هێڵی ٣٦ یان نیشانەکرد؟ کە خوارووی کوردستان دەکاتە دوو پارچەوە ! بەوە کێشەیەکی گەورەتر بۆ کورد دروستبووە، ئەگەر بەشەکەی ژێر دەسەلاتی کورد، ڕۆژێک بێتە دەوڵەتێکی بێ هێزی ئابووری، دوژمنایەتی لەگەڵ عێراقدا بۆ وەدەستهێنانەوەی بەشە داگیرکراوەکەی ژێر دەسەلاتی، لە ئێستاوە درێژەی هەیە. لەلایەکی دیکەوە ئایا ڕۆڵی سەرانی سیاسەتمەداری چەکداری کورد لەو سەودایەدا چ بووە؟ ئەگەرچی من هیچ بەڵگەیەکی بنبڕی وام لەبەر دەستدا نیە، بەلام قەناعەتم وایە، دیاریکردنی هێڵی ٣٦ ڕەزامەندی ئەوانیشی لەسەر بووە، چ داخوازییەکی واشیان نەکردووە کە "ناوچەی ئارام" هەموو بەشە داگیرکراوەکەی کوردستانی بن دەستی عێراق بگرێتەوە!**

دەستەی هێزی چەکدارە سیاسییەکان، لە پێکهێنان ودروستکردنی باری خوارووی کوردستان لە دوای جەنگی دووەمی کەنداو ڕۆڵی بەرچاو وڕاستەوخۆیان نەبووە، ئەوان هاتنە سەر خوانی میللەت، بەلام لە دەستبەسەردا گرتندا، پێشدەستیان کرد. لەکاتی وادا کە بەرنامەو تەبایی وبەرەیەکی ڕاستەقینەی میللی نەبێ، ئاسان نیە، کاروبار بەرێک وپێکی بەڕێوە بچێ. بۆیە دوای هەڵبژاردنێکی بەپەلەو بێ شارەزایی پێشەکی وبێ بوونی نیازی خاوێن لە نێوانیاندا لە پارتی ویەکێتیدا ... وایکرد: دوای کشانەوەی لەشکری داگیرکەری عێراق لە ناوچەکانی شارەکانی دهۆک وهەولێرو سلێمانی، جگە لە دەستەلاتگرتنە دەست وشەڕی کوردکوژی! ڕۆڵێکی کاریگەری بابەتانە لە ژیانی کوردەواریدا نابینین ...

**ئەوە قسەی ناوێ، کە هەنگاوی یەکەمی ئازادی، نەمانی داگیرکردنە، بەبێ هەنگاوی دووەم کە نەمانی چەوساندنەوەو ئازارەو پیادەکردنی مافی هاونیشتمانییە لە یەکسانی و ئازادی بیروباوەڕ و گەشەکردنی ئابووری وکۆمەلایەتی وڕووناکبیری وتەندروستی وپەروەردە. ئازادی تەواو پیادە ناکرێ. لەوە ناچێ هێزە سیاسییە چەکدارەکان لە سەرەتادا نە تاک تاکەو نە لەبەرەی هەڵوەشاوەی کوردستاندا نەخشەی حکومەتێکی ناوچەیی نیمچە سەربەخۆیی خوارووی کوردستانیان هەبووبێ، ئێستاش نیانە! هۆی دووەم پێدەچێ لەبەر ئەوە بووبێ کە بارو دۆخی دوای کشانەوەی دەزگاو دوکانی بەغدای داگیرکەریان چاوەڕوان نەکردبێ.**

خۆ ئەگەر تەماشای چالاکی ڕووناکبیریی بکەین، بارەکەی لە هی حیزبەکان چێترو باشتر نەبووەو نییە، هەر لە سەرەتادا ئەوە ئاشکرایە کە بزووتنەوەیەکی تەواوی خاوەن "بەرنامە" لەناو ڕۆشنبیراندا نییە.

مەبەست لە "بەرنامە" دارشتنی تێگەیشتنێکی ڕووناکبیرانەیە سەبارەت هێڵە گشتییە سەرەکییەکانی باری ناوخۆو دەرەوەی بزوتنەوەی کوردایەتی، ئەدەبیات ورووناکبیریی کوردی جارێ وایان لێنەهاتووە "بیر" ببێتە بناغەیان، لە هەڵچوونی سۆزو تووڕەبوون و پێدا هەڵدان خۆیان ڕزگار بکەن. لە ئەنجامیشدا ببێتە بزوتنەوەیەکی هوشیارکردنەوەی بنەڕەتی و زەمینە خۆشکەر بۆ بزوتنەوەی سیاسی، ئەمن وادەزانم: **بزوتنەوەی سیاسی میللەتی داگیرکراو، بێ هێڵی تەریبی بزوتنەوەی ڕوناکبیریی، بە کامڵی بە ئامانج ناگا، هاوکات قوربانی زۆرتر دەکا، ماوەکەشی لە درێژە نایەت.** لەم ڕووەوە لە بزوتنەوەی کوردایەتی خۆی، بەڵگەی گەورەتر پێویست ناکا.

**لە بەشێک لە خوارووی کوردستاندا، کاربەدەست وبەڕێوەبەر، هێزی سیاسی چەکداری کوردن، لەبەر ئەوەی بەڕێوەبردنەکە، شێوەیکارگێڕیتی قەوارەی سیاسی بەر بلاوی میللی و نیشتمانی وەرنەگرتووە، "دەسەلاتەکان" لە دەزگای حیزبایەتی ومیلیشیاییدا خۆیان دەنوێنن ... حیزبە دەسەلاتدارەکان گشتیان، لە هەموو دەنگێکی دلسۆزی نەیارو ڕەخنەیەکی شارەزایانەو بیرێکی هوشیار سل دەکەنەوە وهەلوێستێکی توند وەردەگرن.**

لە مەیدانەکانی ژیانی کوردەواریدا، پێوەندیەکی ناجۆرو بگرەوبەردەیەکی شاراوە لە نێوان سیاسەتمەدارو ڕووناکبیردایە! لە هەر کات و جێگەیەکدا جۆری پێوەندی نێوان ئەو دوو لایەنە کاریگەرییەکی تەواوی هەیە بۆ سەر بەڕێوەبردنی کارگێڕی ورێکخستنی دەزگاکانی دەولەت و نەتەوەو بەدیهێنانی ئەرکە مێژووییەکان، لە پێش هەموویانەوە دەستاو دەستکردنی دەسەلات ودامەزراندنی کەشی ئازادی وهێنانە کایەوەی دیموکراسییەت وپاراستنی مافی مرۆڤ و پەیرەوکردنی دادی کۆمەلایەتی.

**لە پێکهێنانی پێوەندی سیاسەتمەدارو ڕوناکبیردا، هەردوو لایەنەکە بەر پرسیارێتی مێژوویی و کۆمەلایەتی و ڕووناکبیریی بەئەستۆ وەردەگرن، بەلام لەبەر ئەوەی ڕۆلی بەڕێوەبردنی خەلک یا گەل و نەتەوە ڕاستەو خۆ لە گەردنی سیاسەتمەدار دایە، ڕەوا نییە قورسایی بەرپرسیارێتی هێندەی ئەو بخرێتە سەر شانی ڕووناکبیر، بە پێچەوانەوە، مەیدان خۆشکردن بۆ نواندنی "چالاکی ڕووناکبیر" بەندە بە تێگیشتن وعەقل وکردەوەی ڕۆژانەی سیاسەتمەدارەوە. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە ڕووناکبیر چاوەڕوانی سیاسەتمەدار بکا، فەرمووی**

**لێبکا! مەبەست ئەوەیە سیاسەتمەدار لە ڕۆڵی بایەخداری ڕووناکبیر تێبگات و نەبێتە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم هەوڵ و کۆششی ڕووناکبیری وسیاسی و کۆمەلایەتییەکانیدا.**

لە هەل ومەرجی ئەمڕۆی سیاسەتدا، هی ناوچەیی یان نێودەولەتی، بوارەکانی بەڕێوەبردن هێند فراوان وئالۆز وسەخت بوون، سیاسەتمەداری سەرکەوتوو بێ هاوکاری ئەهلی زانست وبیرو باس و لێکۆلینەوە ناتوانن بەسەرکەوتوویی و بە ژیربێژانە کار بەڕێوەبەرن.

لەم ڕووەوە، ئەوە ناگەیەنێ، ڕووناکبیر بکرێتە کارمەند ولە یەکێک لە وەزارەتخانەکاندا ئیش بکا. بۆ ئەوەی بتوانێ خزمەتێک پێشکەش بکا، سازدانی دەزگای ڕاوێژکاری ولێکۆلینەوەو ئاکادیمیاو بلاوکردنەوەو دیالۆگ وکۆڕو میهرەجان ورۆژنامەنووسی وڕادیۆ و تەلەفزیۆن، بوارەکانی شارەزایی ئەون.

## سیاسەتمەدار چی لە ڕووناکبیر دەوێ:

یەکێک لە هۆکارەکانی خۆشکردنی پێوەندی سیاسەت وڕووناکبیریی ئەوەیە نێوانی سیاسەتمەدارو ڕووناکبیر لەسەر بناغەی تێگەیشتن بێ. هەر یەکە سنوورو چالاکی و دەسەلاتی خۆی بزانێ و باوەڕیشی پێ بێ.

**من وادەزانم سیاسەت لە "ڕووبەرێکی جوگرافیا" دەچێ وەک ئەوەی "چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژی" بێ، لە زەمینی جوگرافیادا هەموو ژیانی تێدا کۆدەبێتەوە، ئاوو هەواو خاک ومرۆڤی جوداوازی بیرو بەتوانست وکارگەر، بەهاوکاری وتێکەلاوی گشت لایەنە دەتوانێ پیت و فەڕی پێشکەوتن وخۆشی تووبکرێ نەک بە یەک بیروباوەڕو بە پێداگرتن و سووربوون لەسەر هەلە.**

وەختێک سیاسەت کرایە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیا، مەترسی گەورە پەیدا دەبێ، دەولەت بە حیزبەوە دەبەسترێتەوە، پێوانەی دلسۆزی وکارامەیی خەلک، حیزب خۆی دەبێ. ئەمانە لە فیکری سیاسی حیزبدا بوونەتە واقعێکی تال...ڕووناکبیرێک کە قەناعەتی بە ڕۆلی خزمەتگوزاری و هوشیاری کۆمەلایەتی هەبێ دەیاندانە دواوە...لەوە ترسناکتر ئەوەیە حیزب بکرێتە ئامانج ولە پێناویدا قوربانی بە سەروەری نەتەوە بدرێ. ڕووناکبیر ناچار دەبێ قبوولی بکا چونکە بەلای ئەمەوە هۆو کەرەسەیە بۆ تێکوشان وهێنانەدی ئامانجەکانی گەل ونەتەوە، "حیزب" هەر ئەوەندە بایەخی هەیە لە "سنووری هۆ" دەرنەچێ.

**لایەنێکی دیکەی سیاسەتمەدار تاپۆی کردووە "ڕاگەیاندن"ەو دەزگاکانی بەهەموو شێوەیەک لە خزمەتی "حیزب" دایە، لە کاتێکدا ڕاگەیاندنی گشتی لە ڕوانگەی ڕووناکبیرەوە مولکی نەتەوەیە، گەشترین ڕووی دیموکراسی لە هەر کوێیەک بێ ئازادی**

ڕاگەیاندنە، ئەنجام چۆنێتی ودادپەروەری وجوانخوازی وئامادەکردنی مرۆڤە نەک چەندێتی و بەربلاوی هۆیەکانی ڕاگەیاندن.

میللەتی کورد سێ دامەزراوەی تەلەفزیۆنی جیهانی هەیە جگە لەوەی زۆر لە پرۆگرامەکانیان پەلەو هەڵەشەیی ونەشارەزاییان پێوە دیارە، زمانەکانیشیان، زمانی کوردی پەتی بۆ دواوە دەبەنەوە، لە گەلەک جاردا مایەی کەسەری دڵ ودەروون تێکشکان وبلاوکردنەوەی قسەی بازاڕی وهەرزەکارین. هەواڵەکانیشیان، سەرجەم هەواڵی نەمرکردنی "حیزب" وسەرکردەکانیانن ومنەتکردنە بەسەر کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا. کارێک بەو شێوە بەڕێوە بچێ، چۆن دەکرێ چاوەڕوانبکرێ ڕووناکبیر لێی بێدەنگ بێ وچۆن دەگونجێ ڕووناکبیر ببێتە ئامڕازی ئاوڕدانەوە لە حیزب ولانەکردنەوە لە جەماوەری ڕەش وڕووت.

یەکەمین پەیامی ڕووناکبیر نەهێشتنی زاڵبوونی ئایدۆلۆژیای تاکڕەوییە، فراوانکردن ودابینکردنی پێویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤە کە ئەویش چرا داگیرسانە لە مێشک و بیری هەموو یەکێکدا و بەگەڕخستنی زانست و بیرو شارەزاییە لە پێناوی کۆمەڵ و دەولەتدا.

دژوارییەکی تەواو لە هەڵسەنگاندنی و مانای هاونیشتمانی و ئەندامی حیزبدا لە نێوان سیاسەتمەدارو ڕووناکبیردا هەیە.

هێزە سیاسییە چەکدارەکانی کورد مانای هاونیشتمانی بەرامبەر ئەندامی حیزب ڕادەگرن، واتا ئەوەی ئەندامی ئەوان نەبێت بەچاوی گومان و دوو دڵییەوە تەماشای دەکەن. بەلام ڕووناکبیر لە بۆچوونی چالاکی کۆمەلایەتی و کەلکی گشتییەوە بۆ هاونیشتمانی یا تاک دەڕوانێ، واش بە پێویستی دەزانێ کە هاونیشتمانی دەبێ لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە ئەندامێتی تەواوی لە ناو کۆمەڵدا هەبێ، بە پێی توانست هاوبەشی کارەکانی بکا، بەمانایەکی دیکە تێڕوانینی یەکسانی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا مەرجە پیادەبکرێ و هەرگیز بوونی سەر بەم حیزب یا ئەو حیزب وا نەکا جوداوازی نادروست بخاتە ناو کۆمەڵەوە.

ڕووناکبیر باوەڕی بە بیرەوەری وکەلک وەرگرتنی تاقیکردنەوەکانی مێژووی ناوخۆو دەرەوە هەیە. میللەتێک نەتوانێ ئازارەکانی لە بیربێ وجەللادەکانی لەبیربچێتەوە، ئەستەمە خۆی کۆبکاتەوە.

زۆرانبازی سوونەتێکی گەورەو سروشتی ژیانەو مافی گشت تاک و کۆمەڵ و دەستەو پارتێکی سیاسییە، بەلام لە سنووری ڕەوشت بەرزی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کورددا کە لە سەر بناغەکانی ویژدان و دادو ڕاستی و دەستوورو یاساو زانست قەلابکرێ.

لە بەرامبەر ڕووناکبیری و مرۆڤایەتیدا، ڕووناکبیری حیزبایەتی دروستبووە. کە ئەمەی دووەم بە شێوەی بێ سنوور بێت و ببێتە ئامانج، لە نێو هەر میللەتێکدا بێ دەبێتە مایەی

قەیران و سەرگەردانی کۆمەڵایەتی، سنوورەکەشی لە دەسەڵاتی ڕێکخستنی حیزب و ئایدۆلۆژیا سەردەکاو هۆکاری چەک و ئابووریشی تێکەڵ دەبێ، بەوەی هەڕەشەو لە خشتەبردن لە ڕووی خەڵکیدا بەکار دەبرێ ... ڕووناکبیر هەرگیز ناتوانێ تەنگ هەڵچنین بە لایەنگرانی یەکێتی لە ژێر ناوچەی دەسەڵاتی پارتی و بە لایەنگرانی پارتی لە ژێر ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتیدا قبوڵبکاو بیانووی بۆ بهێنێتەوە، لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، ڕەوا نییە زۆرانبازی نێوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە، پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکە ببێتە دڵڕەنجدان و ململانێی چەکداری.

کاری ئاوا حیزبێک، هەر حیزبێک، ڕاوی هەوادارانی لایەنەکانی دیکە بکا، سەرچاوەکەی بیری نابەرژەوەندی و ناجۆرو ناپەسەندە، بە پێوانەی بیری نەتەوەیی و ئایینی و مرۆڤدۆستی دەدرێتە دواوە.

## ڕووناکبیر چی لە سیاسەتمەدار دەوێ:

دەیەوێ لە سیاسەتمەداری بگەیەنێ، مەیدانی کارو پیشەی ئەو، چوار چێوەی هەیە، مەسەلە گشتی و ستراتیژییەکان هێند گەورەو فراوان و مەترسیدارن، بەکاری بەتەنێی ئەو نازانرێ، بۆ ئەو مەبەستە مەرجە دەسەڵاتی سیاسەتمەدار بە دەستوور دیاری بکرێ. ناکرێ سیاسەتمەدار گشت شتێک بۆخۆی داگیر بکاو ببێتە تاکە بڕیاردەر، وابزانێ خۆی بەرپرسیاری پێشکەوتن و ڕاپەڕین و بزوێنەری کۆڕو کومەڵە ... بەڕێوەبردنی کۆمەڵ، بەڕێوەبردنێکی هاوکارییە و کاری بەرپرسیاری کۆمەڵە.

لەدەستدابوونی دەسەڵات، مانای بەکارهێنانی نییە، لە دەوڵەتانی دیموکراسیدا، باوەڕناکەم لە شەرعییەتی دەسەڵات و شەرعییەتی بەکارهێنانیدا، سیاسەتمەدار بتوانێ یا بیەوێ بێ سڵەمینەوەو هەزارو یەک جار بیرکردنەوە، هەموو دەستەڵاتە شەرعییەکانی بەکاربهێنێ، زۆر بڕیار، پێویستی بە هاوبەشی زۆرترین کەس هەیە، جاری واشە دەبێ پرسی گشتی سازبکرێ بۆ ئەوەی کارێک یا بڕیارێک ئەنجام بدرێ.

ڕەخنە لێگرتن، بناغەی بەردەوامی ڕێڕەوی ڕاست وکەمکردنەوەی هەڵەکانە، بە گەڕخستنی بزووتنەوەی ڕەخنەگری وقبوڵکردنی وخۆڕاستکردنەوە، هاندەری کاری چاکەن.

سیاسەتمەدار وەک بەرپرسێکی گەورە، لەکاروباری ڕۆژانەیدا لە ویستەوە یا لەبێ ئاگاییەوە، دەشێ بکەوێتە هەڵەو چەوتییەوە، لەوەش هەورازتر ڕەنگە تاوان بکا و زیانی بۆ مەسەلە گشتی و ستراتیژییەکان هەبێ: دابەشکردنی خوارووی کوردستان و شەڕی براکوژی، بڕیاری شەڕی دەرەوە لە نەشارەزایی و چەوتییەوە، پارە بە فیڕۆدان و تاپۆکردنی، پەردە

هەڵدانەوە لەسەر نهێنییەکان، دامالینی تایبەتمەندی و نهێنی هێزی سیاسی دیکە بۆ داگیرکەران و دوژمنان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، دوورخستنەوەی ئافرەت لە مەیدانە گشتی و تایبەتییەکانی پێوەندی بە خۆیانەوە، نەگونجانی بەرنامەی پەروەردەو گۆشکردن، دامەزراندنی میلیشیاو هێزی چەکداری تایبەت بە سیاسەتمەدار، لە بەرچاونەگرتنی هەل و مەرجی خوارووی کوردستان لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستان یا هەر هێزێکی سیاسی چەکداری کورد ... ئەوانە پاکیان تاوانی گەورەن، بێ حسێب وکتێب ناکرێ وەک بەرزەکی بانان هەر سەرکارو سەرگەورەبن. کێ بەرپرسیاربێ دەبێ سزای خۆی وەربگرێ و بەپێی قورسایی تاوانەکە، تاوانباربکرێ، کە پێویست بێ، مەرجە لە سیاسەت دوور بخرێتەوەو شەرەفی کۆمەلایەتی و پیرۆزی لێ بستێنرێتەوە. ئەگەر بەتەنگ خۆمان و پاشە ڕۆژەوە بین، دامەزراندنی دادگای بەند بۆ تەماشاکردنی ئەو مەسەلانە پێویستییەکی نەتەوەیی و شارستانی و پێشکەوتنە، دیموکراسییەت ناتوانرێ پیادە بکرێ، ئەگەر هاونیشتمانی نەتوانێ شکات لە سیاسەتمەدار بکا، دادگاش نەبێ سزای بدا!.

قۆناغی ئێستای خوارووی کوردستان، قۆناغی گواستنەوەیە، هەموو دیاردەکانی سەردەمی داگیرکردن و ژێردەستەیی بزر نەبوون، دیاردە خۆمالی و ئاسوودەیی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و مافی هاونیشتمانی وەک پێویست و بە ئاسایی پیادە نەکراون ... خەوشی گەورە ئەوەیە سیاسەتمەدار وا دەزانێ هەنگوینی شەمەتلینکەی بۆ هێناوین، ڕووناکبیریش پێی وایە خەونەکانی نەهاتوونە دی. دیاردەی هەڵەیەکی دیکەی گەورەی سیاسەتمەدار ئەوەیە کە وا بیردەکاتەوە دەسەلاتی سیاسی پێوانەی بزوتنەوەی کۆمەلایەتی و ئابووری و ڕووناکبیرییە. لێرەدا لێکترازان لە نێوان ڕووناکبیران وسیاسەتمەداراندا پەیدا دەبێ. لاوازەکان بەهەر بیانوویەک بێ دەبنە پاشکۆی دەسەلات. هاوکات ڕووناکبیری ڕاستەقینە نابێتە فەرمانبەری حیزب و سیاسەتمەدار، هەر وەک چۆن هەر مەلایەک نانی لەسەر سفرەی ئەوقاف خوارد بەشێک لە مەلایەتییەکەی دەدۆڕێ، چونکە هەردووکیان مەلاو ڕووناکبیر پێویستە نانی ڕەنجی خۆیان بخۆن و لەسەر خوانی کەس نەبن، گیرفانیشیان بەرات و بەخششی دەسەلاتی تێنەچێ. بە هیچ شێوەیەک ناکرێ ڕووناکبیر ببێتە بەشێک لە ڕژێمی سیاسی و سیستەمی دەسەلات، جا ئەو ڕژێم و سیستەمە هەرچییە کێ دەبێ بابێ.

خالێکی دیکەی دلنیایی لە نێوان ڕووناکبیرو سیاسەتمەداردا ئەوەیە کە بە مێشک و عەقل و ڕووی سیاسەتمەداردا ڕابگەیەنرێ کە ڕووناکبیر نایەوێ جێگەی سیاسەتمەدار بگرێتەوە. بە کورتی و بە کرمانجی کاری ڕووناکبیر بواری بیر و ڕامان و لێکدانەوەیەو

گەڕانە بەدوای دادو خۆشی و ڕاستیدا بۆخەڵک پێش خۆی، کەرەسەی کارەکانیشی نووسین و بانگدان و کۆڕو مەیدانەکانە.

## زۆرانبازی و پەیوەندی سیاسەتمەدار و ڕووناکبیر:

لەمەوبەر ڕەوایی زۆرانبازی بۆ مەبەستی بەرژەوەندی و پێشکەوتنمان ڕاگەیاند، لێرەدا پتر گرنگی پێدەدەین و لەسەری دەڕۆین.

بەلای ڕووناکبیرەوە زۆرانبازی و تێکۆشان و ڕەنجدان لە بوارەکانی بیرو کردەوەدا دینامیتکییەتی بەردەوامی و تازەبوونەوەو چوونە پێشەوەیە، وەک ووترا مەرج ئەوەیە لە سنووری ڕەوشت و پاراستنی بەها کۆمەڵایەتییەکانی تاک و کۆمەڵدا بێ.

قورئان دەفەرموێ " وَتِلْكَ الأيامُ نُداوِلُها بين الناس "، ئەو فەرمایشتە ڕامان دەکێشێ بۆ تێگەیشتن لە مێژووی ژیان و شارستانییەت و مرۆڤایەتی، ڕۆژان ڕۆژیان لە دوایە، گەورەیی و بچووکی، دەسەلات و بێ دەسەلاتی، هەژاری و دارایی، دەوڵەتان و بێ دەوڵەتان، بن دەست و سەردەست، کۆڕوکۆمەڵ هەمووی، بە پێی تێکۆشانی بیرو کردەوە لە مانەوەو نەماندان، دەستاو دەستکردنی دەسەلات و دارایی و جوداوازی بیرو باوەڕ، باوەڕبوون و ڕێزلێگرتنی دەسەلات و توانستی خەڵک، خۆناسین و تێگەیشتن لە دەوروبەر و عەقڵ پێشکاندنی کەرەسەی ململانێ پێویستن. دەبێ سیاسەتمەدارانی کورد لەوە بە ئاگابن بیانەوێ یا نەیانەوێ، زوو یا درەنگ، دەبێ بڕۆن، خۆ هیچ نەبێ دەرەقەتی مردن نایەن. سیاسەتمەدارانیش ئەوەیە نێوی چاک و کردەوەی جوامێرانە لە دوای خۆی بەجێبێڵێ و سەربەرزانە بەرەو ئەو دونیا ڕێ بکا.

زۆرانبازی نێو کورد بۆ جێگەگرتنەوەی ئەوی دیەو دووەم بیرو دەسەلات قبوڵ ناکا! بۆیە لە زۆرانبازی نێوخۆدا هیچ دەسەلات و مەزنییەک نیە، خوێنی بەناهەقی مرۆڤێک بهێنێ. لە ڕوانگەی گەورەیی و پیرۆزی مرۆڤەوە، پێکدادانی هێزە سیاسییە چەکدارەکانی کوردستان، کوشتنی تاکە یەک مرۆڤی کوردو خاپورکردنی بستە زەوییەکی کوردستان بەتاوان بۆیان حسێبە، بە "قانوونی تەجەنوونی" ڕووناکبیر بەتوندی دەدرێتە دواوە، جا لەو پرۆسەی تاوانەدا خۆبەخۆ هاوبەش بن یا هەر داگیرکەرێکی کوردستان. کە ئەمە ڕێبازی ڕووناکبیری کورد بێ، ئیدی پێویست ناکا بۆ هەر ڕووداوێکی دڵ تەزێن و تاوانکاری ناوخۆ، ڕووناکبیر "بەیانێک" دەربکا، ئەوە بەکێ دەکرێ! دەبێ ڕووناکبیر کاری نەمێنێ جگە لە تاوانبارکردنی ڕۆژانەی ئەم و ئەو.

زەقترین زۆرانبازی نێو کورد زۆرانبازی خۆکوژی و کورد کوژی، ئەوەی نێوان جەلالی و مەلاییە، لە ١٩٦٤ ەوە درێژەی هەیەو ماڵی کوردیان وەک نەتەوە کاولکردووەو هەشیان بەسەر هەموو ڕێکخستنە کوردییەکانی نێو نەتەوەی کورددا کردووە لە هەموو بەشە داگیرکراوەکانی کوردستاندا. بنەڕەتی زۆرانبازییەکە جێ لەقکردنە بە یەکدی بۆیە بۆتە ئاژاوە، هەڵبەت ئاژاوەش هیچ دەستوورێک نایگرێتەوە و سەری لێدەرناکرێ.

لە ململانێدا، هی ئاسایی و پەیامدارو بەبەرنامە هەل ومەرجی هەیە، لەوانەی زۆر پێویستە بەسەرنج وەر بگیرێن:

یەکەم: کات ـ ڕەگەزی کات و زوو بەئەنجامدان بۆ هەموو بوارەکانی ژیان، ماوەی بیرکردنەوەی بەڕاستییە، کات ـ موڵکی نەتەوەو تاکەکانە، هیچ شتێک نییە بە ئازادی نەتەوەیەکیشەوە بە بەردەوامی چل ساڵ کەمتر یا زیندەتر ئەوە بهێنێ ئەو ماوە دوورو درێژەی لە پێناودا بەخت بکرێ.

مەسەلەکە ئەوەیە کە دەرەقەت دێیت، فەرموو: ئەوە عەرد و ئەمە گەز. دەنا دەبێ ئامرازی بە ئاشتی و بەخۆشی پێکەوە ژیان بدۆزرێتەوە، یا دابەشکردنی دەسەلات و بەناچاری پێکەوە هەلکردن، لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە لە چەک بەکاربردن خۆ بپارێزن. بەداخەوە تەمەنی دووسێ وەچەی کورد لەو مەسەلە ناپیرۆزەدا بە فیڕۆچووە و مەسەلەی سەرەکی و چارەنووسی کورد سەرەتاتکێی نەماوە. لەو ماوە بەرینەدا چەندان جار هەل و مەرجی لەبار بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی نەتەوە، کراون بەقوربانی زۆرانبازیی ئاژاوە.

دووەم: قوربانی و زیان ـ ئەگەر لایەنەکانی زۆرانبازی وا بیانوو بهێننەوە کەمەبەستیان لە خەبات و تێکۆشانیان بۆ پێشکەوتن و گەشاوەیی ژیانە، ئەوا دەشێ تا بۆیان دەکرێ خۆ و لایەنی بەرامبەر لە قوربانی و زیان، تایبەت قوربانی گیان بپارێزن. ناشێ بۆ پاراستنی گەورەیی و مانەوەی سەرداریتی، قوربانی نەبڕانەوە بدرێ، دیارە پلەو پایەی سالاری مرۆڤ بەمەزنتر دەبینین.

لەو ماوە دوورو درێژەی زۆرانبازی نێوان یەک یەک ویەک ودوو، دوو دوو، سێ ویەک وئیدی لە نێوان گشت هێزە سیاسییە چەکدارەکاندا، جەماوەری کورد نەیانتوانیوە کۆتاییان پێبهێنێ، جگە لە تکاو دەست بە بەرپشتێنکردنداو رق وتووڕەیی چیدیکەی لەدەست نەهاتووە. سەران و زۆرداران دەبێ بیرێکی جیددی بکەنەوە، سنوورێک بۆ بەردەوامبوونی کوشتن و برین و زەبروزەنگ دابنێن، دیارە ناتوانن بە هیچ قەڵغان و پەچەو بیانوویەک تاوانی کورد کوژیی و کوردستان وێرانکردن پەردەپۆش بکەن. وەک هێزی ڕق و چەک، کەس لەوان کەڵەگاتر نییە، خۆیان نەتوانن کۆتایی پێبهێنن، خۆیان ویستی دڵسۆزییان

نەبێ، خۆیان ئامادەی تێگەیشتنی بارودۆخی کورد و مێژوو، کورد و ئێستا و کورد و دوا ڕۆژیان نەبێ، هەر هەوڵێک بدرێ مایە پووچییە!؟

سیاسەتمەداری کورد، پێویستی بە بیرکردنەوەی پەیامداری هەیە، پەیامی مرۆڤانەی کوردایەتی، پێویستی بە نەخشەی زانستی و فێربوون هەیە، نەخشەیەک وزانستێک کەبەرژەوەندی بەرزی نەتەوەی تێدابێ، گومان نەهێڵێتەوە بۆتاوان وڕاڕایی وساغ نەکردنەوەی مەسەلەکان. فێربوونێک کوردایەتی زاڵ بێ بەسەر حیزبایەتی و سەرکردایەتی و تاکایەتیدا. وانەبێ ئاسنی سارد کوتان، گاسنێکی لێ پەیدانابێ.

سیاسەتمەداری لێزان وسەرکەوتوو ناتوانێ دەستبەرداری هاوبەشی ڕووناکبیرانی ڕاستەقینە بێ، ئەوانەی هەوڵدەدەن کۆمەڵ بەرەو تازەکردنەوەو پێشکەوتن و سەرکەوتن و پارێزگاری مافەکانی مرۆڤ و ئازادی بیرو باوەڕو سەربەستی تەواوی دەستەو چینەکانی کۆمەڵ دەدەن.

پێوەندی سیاسەت و ڕووناکبیریی، مەیدانی چارەسەرکردنی دژوارییەکان و کێشەکان سازدەکا. لەناو ئێمەدا پێوەندی کۆمەلایەتی و پێوەندی حیزب بە کۆمەڵ و پێوەندی کاربەدەستان بە خەڵکەوە، دژواری بەرهەم هێنەرو کڕیار، دەبێ بەپێی بارو دۆخ لە چارەسەرکردن و گۆڕاندا بن.

ڕووناکبیریی بناغەی ڕاهێنان و ئامادەیی و تێگەیشتن دەخەملێنێ، بێ ئەوە کێشەکانی سیاسەت و ئابووری و کۆمەلایەتی لە بۆشاییدا دەمێننەوەو دژواری و ئاڵۆزییەکان درێژەیان دەبێ. لێرەدا دەبێ ئەوە بووەترێ و بنووسرێ کە هەرچی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد هەبوون بەدرێژایی مێژوو، بێ بەری بوون لە هۆکاری ڕووناکبیریی، لە ڕووی پەروەردەو دەروونی و فیکرییەوە مەیدانیان بۆ خۆش نەکرابوو ... بەردەوامی زۆرانبازی کورد کوژی لە گشت بەشەکانی کوردستاندا، یەکێک لە هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ بەدووری و کەنارخستنی ڕووناکبیریی.

خالی ستراتیژی پێوەندی سیاسەت و ڕووناکبیریی لەو پێوەندییەوە دەست پێدەکا کە هەوڵبدرێ قەوارەو دەزگای کارگێڕی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان توند و دامەزراو و نەلەقیو بن، واتا بنە ماڵی نەتەوە، زۆرانبازیش بەرێگەی شارستانیەت و ئاشتی بە ڕێوە بچێ. وەختێک حیزب توانی دەزگاکانی فەرمانڕەوایەتی بەخۆیەوە ببەستێتەوە، ئیدی سەرجەمی مانای دڵسۆزی و هەراهەرای دیموکراسیەت و ئازادی دەپووکێنەوە.

ڕووناکبیریی لە بەرژەوەندی کۆمەڵ و مرۆڤایەتی و ڕێزو نرخی خەڵکەوە هەڵوێست وەردەگرێ، بۆ ئەوە هەوڵدەدا کۆمەڵ بە بەردەوامی لە بەرهەمهێنانی یەکێتی ڕۆحی و ماددی مەسەلە گەورەکاندا بێ. چاو دەبڕینە داهێنانی کۆمەڵێک دەستوورو ڕێکخستنی

پایەداری وا کە بناغەکانیان ئاین و ڕەوشتی بەرزی کۆمەڵایەتی و ژیرێژی و ویژدان و زانست و هونەرین.

لە زۆرانبازی کوورد ـ کورد دا هیچ یەکێک لەو بناغانەی تێدا نەبووەو نییە. سەرتاپێی کۆڵەکە پیرۆزەکانیان تێکشکاندووە.

هەر ڕووناکبیرێک دەیەوێ تێکەڵاوی سیاسەت بکا، دەبێ لە هەڵوێستی ناڕازی بوونەوە ئەنجامی بدا، هەمیشە بەدوای پرۆسیسەی پێشکەوتندا ویڵ بێ و بەردەوام پرسیاری کاریگەریێتی و لێهاتوویی و چاکێ ئەنجامدانی کارەکان بکا، بارو دۆخی نێوخۆیی و نێوچەیی و دەوڵەتی ئاگادار بێ، لەپێناوی وەدەستهێنانی گەشەکردن و ئاسوودەیی و پێشکەوتندا بەکاریان بهێنێ.

ژیان تەنێ برێتی نییە لە بەدوورکەوتنەوەی داگیرکەر، یان ئازادی سیاسی لە داگیرکەر بسێنرێ، لەگەڵ ئەوەدا گوزەران چاککردن و بەڕێوەبردن بە مانا فراوانییەکانیان کە بارەکانی ڕووناکبیریی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی و دەروونی و زانستی و سەربازی و... دەگرتەوە... با سیاسەتمەداری چەکدارانی کورد پرسیار لە خۆیان بکەن لەوەتەی خۆیان کردۆتە کاربەدەست ئاخۆ چ فەرو پیتێکیان بۆ ئەم نەتەوە ستەمدیدە هێناوە !!! بۆ ناتوانن چیدی خەڵک بە کوشت نەدەن و لەوە پتر دواڕۆژی کورد تاریکتر نەکەن!

## چ بکرێ بۆ چوونە پێشەوە:

بۆچوونە پێشەوەو بۆ گەیشتن بە ئامانج، پێویستە لە هەموو بوارەکانی بیری و ڕێکخستنەکاندا گۆڕانکاری بنەڕەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڕووناکبیریی و پەروەردەیی ڕووبدات وچاکسازی فراوان سازبکرێ. لەوانە:

١ـ تەماشاکردنی "حیزب" وەک "هۆکارێک" لە خەبات و فەرمانڕەوایەتیدا، چەسپاندنی بنەڕەتییەتی نەتەوە بەسەر حیزبدا.

٢ ـ ئازادی بیروباوەڕ دەربڕین و ڕۆژنامەنووسی و لایەنەکانی میدیا و ڕێکخستنیان و بەکاربردنیان لە پێناوی نەتەوەو حکومەتدا، حکومەتی خەڵک نەک حیزب.

٣ ـ باوەڕبوون بە دیموکراسیەت و کردنی بە پێوانەی کارگرتنە دەست، جێ چۆڵکردن بە دەنگدانی گشتی یا هەر کارێک زەرەرمەند بێ بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، واتا دروستکردنی کاربەدەستی نموونەیی لە ڕووی گیانی و ڕەوشت و دەروون بەرزی و شارەزاییەوە، کاری ڕێبەر و سەردارێکی دادپەروەرو لێهاتووی نموونەیی لە ناوی "قورئان" کەمتر نییە.

٤ ـ هەڵبژاردن بە شێوەی بازنەیی ئەنجام بدرێ، هەل ومەرجی یاسایی بۆدابنرێ و کەسایەتی شارەزایی سیاسی و کۆمەڵناسی و ئابووری و ڕەوشت بەرزی و بەیەکسانی بۆ گشت پاڵێوراوێنک بەڕاستی و دروستی لەبەرچاوبگیرێ. بەهیچ شێوەیەک نوێنەرایەتی ڕێژەیی "التمثیل النسبی" ڕەوا نیە، چونکە دەبێتە ڕێگری پێشکەوتن و گەشەکردن لەسەرجەم دامەزراوە سیاسی و دەستوورییەکاندا، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێتە تەگەرە لە بەردەم توانستە لێهاتویی و شارەزاکاندا.

٥ـ دوورکەوتنەوە لە دووڕوویی بەڕێوەبردن وحکومەتدا، ناکرێ مەسەلە دەستوورییەکان و مەسەلە حیزبییەکان پێکەوە بن، بێ جیاکردنەوەی ئەو دوانە بەرپرسیارێتی یاسایی لە حکومەت و لەناو کۆمەڵدا ناچەسپێ، حیزب دەبێتە داگیرکەرو میللەتیش دەبێتە دەست وپێوەندو خزمەتکار و کوێلەو چەوساوە.

٦ ـ دیاریکردنی مانگانەو پارەو پوولی هەرچی کاربەدەست و لێپرسراوان هەیە، لە ڕێگای داوو دەزگای ئابووری وبەرپرسیاری گشتی و لیژنەی پەرلەمانی و تایبەتییەوە ئەنجام بدرێ.

٧ـ ڕێز لە خۆگرتن و ددان بە خەڵکدا نانڵ، ڕووناکبیر دەبێ قەناعەتی چەسپاوی هەبێ و بەنهێنی و ئاشکرا لای دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵات ئازادبێ لە باوەڕو هەڵوێستدا، ڕێز لە قەناعەتی خۆی بگرێ و بە پێی کەش و هەوا نەگۆڕێ.

ڕووناکبیر جێبەجێکردنی چوونە پێشەوەی دەوێ و لە ڕێگای زانست و بیرو داهێنان و پەیداکردنی هۆش و ویژدانەوە دەتوانرێ کاری ئاسوودەیی و دروستکردنی دوارۆژێکی سەرفرازی بهێنرێتە دی. کۆمەڵگایەکی وا، سالارو سەرداری ڕاستەقینەی خزمەتگوزاری نەتەوەو خەڵک پەیدا بێن، نەک زۆردارو تەقینەری لە سەرو میللەتەوە.

بەلای منەوە، ڕێزو پاراستنی گەورەیی مرۆڤم لا مەبەستترو مەزنترە وەک لە دەسەلات و قەوارەی سیاسی. هەڵبەت دەسەلات و قەوارەی سیاسی هەرچییەک دەبێ با بێ، جا ناوی دەنێن دەسەلاتی ئیسلامی، نەتەوەیی یا هەر بەش و لایەنێکی عیلمانی، دەبێ بۆ خزمەت بە مرۆڤ و ڕاگرتنی گەورەیی مرۆڤ بن، بیروباوەڕو سیستەمی سیاسی و قەوارەی دەوڵەتان پاراستنی مافی مرۆڤ و خزمەتکردنێتی. تێکۆشان و هەوڵدان، چی گەردوون هەیە بێ بزەی شیرینی مرۆڤ و حەوانەوە و دڵنیایی و پاراستنی مرۆڤ، پووشێک ناهێنێ. پەیامی ڕووناکبیر بۆ ڕاهێنان و بارهێنانی گشت گەردوونە بۆ ئاشتی و سەرفرازی و خۆناسین و لە یەکدی گەیشتن و پێکەوە هەڵکردن...

**شازاد سائیب**

# وەلامی نامەیەك

پێمانخۆشبوو کە نەوەکانی "پیرەمێرد" ئامادەی ئەم میهرەجانە بن، بۆیە نامەیەکمان بۆ برای بەڕێز کاک "شازاد سائیب" نارد تا گەر بتوانێت ناونیشانیانمان بۆ بنێری و ئێمەش بەهۆیەوە بانگهێشتیان بکەین.. بە سوپاسەوە برای بەڕێز کاک شازاد، لە ١٥/٦/٢٠٠٠دا بە فاکسێک وەلامی داینەوە، ئێمەش دوای ئەوەی قایلبوونی خۆیمان بۆ بلاوکردنەوەی وەلامەکەی وەرگرت، وا لەخوارەوە دەقی فاکسەکەی بلاودەکەینەوە، پێویستە ئەوش بلێین کە ناونیشانەکانیش لە فاکسەکەدا نووسرابوون:

* * *

برای بەڕێزو بەنرخمان کاک سەباحی غالیب، سەلامتان لێ بێت وهیوام خۆشی وشادیتانە.

لەخوارەوە ناوو ئەدرەسی کوڕەزاکانی پیرەمێردت بۆ ئەنووسم بۆ ئەوەی خۆتان تەسەروف بکەن بۆ نامە ناردن و دەعوەت کردنیان، بەو بۆنەیەشەوە تێبینی خۆمتان بۆ ئەنووسم.

**یەکێکیان " Ergun Sav " ئەوەیە کە سی ساڵ دیپلۆمات بوە، جگە لەوە ئەدیبە وە کۆمەڵێک کتێبی هەیە کە چیرۆکی مەسرەح ئەنووسێت، کاتی خۆی بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کردوە، ئەو کاتە هێشتا سەفیر بوو لە دیوان، تێی گەیاندم کە دیتنی ئیحراجە بۆی و**

کە تەقاویت بوو حەز ئەکات بمبینێ، بەڵام نزاری غفور ئاغام نارد بۆ لای وە دیتی و دەعوەتیان بۆ یەکێ کرد وە جارێکیان شیرین ی کچیشم لەگەڵیان چوو بۆ ماڵیان، ئیتر بۆ موناسەبات کارتم بۆ ئەنارد بەڵام وەڵامی نەبوو وە پار وێنەیەکی هەردووکیانم بۆ ناردن بە منداڵی کە بە تورکی بە خەتی خۆیان بۆ باوکمیان ناردوە وە بە پیتی عەرەبیەکی نارێک نوسیبویان، کەچی هەر وەڵامیان نەبوو وە منیش ئیهمالم کردن.

ئەوی تریان ناوی "Atila Sav"ە کە دوا ئیشی ئەندامێکی چالاکی پەرلەمان بوو لە حیزبی (جمهوریەت خەلک پارتی) ئیشتراکی وحیزبی کۆنی ئەتاتورک، وە ئەم سەرۆکی لیژنەی قانونی پەرلەمان بوو بۆ تەحقیق لە مەسەلەی سوسورلوک کە سەبارەت بە پەیوەندی حکومەت و باندی مافیا دروست بوو، ئەوەبوو پار حیزبەکەیان بۆ یەکەم جار نیسبەتی قانونی نەهێنا و نەبۆوە بە نائیب، ئەمیش جارێک لە دەعوەتی سەفارەتێکدا دیم، وە قسەمان کرد وکارتی خۆی دامێ کە ئێستا مەکتەبی مەحاماتی هەیە، بەڵام ئیتر ئەمیشم ئیهمال کرد.

"ئەتیلا" مولیدی"١٩٣١/٥/١٩"ە، ژنی هەیە وکوڕێکی هەیە کە ناوی "ئایدن"ە ژنی هێناوە کچێکیشی هەیە بەناوی "ئوزدەن" کە شووی نەکردوە وە لە خارجیە کارمەندە. کەم ئینگلیزی ئەزانێت وە کچەکەی تەرجومەی بۆ ئەکات.

"ئەرگون" مەوالیدی ١٩٣٣/٤/١یە وە ژنی دوهەمیشی هێناوە، بەڵام منداڵی نیە وە ئێستا تەقاویتە و خەریکی چیرۆکە. باش ئینگلیزی ئەزانێت.

هەردوکیان کوڕی نەژادن، کە کاتی خۆی مودەعی عام بوە وە لەقەبی (ساف) بەواتای ئەوەیە وە لە میهنەکەوە وەریان گرتوە، هەردوو براکەیش لە ئەسڵدا حقوقین.

ئیتر بە باشیشم زانی ئەم مەعلوماتەی سەرەوەتان بۆ بنێرم، گەر ویستیشتان ئەتوانن نامەو دەعوەتەکەیان بەهۆی منەوە بۆ بنێرن وە من ئەیخەمە بەریدەوە، بەڵام باشتریشە ڕاستەوخۆ بە پۆستەدا بۆیان بنێرن، کە بە ئاسایی بە پێنج ڕۆژ ئەگات. ئیتر هیوام سەرکەوتنتانە.

براتان

شازاد

## وەڵامی برای بەڕێزو خۆشەویست
## مامۆستا "جەمال عەبدول"

برای خۆشەویست ومیهرەبان و بە ئەمەک
کاکە سەباحی غالیب
ڕۆژتان باش

پاش سڵاوو هەواڵپرسینێکی زۆری خۆتان وماڵ ومنداڵ، بە هیوام تەمەندرێژ وتەندروست وسەرکەوتوو بن، سڵاوو ڕێزی زۆرم بۆ هەمووان.

کاکە گیان

نامە بە نرخەکەتانم ڕۆژی ٨/١٨ پێگەیشت، وەک ئاگادارن، ناشوکری نەبێ لێرە کاروباری ڤیزەو هاتوچۆ، بە تایبەتی لە ڕێی هاوسێی خۆرهەڵات ودەستە ڕاستەوە!و بۆ لەندەنیش چەند ستەمە، ئەگینا پڕ بەدڵ حەزم ئەکرد و ئەکەم، کە چاوو ناخم بە دیدارتان ڕوون بوونایەتەوەو بەشداری میهرەجانە پیرۆزەکەتانم بکردایە، زۆر سوپاس بۆ بیرکەوتنەوەو بەسەرکردنەوەم، هیوای سەرکەوتن بۆ میهرەجانەکەتان ئەخوازم.

دڵسۆزتان
جەمال عەبدول
٢٠٠٠/٨/٢٠

BASKAR
6/2001

Magazine for Studies &
Research in Kurdish
6/2001

*Editor*
Sabah Ghalib

***One Year Subscription***
Europe £25,00
Others £35,00

***Address***
**BASKAR**
PO BOX 31239
London NW2 6FT
England

Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Biblioteket · Kurdish Library